
# رزگاری

ژمارە ٢
سالی یەکەم
یەك شەمە ٢٧ نیسان ١٩٦٩

گوفارێکی هەفتانەی گشتی یە

chalakmuhamad@gmail.com



# ڕزگاری

گۆڤارێکی هەفتانەی گشتی یە

خاوەنی ئیمتیاز :

نەوشیروان مستەفا

سەرنووسەر :

پارێزەر شازاد صائب

ناونیشان

سلێمانی - گۆڤاری ڕزگاری

تەلەفون ٤٧٤

ئابوونەی بەشداربوون

بۆ ساڵێک ٣/٥٠٠ دینار

بۆ شەش مانگ ١/٧٥٠ دینار

نرخی ٧٠ فلسە


## دەمەتەقێی بنەماڵەی ڕزگاری

★ ئەو کاتەی کە تازە هەواڵی ئەوە بڵاو بووبوو کە نیازی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکمان هەیە ، [illegible]

★ [illegible]

★ وا ئێستا بەکردەوە بۆمان دەرکەوت کە گۆمڵەکەی ئەو دۆستانەی بەدڵیاکی ئەیان ئەگوت لە خۆیشتی خۆیدا نەبوو ، وە ئەو باوەڕەی ئێمە بوومان تەواو بوو چونکە بەکردەوە بۆمان دەرکەوت کە لەڕووی نووسینەوە ئاوای ، ڕەوشەنبیر و ... نووسەری کورد توانایەکی . بێ ئەندازەیان هەیە ... بەڵام ..

★ ئەوەی کە کۆسپ و ڕێگەمان [illegible] جاری بەرێکوپێکی ، گۆڤارەکەمان هەموو هەفتەیەک دەرنەکەین ، گیروگرفتی چاپە .... هەتاکە لەم شارەدا چاپخانەی ئێمە نەمانەوە ، گۆڤارەکەمان بەڕێکوپێکی [illegible] ئەم بەندەدا هەیە .

★ دەستا لەی وەچەی تازەی پێگەیشتووی کورد ، لەی دڵسۆزانی بیری ئەوی ... با چاکی ئیشکردنی لێ هەڵبگرین تا گیروگرفتی چاپیش چارەسەر بکەین ....

# چاك ناسینی دوست و دوژمن یه‌كیكه له‌ مه‌رجه گرنگه‌كانی سه‌ركه‌وتنی كوردایه‌تی

نه‌ته‌وه‌ی كورد ، له‌و كاته‌وه‌ كه‌ نیشتمانه‌كه‌ی دابه‌شو پارچه پارچه كراو مافه‌كانیان زه‌وت كرد له‌ خه‌باتیكی بی‌وچان وخویناوی دایه‌ له‌ پیناوی به‌دی هینانی ئامانجه پیروزه‌كانیا ، وه‌ له‌م كایه‌یه‌دا قوربانی‌یه‌كی بی‌ئه‌ندازه‌ی داوه‌و گه‌لی‌جار نه‌ته‌وه‌و نیشتمانه‌كه‌مان له‌ گومی خوین وفرمیسكا نقوم بووه بی‌ئه‌وه‌ی سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌س هینابی یا هیچ‌نه‌بی ئه‌نجامیكی كاریگه‌ری ئه‌وتوی بووبی كه‌ گه‌له‌كه‌مان كه‌لكیكی لی‌وه‌رگرتبی .

سه‌رنه‌كه‌وتنی خه‌باتی له‌مه‌وبه‌ری گه‌له‌كه‌مان ، وه‌ تیكشكانی هه‌موو ئه‌و جولانه‌وانه‌ی یه‌ك له‌دوای یه‌ك هه‌لساوه به‌ دریژایی میژووی تازه‌ی ئه‌بی سه‌رمه‌شقی خه‌باتی ئه‌مرومان بی وه‌ سه‌رچاوه‌یه‌كی رووناك بی بو كه‌لك وه‌رگرتن له‌و ته‌جروبه‌ سه‌ختانه‌ی كه‌ هه‌ر یه‌كیكیان خوینی هه‌زاران شه‌هید كه‌وتووه له‌ سه‌رمان .

نه‌ته‌وه‌كه‌مان له‌ مه‌یدانی خه‌بات وخوبه‌خت كردندا هه‌رگیز دوانه‌كه‌وتووه ، ئه‌ی بوچی تائیستا سه‌ركه‌وتنی به‌ده‌س نه‌هیناوه ؟

ئه‌مه پرسیاریكی وایه هه‌موو كوردیكی دلسوز كه‌ به‌ته‌نگ سه‌ركه‌وتنی جولانه‌وه‌ی شورش گیرانه‌ی گه‌له‌كه‌یه‌وه دیت ، ئه‌بی بیری لی‌بكاته‌وه‌و لی‌ی بكولیته‌وه‌و وه‌لامه‌كه‌ی بگه‌ری . چونكه هوی سه‌ركه‌وتن یا تیكشكانی هه‌موو جولانه‌وه‌یه‌ك به‌راده‌ی یه‌كه‌م له‌ناو ده‌روونی خویایه‌تی ، ئینجا هوی دی كه‌ كار ئه‌كه‌نه سه‌ر چاره‌نووسی ئه‌و جولانه‌وه‌یه .

خه‌باتی له‌مه‌وبه‌ری گه‌لی كورد ، جولانه‌وه‌ی شورشگیرانه‌ی كومه‌لانی خه‌لك ، كه‌ هه‌موو جاریك به‌ هه‌زاران كه‌سی تیا شه‌هید كراوه وبه‌هه‌زاران خیزانی تیا سه‌رگه‌ردان بووه وبه‌ هه‌زاران گوندو كیلگه‌و خانوو به‌ره‌ی تیا خاپوور بووه ، به‌ راده‌ی یه‌كه‌م ئه‌گه‌ریته‌وه بو ئه‌وه‌ی كه‌ دوستانی راسته‌قینه‌مان له دوژمنانی راسته‌قینه جیا نه‌كردوته‌وه ، هیزی بنچینه‌یی بزوتنه‌وه‌كه‌ی خومان دیاری نه‌كردوه تا یه‌كی بخه‌ین ، وه‌هیزی به‌ره‌ی دوژمنانمان لیك نه‌داوه‌ته‌وه تا بیان ناسین ،گه‌لی جار دوست‌و دوژمنمان لی‌گوراوه ، دوستانی راسته‌قینه‌و هاو په‌یمانمان وه‌كوو دوژمن هاتوته به‌رچاو ، وه‌ دوژمنانی خوینه‌خوری نه‌ته‌وه‌كه‌مان به دوست زانیوه .

مه‌سه‌له‌ی چاك ناسین‌و جیاكردنه‌وه‌ی دوستان‌و دوژمنان له‌ شورشی دابایه‌خیكی ئه‌وه‌نده‌ گرنگ وكاریگه‌ری هه‌یه ، چاره‌نووسی جولانه‌وه‌كه‌ی پیوه به‌نده له‌ سه‌ركه‌وتن یا له‌ژیر كه‌وتن‌و تیكشكانیا .

ئه‌م ده‌رسه‌ی كه‌ خه‌باتی به‌ئه‌نجام نه‌گه‌یشتووی له‌مه‌وبه‌ری نه‌ته‌وه‌كه‌مان وه‌ تاقیكردنه‌وه‌ی هه‌موو گه‌لانی جیهان سه‌لماندوویه‌تی .. ئه‌بی له‌ماوه‌ی تیكوشانی داهاتوومانا هه‌میشه له‌ به‌رچاوه‌مان بی‌و فه‌راموشی نه‌كه‌ین .

هه‌ر به‌م جوره له‌شورشی ئه‌م دوایی‌یه‌ی گه‌له‌كه‌ماندا ، هه‌مان تاقیكردنه‌وه‌ی تال‌ره‌نجو فیداكاری وخوبه‌خت كردنی سه‌دان هه‌فالی شه‌هیدی به‌فیرو داین ..

بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی بو ئه‌وه‌ی سه‌ركه‌وتنی ته‌واوه‌تی به‌ده‌س بینی له‌ نه‌هیشتنی ئازارطلبی نه‌ته‌وایه‌تی‌و چه‌وسانه‌وه‌ی چینایه‌تی دائه‌بی دوستانی راسته‌قینه‌و دوژمنانی راسته‌قینه‌ی خوی به‌چاكی بناسی‌و له‌ یه‌كتری‌یان جوی بكاته‌وه ، ئه‌بی بزانین كی له‌شكری بنچینه‌یی‌یه‌تی وه‌ كین‌و دوستو هاوپه‌یمانه‌كانی‌و وه كین دوژمنه‌كانی وئه‌وانه‌ی ریگری سه‌ركه‌وتن و به‌ ئامانج گه‌یشتنین .

● جا با بزانین كین دوژمنانی راسته‌قینه‌ی كوردایه‌تی ؟

● وه‌ كامانه‌ن له‌شكری كوردایه‌تی ودوستانی راسته‌قینه‌ی ؟

دوژمنانی گه‌لی كورد ،هه‌موو ئه‌وانه‌ن كه‌ كوردو كوردستانیان به‌م وه‌زعه‌ی ئیستای گه‌یاندوه ، ئه‌وانه‌ن كه‌ مه‌سئولن له‌دیلی ودابه‌ش‌و داگیر كراوی كوردو كوردستان دا ، به‌ واته‌یه‌كی‌تر ئیمپریالیزمی جیهانی و كونه‌په‌رستی نوكه‌ری له‌ده‌ره‌به‌گ وسه‌رمایه‌دارانی گه‌وره‌ی كورد ونه‌ته‌وه‌كانی ،كه‌ كانی‌خوی كوردو كوردستانیان وا لی كردوه‌ئیستاش ریگری سه‌ركه‌وتنی جولانه‌وه‌كه‌ی وجی‌به‌جی‌بوونی ئامانجه پیروزه‌كانین .

له‌شكری كوردایه‌تی‌و دوسته‌كانیشی بریتین له‌ كومه‌لانی چه‌وساوه‌ی گه‌لی كورد ، له‌ كریكارو جوتیارو روشه‌ن بیرانی شورش گیر ،چینه‌ زه‌حمه‌ت كیشه‌كانی عه‌ره‌ب‌و فارس‌و تورك ، له‌ گه‌لانی ئازادی خوازو له‌شكرگای سوشیالیزم .

# مەغزای هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی

## ١٩٣٧ بە تەنیا لە لایەن ئیرانەوە

**حکومەتی ئیران بڵاوی کردەوە کە لە لای خۆیەوە بەتەنیا ئەو پەیمانەی ساڵی ١٩٣٧ لە نێوان ئەو و عیراقدا دەربارەی سنووری ئیمزاکرابو ، هەڵی وەشانەوە ، چونکە ئەوکاتە ئیران لە ژێر نفوزی ئیمپریالیزمابووە وسەربارەت بە پالە پەستوی ئەو ناچاری ئیمزاکردن بو .. جالیستا کە دەستەلاتی ئیمپریالیزم لە ئیراندا نەماوە و سەربەخویی تەواوی بەدەست خویەتی (!) گویا ئەمو پەیمانەی کاتی خوی ئیمپریالیزم بەسەر ئیرانیاسەپاندوە ئەمرو ئەو هەڵی ئەوەشینیتەوە !!**

راستی یەکەی ئەوی پیەوی لەم هەنگاوەی ئیران بدوی ئەبی دیمەنی ئەمروی روژهەلاتی ناوەراست بهینیتە بەرچاو ...

— سەردانی پیشەوای پارتی کونە پاریزی ( محافظ ) بەریتانی میستەر هیث بو ئیران و ئیسرائیل ... وە سەردانی شا لە ئەمریکا و دیدەنی کردنی لە نیکسونی سەروکی ولاتە یەك گرتوەکانی ئەمریکا سەرکردەی ئیمپریالیزمی جیهانی .

— پەرەساندنی چالاکی شەر فروشانەی سەهیونی یەکانی ئیسرائیل دژی گەلی عەرەب ، وە پەلاماردانی یەك لەسەر یەك بو سەر لەشکرەکانی عەرەب کەلەفەلەستینن .

— پەرەساندنی چالاکی و جمجولی چەتەکانی مەلا بەرزانی نوکەر لە کوردستاندا ..

— پەرەساندنی خەباتی شورش گیرانەی گەلانی ناوچەی روژهەلاتی ناوەراست بە عەرەب و کورد و فارسەوە ، بو رامالینی نفوزی ئیمپریالیزم و روخاندنی پاشماوەی رەژیمی دەرەبەگایەتی .

— سەردانی وەفدی عیراق لە میرنشینەکانی خەلیجی عەرەبی بو یەکخستنی هەول و تەقەللا بە ئازی بەربەست کردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم وچلیسییان لە خەلیجا .

جا کە دیمەنی ئەمروی روژهەلاتی ناوەراستمان بەم جورە وەکوو خوی هینایە بەرچاو بە چاکی ئەتوانین مەغزای ئەو هەنگاوەی حکومەتی ئیران لەم کاتەدا ناوبتی لیك بدەینەوە .

رژیمی دیکتاتوری شا وەکوو رەژیمیکی دوژمن بە گەلانی ئیران کە بەستراوە بە ئیمپریالیزمەوە ، هەلبەتە ئەبی دەوری خوی لەم مەیدانەدا بگیری وە ئەو بەشەی پی ی ئەسپیردری لە جی بە جی کردنی نەخشەکانی ئیمپریالیزمدا پی ی هەلسیت دژی بزوتنەوەی شورشگیرانەی پەرە ساندوی گەلانی ناوچەکە .

بەلام گەلانی روژ هەلاتی ناوەراست ، نەتەوەکانی کورد و عەرەب و فارس دەستەبەرن کە هەموو پیلانیکی ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی لە گور بنین ، نە گەلی کورد مولەتی مەلا بەرزانی ئەدا کە رووی گەش و رووناکی کوردایەتی بە کردەوەی نوکەرانەی خوی و چەتەکانی بشیوینی ، وە نە کومەلانی خەلکی عەرەب لە هەرەشەو گورەشەی ئیمپریالیزم و نوکەرەکانی ئەسلەمینەوە ، وە نە نەتەوەی فارس و گەلانی تری ئیران بە درو دەلەسەکانی دەولەتی کونەپەرستی ئیران تەفرە ئەدرین .

با ئیمپریالیزم و کونەپەرستانی نوکەری سەدان شەری لابەلا بکەن بە تووشی گەلانەوە ، بەلام خەباتی شورش گیرانەی کورد و عەرەب و فارس بو بەدی هینانی ئامانجە پیروزەکانیان هەر سەرکەوتو ئەبی .

— ئازاد —

× ● ×

# بروسکنامەی هەڤال جەلال تالەبانی بو

# کونگرەی ئەدیبانی عەرەب

**ماموستا جەلال تالەبانی بە بونەی بەستنی دەورەی حەوتەمینی کونگرەی ئەدیبانی عەرەبەوە ئەم بروسکەیەی لیداوە :**

بو لیژنەی ئامادەکردنی کونگرەی حەوتەمینی ئەدیبانی عەرەب .

زور بەداخەوەم کە زروفی ناچاری بی بەشم ئەکا لە شەرەفی بەشداری کردنی کونگرەتان ، کە لە ژیر سایەی ئەو دروشمە شەرەفمەندو شورشگیرانەیەدا ئەبەستری ؛ ( هەموو شتیك لە پیناوی شەرەکەدا ) ، ئەو شەرەی کە میژوو نەتەوەی عەرەبی تیدا کردوە بەهیزی پیشەوە ، کە لە راستیدا شەری هەموو گەلانی شورشگیرە دژی ئیمپریالیزم وسەهیونیەت ؛ هەروەك راپەرینیکی دلیرانەیە لە راپەرینەکانی شورشی جیهانی دژی رژیمی سەرمایەداری ئیمپریالیزمی جیهانی کە ئیمپریالیزمی دڕندەی ئەمەریکا سەرکردایەتی ئەکا .

شورشی عادیلانەی فەلەستین سەرچاوەی ئیلهامە بو هەموو گەلانی روژهەلاتمان بە عەرەب وکورد و ئیرانی وتورك وئەوانی تریشەوە ، هەروەها پیلانەکانی سەوداکاری و ریك کەوتن لەگەل ئیمپریالیزمدا تیك ئەشکینی وە بلیسەی خەباتی شورشگیرانە خوش ئەکات لە هەمو لایەکی ولاتی عەرەبیا ، کە ئەوەش دەکاتە بەهیزکردنی گەلانی شورشگیر وئاسان کردنی خەباتی چینی کریکارە لە ئەوروپا وئەمەریکادا ، لەبەر ئەوە هەموو بەشداری یەك لەو خەباتەداو هەر یارمەتی دانیکی ، بەجی هینانی بەشیکە لە پیویستی سەرشانی شورشگیران وپیشکەوتوانی عەرەب و کوردو هەموو ئازادیخوازانی روژهەلات وجیهان لە کاتیکدا سلاوی خوم پیشکەشی کونگرەی بەریزتان ئەکەم ئاواتەخوازم سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهینی لە هەلگیرساتی تەوژم وگری تولەسەندنی جوامیرانە ورەوا لە دەرونی جەماوەرا دژی ئیمپریالیزم و سەهیونیەت وکونەپەرستی بەکری گیراوەوە لە روشن کردنەوەی ریگەی خەباتی پیروزدا لە پیناوی گورکردنی تەواوی دەست دریژیەکەی ئیمپریالیزم وسەهیونیەت دا کە لە بونی ئیسرائیلی تاوانبار خوی ئەنوینی ، هیواداریشم کە ئەدیبانی کورد هاوبەشی خویان بکەن لە دەرخستن وچاك کردنی برایەتی هاوخەباتی ئەمرو پەیوەندی دوستانەی نیوان هەردوو نەتەوەی عەرەب وکورد ، هەروەها لە دەربرینی پشتگیری کردنی جەماوەری گەلی کوردا بو جەماوەری گەلی عەرەب لەو شەرە هاوبەشەمانا کە دیاری کەری چارە نوسمانە ، وە لە سروود وتنی هاوبەشا بو داستانیکی نوی کە هیوادارم خەباتی شورشگیرانەی پیکەوە بەستراومان بەشیوەیەکی جوان ونەمر دروستی بکات ، هەر وەکو داستانی سەلاحەدینی ئەیوبی نەمرو مەزن بوو .

**جەلال تالەبانی**

## شەهیدانی ریگەی رزگاری



مەلا رەسول گورون

● سالی ١٩١٩ لە گوندی هەلەدن لە ناوچەی سورداش هاتوتە دنیاوە .

● هەر لە منالییەوە چوتە بەر خویندن لە لای مەلای مزگەوتەکان ، وە هەر بەم هویەوە زور لە شارەکانی کوردستانی ئیران گەراوە .

● کە هەرای بەرزان هەل گیرسا سەربازی حکومەت بوو ، لەگەل چەند هاوەلیکیا بە تەمابوون بچنە ریزی شورشگیرەکانەوە ، بەلام ئاشکرا بوونو هەموویان گرتن وە بە بەندی بردیانن بو هەولیر ، دوای محاکمە کردنیان پاش ٨ سال خزمەتی سەربازی لە ریزی سوپا دەرکرا وە ٥ مانگ بە بەندی گلیان دایەوە .

● کە جمهووری یەتی مەهاباد پیک هات چەند مانگیک لەوی مایەوە .

● کە هەلبژاردنی یەکیتی کومەلانی جوتیارانی عیراق کرا شەهید مەلا رەسول کە سەروکی یەکیتی کومەلانی جوتیارانی کوردستان ، بوو بە یارمەتیدەری سەروکی یەکیتی گشتی کومەلانی جوتیارانی عیراق .

● یەکی بوو لە ئەندامە چالاک وهوشیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، سەبارەت بەم چالاکیە سالی ١٩٦٠ هەلیان بژارد بە ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلیمانی .

● کە شورشی کورد دەستی پی کرد چووە ریزی پیشمەرگەو ، دووای ئەوەی لە چەند شەریکا بەشداری یەکی کاریگەری کرد روژی ٢٤-٥-١٩٦٢ لە ریگەی پینجوین شەهید کرا .

## هەوالی کریکاران

کریکارانی سلیمانی لەم روژانەدا دەستیان کردوە بەنیشکردن بو ئامادەکردنی نەقابەی کریکاری ... وە وە تائیستا چوار نەقابە داوایان لە متصرفیەتی سلیمانی کردوە بو ئەوەی ئیجازەیان بدەنیو بازەگای ئقی نەقابە بکەنەوە ئەمانە :

★ نەقابەی کریکارانی کشت و کال
★ نەقابەی کریکارانی جگەرە
★ نەقابەی کریکارانی بیناو پروژەی دامەزراندن

هیوادارین کاربەدەستان بە زوویی وەلامی داواکانیان بدەنەوە بو ئەوە بتوانین دەوری خویان ببینن لەم قوناغەی خەباتی گەلەکەماندا و لە پیناوی ئامانجە ئابووری و پیشەیی یەکانی کریکارانا ، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە تادیت پەلاماری پیلان گیرانی دوژمنانی گەلو نیشتمانەکەمان زیاد ئەکا .

بە بونەی یەکی ئایار ، جەژنی کریکارانی جیهانەوە ، کریکارانی سلیمانی کەوتوونەتە خو ئامادەکردن بو ئاهەنگ گیران بەم بوونە پیروزەوە ، وە وا چاوەروان ئەکری کە جگە لەوەی شەقام و ساحەکانی شار بە دروشم برازیننەوە ، لەیەکی لە سینەماکانیشا ئەهەنگیکی چەند سەعاتی بگیرن .

بنەمالەی رزگاری بەم بونەیەوە پیروزبایی لە چینی کریکاری کورد و هەموو کریکارانی جیهان ئەکا .

● ● ●

# ئەستێرە پرشنگدارەکەی وولاتی کوردەواری

( ئەم ووتارەمان لە لایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە بو هاتووە ) ... ـ رزگاری ـ

ئەی گوڤارە خوشەویستەکەی دێرینی خەلکی کوردستان ... وا بو جاری دووەمە بە ئاشکرا ئەکەویتەوە کوری تیکوشانو روون کردنەوەی ریبازی کومەلانی خەلکی کوردستان .

دەلە دیمانەت بەفەرزو خیردار بیت ، ئەی چەپکە گولەکەی زەحمەت کیشان . زور بە چاکیو چالاکانە چاکی لی هەلکەو قولی لی هەلالە ، ئەی مەشخەلی رووناکیو پیشرەوو رابەرو راستکەرەوەی ئاستی زانیاریو هوشیاری بو وەدی هینانی ئامانجەکانی چینە چەوساوەکانی کوردستان ..

بویە توش هەر وەکوو روژنامەی روناکی خوشەویست رووی گەشی خەباتی شورشگیری پیشکەوتووی گەلان بو هەموو خەبات کەرانی پیشکەوتووی گەلانی سەرزەوی دەربخەیت.

گەیاندنی دەنگی رەنجدەرانی کوردستان.کە چون براو پشتی هەموو رەنجدەریکی شورشگیرن لەم جیهانەدا . وە بەرامبەر بە هەموو چەوسینەرەوەکان دیواری پولایین بیت ، بی ئەوەی چاو لەکەس بپوشیت .

ئیمرو هەموو مروڤیك لەم گیتی‌یەدا پیویستی بە رابەری کردنو ری‌ی راست نیشان دان هەیە تاکو ریشەی خرابە کرد بەهەموو شیوەیەکی‌یەوە لەبین وە خرابەکەران لە خرابە کردن بگەرینەوەو بینە سەر ریگەی راستو چاکە کردنو یارمەتی‌و لایەنگیری کردن .

باش ئەزانین کە ئەوەیش هەمووی بە هوی گوڤارو روژنامە پیشکەوتووەکان دیتە دی بەو مەرجەی کە ئەو گوڤارو روژنامەیەی ئەکەویتە بەر گەلکی تەواوی لی وەربگیریتو نووسەرەکانیان جیگای بروای کومەلبنو ( ببیتە چاو ساغ ) واتە لەو رووداوو کارە ناهەموارانەی کە بە پیچەوانەی دادپەروەری‌و ویستی زوربەی کومەلانی چەوساوەیە بدویتو باوەری تەواوی پی‌ی هەبیت وە.راستی لەناو چوونی کردارو کاری دژ بە بەرژەوەندی کومەلانی چەوساوەی خەلك دەربخاتو ریگای رزگار بوونو سەرکەوتن نیشانی خەلکی بدات .

پر بەدل بەناواتو هیواین گوڤاری رزگاری خوشەویست بە تەواوی رابەری دانانی ریگای رزگاری گەلو سەرکەوتنی بیت . هەروەك بەهیوای بینینی دەوریکی گەلیك مەزنین لیت لەبەرەو پیشەوە بردنی گەلەکەمانو بەرز کردنەوەی ئاستیا لەهەموو مەیدانەکانی ژیانی‌دا .

ئەی رزگاری خوشەویستە ئەی شیرین ترین ویردی سەرزمانی پیشمەرگەی کوردستان :

هەموو توانایەکت تەرخان بکە بو چەسپاندنی برایەتی نیوان گەلان ، هەلگری ئالای شەکاوەی یەکیتی‌و برایەتی بە ، مەشخەلی خەباتی شورشگیرانەی پیشکەوتووی دژ بە ئیمپریالیزمو نوکەرانی بە ری‌خوش کەری عیراقیکی دیموکراتی شورشگیر بە کە گەلی کوردمان لەسایەی‌دا هەموو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی بەدەست بهینیت .

ئیمەی پیشمەرگەی کوردستان هیچ گومانمان نی‌یە لەوەی کەوا ئەبیتو بگرە لەوە زیاتریش .

ئنجا هیوای تەمەنیکی هەتا هەتاییت بو ئەخوازین ئەی ئەستیرە پرشنگدارکەی وولاتی کوردەواری ..

× ● ×

## پیاوی چا بن فریامان کەون !

پیشان دانی فیلمی جاسوسی ، بەشیکە لەپیلانی ئیمپریالیستەکانی چەرخی نوی بو تیکدانی میشکی خەلکی وبەدکردنی خوو رەوشتو شیواندنی بیروڕایان بەتایبەتی هی ئەوانەی هیشتا لەسەردەمی هەرزەکاری وگەنجیتی دان .

من خوم هەرچەندە سەردەمی هەرزەکاریم بە جی‌هیشتوەو خەریکم پی‌لەنیمە قوناغی کامل بوونەوە بەرەو پیری ، ئەوەندەم فیلمی جاسوسی‌و ئەو فیلمانەی کە باسی ئازایەتی‌و سەرچلی‌و کەیفو رابواردنی وەکیلەکانی دەزگای جاسوسی ( سیا ) ی ئەمریکایی ودەزگا جاسوسی‌یەکانی تر دیوە ، ئەگەر باوەرم پی‌نەکەن ئەوەندە شتی وای تیابە پیاو هان ئەدا بو ئەو ریگایە منیش خەریکم ئەو پیشەیەم بچی بە دلا !...

– جا ئەی ئەوانەی سانسوری فیلمن پیاوی چابن فریامان کەون‌و ئەوەندە ریگەی فیلمی وادەدەن کە هانمان ئەدا بو ئەو ریگەیە لەگەر لەتائەوی جاسوسی بالاو نەبیتەوە !

– ئیوەش ئەی ئەوانەی سینەمانان هەیە ، ئەگەر سانسوری فیلم ، بە ئەنگمانەوە نایەت وگوی نادانە ئەوەی بەدخوو ئەبین یان نا ، ئیوە بەزەیی‌تان بەکورو کەس وکارەکانی خوتاندا بیتەوە ، هیچ ئەبی مشووری ئەوان بخون !

## لە مەینەتی ، مەینەتی‌تر ..

چی لەوە بەناسورترو ناخوشترە : پیاو هاو نەتەوەکانی بە پەرواگەندەیی لەدیاری ئاوارەیی‌و کووچەی شارانی بیگانەدا بەکزو کەساسی ، بە رووتو رەجالی ، بە سووك وریسوایی ببینی ؟

چی لەوە جگەر دوزترو کوشندەترە : پیاو گەنجەکانی نەتەوەکەی ئەوانەی کە بناغەی دوارۆژیکی بەختیار لەسەر رەنجی بازووی ئەوان دالەمەزری ، مە هیوای وەچەی ئایندەیان پیوە بەندە لە زەلکاوی نەخوبندەواری‌و نوخوشی‌و هەژاری‌دا ببینی ؟

بەبی‌لی ! ئەم پرسیارانەت بەرەوروو ئەکەمەوە ، کەچی لەم دیمەنە بەدقەمالە ناشیرنیانە زیاتر ژان بەگری دلی مەردوم لەگەیەنی‌و ئزریی ئەدات‌ە گیزاوی ئازاری ویژدان‌و ئەی‌خاتە · ناو دروئوی‌ی مەنگەنەی کەفو کولیکی تالی دەروونی‌یەوە !

من لام‌وایە ئەمە ئەوپەری مەینەتی کویرەوەری‌یە ، لە سەروو ئەمەوە هیچ مەینەتیەکی‌تر نیە کە لەمە پەداغ‌تر بی ، جگە لە مەینەتی بیرنەکردەوە لە هویەکانی پەیدابوونی ئەم پەرواگەندەیی‌یە وقایل‌بوون بەم دیلی‌و ئەزانی‌یە !

بەئنایەتی مەینەتری‌یە ، بەلام لەمە مەینەترتر ئەناسی‌و هوشیار نەبوونەوەی بەندەکەو هەست نەکردنیەتی بە ئیشی‌و ئازارەکانی .

## بوچی ئیشکردن هەر لە چارەی هەژاران نووسراوە !

شەویکی ساردوسەرما لە مالە دراوسی‌یەك بە میوانی دانیشتبووین ، بارانیکی زور ئەباری بنمیچی ئەو ژوورەی کورمان تیا بەستبوو کەولیوە دلوپە وتکە کردن ، هەر قاپ وقاچاغ بوو ئەخرایە بەر دلوپەو سوودی نەبوو لە لایەکی‌ترەوە دای ئەدا .

خانەخوی کەمان توڕە بوو بوو لیری خوی ئەکروشت ، هیچ خوی پی نەگیراو گوی نەدایە ئەوەی من لەوی میوانم ولەسەر بەرەی ئەوان دانیشتووم ، ئەرانی بەسەرما :

– فەرموو ئیوە هەرباسی سوشیالیزم‌و نەمانی جیاوازی چینایەتی و بەرزکردنەوەی رادەی گوزەرانی هەژارو لاتو لووتو یەکانی ناو خەلك ئەکەن ، ئەوە ئیستا هیشتا لەو رووەوە هیچ نەکراوە ، هەزار هەر هەزارە و دەولەمەند لە شوینی خویەتی ، کەچی بانگیرە نالەبازەکمان دوو پوول‌بە خویەوە شك‌ئەبا وا نایەت بانەکمان بگیری لەمە وەزعمانە کە ئەی‌بینی ، خو خوالەخراستە ئەگەر بگەینە ئەو رۆژەی ئیوە باسی‌ئەکەن و هەژاری نەمینی وا خانووەکەم بەسەر خوم‌و خیزانەکەما ئەروخی‌و یەکیکمان دەس‌ناکەوی بانگوشی بکا ....

هەندی کەس تا ئیستاش هەر ئەوەندە لە سوشیالیزم‌و ئیشکردن گەیشتوون ، وا ئەزانن سوشیالیزم واتە خودزینەوە لە ئیشکردن‌و رابەراندنی ئەرکو بی‌ویستی ... تا وا ئەزانن ئیشکردن خوا لە چارەی هەژارە برسی ئووسیوەو دەولەمەندو تەر ئەبر بشیشی ئەمەلی لسیەی بکەنەوە !...

× ● ×

## سوپاس نامە

ماوەیەك لەمەوبەر زنجیرەیەك دزی لە ناوچەی سەرچنارا کرا بەشیوەیەکی‌وا کە جیگەی سەرسورمانی هەموو لایەك بوو ، بەلام بەهوی ئەو هەول وتەقەللایەوە کە لەلایەن مدیری شورتەی‌لیوا کاك عبدالقادر جلال وە معاون کمال محمد ترەدقالی وهەندی دوست ودلسوزی ترەوە درا تاوانبارەکان دوزرانەوەوشتەکان درایەوە بەخاوەنەکانی ، بەم بونەیەوە سوپاسی بی پایانمان پیشکەشی بەو برایانی ناوبراو هەموو دلسوزەکانی‌تر کە هەمووکات‌و ئیشی خویان بو پەرەزامەندی دانیشتوانی شارەکەمان تەرخان کردوە . لە خوا داواکاری‌ن وینەیان زوربی .

عمر محمد توفیق وجمال عبدالله لە کارگەی چیمەنتوی سەرچنار ، لەباتی دە کەس

# مـــــــیژوی

# یەزیدیەکان و ئاینی یەزیدی

نوسینی : شاکر فتاح

## ( شیخ عدی )

بە پی‌ی قسەی هەندی لە میژوو نووسانی عەرەب ، لە سەدەی پینجەمی کوچی‌دا ( شیخ عدی کوری مسافری اموی ) (١) کە زانایەکی دەرویشکار ( متصوف ) وخواناسیکی بلیمەت بو پەنای بردە بەر یەکی لە شاخەکانی کوردستان وەلەناو دیر یکی چولی گاورەکاندا ، کە کەوتبوە ناو شاخی ( لالش ) وە لە ناوچەی ( شیخان ) دا ئارامی گرت ودەستی کرد بە گوشەگیری وخواناسی‌ی خوی . هەروەها وەك هەندی لە میژوو نووسانی عەرەب ئەلین : ئەم پیاوە بە چەند پشتیك ئەچیتەوە سەر ( مروان کوری حکم ) کە چوارەم جی‌نوشینی ( خلیفە ) ی ( اموی ) یەکان بوە . لەوی‌دا لە ناو کوردەکانی ( هەکاری ) دا دەستی کردوە بە بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامەتی وژمارەیەکی زوری لەو کوردانە خستوەتە سەرری‌رەو ( طریقت ) ەکەی خوی کە پی‌ی ئەلین ( ری رەوی عدوی ) . کوردەکان یەجگار خوشیان ویستوەو یەجگار فرمانی میوانداری‌و جوامیری‌ی کوردانەی خویان لە گەلدا نواندووە ویارمەتی‌ی خوی وکەس وکاریان داوە ، تا هیزو دەسەلاتی ئەو خیزانی ( اموی ) یە گەیشتوەتە رادەیەکی وەها کە لەپاش سەد سالیك ( شیخ حسن ) ناویکیان تیا پەیدابوە ، کەلکەلەی دامەزراندنەوەی فەرمان رەوایی‌ی ( اموی ) ی کەوتوەتە کەللەوە و کوششی بو کردوە .

لە بابەت ری‌رەوەکەی ( شیخ‌عدی ) یەوە ، میژوو هیچ توانج‌و پلاریکی نیە تی‌ی‌بگری. بەلکو بە پیچەوانەی ئەوە دلسوزیی ودەس پاکی‌ی ( شیخ عدی ) بەرامبەر ئیسلامەتی پیشان ئەدات . نە ناوی ( یەزیدی ) هەیە ، لە سەر دەمی ئەوداو ، نە ناوی دیو ( شیطان ) پەرستی . هەتا ما بانگی دا بو کردەوە ورەووشتی جوان ودەروونی پاك میژوو تەنیا ئەوەندە لە سەر ( شیخ عدی ) ئەژمیری ، کە ( اموی ) یەکانی بنەماڵەی خوی یەجگار خوش ویستوە . (٢)

هەموو دەم پیا هەلداون‌و لە سەری کردونەتەوە . تەنانەت ( یزید کوری معاویەی اموی ) یشی پاك کردوتەوە لە هەموو گوناهەکانی !.. کوردەکانی هەکاری یش ئەمەندە بروایان بە ( شیخ عدی ) بوە ، خوشەویستی‌ی ( یزید کوری معاویە بە جاریك چوەتە دلیانەوە . بەلام بە

---

( ١ ) ئەمە بەپی‌ی نوسراوی ( الیزیدیە ) ی صدیق الدملوجی ، سالی ١٩٤٩ بەلام ( رامیشوع ) و (ەسیونو) ئەلین شیخ عدی کورد بوە و لە سەر ئاینی زەردەشتی پشس بوە .

( ٢ ) دوامین جی نوشینی اموی ( مروانی دووەم کوری محمد کوری مروان کوری حکم ) دایکی کورد بوەو لە کوردستانیشدا لە دایك بوە و پیگەیشتوە . بە سایەی کوردەکانیشەوە پایەی جی‌نوشینی‌ی دەست کەوتوە . دوور نیە باپیرانی ( شیخ عدی ) یش لە دوستەکانی ئەوبوبن‌ە کە کورد بون .



جوریکی وا کە لەپاش ماوەیەکی سەدسالی ، پاش ( شیخ عدی ) ئەو ( یزیدە ) یان گەیاندوەتە پایەی خوایی وپەرستوویانە .

بەپێی سەرگوروشتەکانی ناو ( یزیدی ) یەکانیش ، وەك یەکیك لە دەرویشکارە گەورەکان ، ئاموژگاری ی کردون کە جنیو بە کەس نەدەن ، هەتا بەدیویش !.. بەلام تاکو ئیستایش بەلگەیەکی میژوویی وامان دەست نەکەوتوە کە پشتی ئەم سەرگورشتەیەبگری . ئەمەش لەپیاویکی خواناسی وەك ئەوەوە دوورە . سەیر ئەوەیە لەپاش ( شیخ عدی ) بە سەدسال ئەم ( شیخ عدی ) لەگەل ( یزید کوری معاویە ) و (شیخ حسن) دا هەر یەکە وەك خوایەك لە لایەن یەزیدی یەکانەوە ئەپەرستران ! (٣)

ئیستاکەیش یەزیدی یەکان گوری ( شیخ عدی ) یان کردوە بە مەلبەندی پەرستگاهی خویان هەموو سالی سەری لی ئەدەن و ( حەج ) لەوی ئەکەن لە .

مردنی ( شیخ عدی ) لە سالی ( ٥٥٥ ) ی کوچی دابوە .

پاشماوەکەی لە لاپەرە ٤٤

---

( ٣ ) لەمە بەپیی قسەی نوسەرانی بیگانەیە . بەلام لە راستی دا یەزیدی یە دوش بیبرەکان لە خواخوی بەدوڵاوە کەمی‌تر بە خوا ئاناسن . لەو ..ا کەسە هەر ..بر ئەگرن .

# کومەلی تیکوشەر بو جوتیارەکان پیویستە



**جوتیارانی کوردستان ئیمرو دووچاری چەندین جــور چەوساندنەوەو خوین مژینو زولمو زور بوون . دەرەبەگو سەرەك عەشیرەتەکان لـــە ژیر سیبەری نوکە نیــزی چەتەکانــی مـەلا بارزانی دا جوتیارەکانیان خستوتە ژیــر باری قورسی دەرەبەگایەتی بە هەمـــوو راوو رووتی بەری رەنج بە تالان بردنو خــراپ کاری‌یەکانیەوە .**

هیندی لە سەرەك هــوزو سەرەك چەتەکانی مەلاویشـــ دەستیان گرتووە بە ســـەر زەوی‌و زاری ئیــــلاحی زراعـــی‌و جـــووتیـاره دەربەدەرەکانا وە ئەوانیشـــ بونەتە نیمچە دەرەبەگ بـــە سەر جووتیارەکانەوە . لـــە ناوچەکانی ژیر دەستی مەلاوی دا ئیـــلاحی زراعی قەدەغـە کراوەو ئەو زەوی‌و زارەی لە دەوری قاســـم و نـــوری سەعیدیشا دابەش کرا بـــە سەر جووتیارەکان دا ، لـــە جووتیارەکان سەندراوەتەوەو دراوەتەوە بـــە دەرەبـــەگو سەرەك عەشیرەتەکان یــــان بارزانی‌یەکان خویان دەستیان بە سەرا گرتووە . وەك ئـــەو هەموو زەوی‌و زارو ئـــاوو بەراوەی دیـــهاتەکـــانـــی ئـــەنگەســـەرو ژاراوەو سولتانەدی‌و چوارقورنـــەو جوگەی گەورەو چەنـــدیـــن دیهاتی‌تر کە عەلی شەعبانـــی بارزانی‌و حەسوی بارزانی لە جووتیارەکان بونەتە دەرەبەگی چلیس‌و زووردار . سەرەرای ئەم هەمـــو زولـــم‌و زوردو چەوساندنەوەو خوینمژینەش جووتیارەکان هیشتا ئەبـــی چەندین جور باج‌و سەرانـــە بە چەتەکانی مەلاوی بدەن بە ناوی : ــ « یارمەتی لـــە شـــکر » و ( لیفـانـــە ) و ( مریشکانە ) و « بزنانـــەو مەررانە » و ( زەکاتی دەغل‌و دان ) و ( تـــراکتـــورانە ) و « وکومبلینانە » و ( حاجیانە ) و ( یارمەتی کادر ) و ( هەقی ئیـــلاح ) و « هەقی ئـــاو » و باجی سەر هەموو کەسابەت‌و هاتو چویەکی بازرگانانەش !

تاوای لی هاتووە کە ئیمرو باج‌و ســــەرانەی مـــەلاوی ئەوەندە زور بووە لە ژماردن نایەت . لە گەل ئەمەشـــدا وە نەبی مەلاوی‌یەکان هـــەر بەمانە وازیان لە جووتیارەکان هینا بیت ، بەلکو سەد جورە بیانووش ئەدوزنەوە بـــو سزدان تـــالان کـــردنـــی جوتیارەکان . . . جگە لـــە دەست‌و دامین پیس‌یـــانو دزی‌و رراوو رووتـــی دزی ئاشکرایان .

بە کورتی ئیمرو جووتیارانی کوردستان لە وەزعیکـــی ئەوەندە پیس‌و نالەبـــار دا

ئەزیەن کە تەنانەت دەوری دوابراوی پاشایەتیش لە چاویا دەوری خوشی و ئاسوودەیی بووە . ئەمە هەمور لە کاتیك دا کە خەباتی گەلی کورد لەم پلەیەی دا ناوەروکەکەی خەباتی جووتیارانە ، وە شورشی کوردستان شورشی جووتیارانە . هیزی بنچینەیشی جوتیارەکانی کوردستانن . کەچی بزوتنەوەیەك بە ناوی پیروزی شورشەوە هەر چی دوژمنانی شورش ئەیەوی ئەی سەپینیت بە سەر جوتیاران دا بە جوریك کە سەرنج دانیکی ووزد بومان دەرئەخات کە بزوتنەوەکەی مەلا – هەر چەندە بویاخی شورشی کوردستانی لە خوی داوە – بوتە بزوتنەوەی دەرەبەگو خوینمژان ، وتە بزوتنەوەیەکی چەتەگەری و بەربوتە گیانی کومەلانی خەلکەوە . هەروەك لە لایەکی تریشەوە بوتە کوتەکی دەستی دوژمنانی دیرینی کوردایەتی کە بریتین لە ئیمپریالیزم و سەهیونیزم و سەنتو .

جا لەم وەزعە نالەبارە دا ، وە بو ئەوەی جووتیارانی کوردستان لەم خوینمژین کویرەوەری و زولم و زورە رزگاریان بیت پیویستە لە سەریان کە خەباتی خویان درێژە پی بدەن وە باشتر هەول و کوششی خویان ریك خەن و جوش دەن . بو ئەم نیازەش پیویستە کومەلی جوتیاران دروست بکەن . بەلام بەو مەرجەی کومەلی تیکوشەر بیت .

جووتیاران ئەبی هاوکاری لە گەل کریکاران و خوینەوارە شورشگیرەکان و رەنجدەرانی تری کوردستان خەبات بکەن لە پیناوی زەوی و زارو لەرەگو ریشە هەلکەندنی رژیمی دەرەبەگایەتی و عەشایری کونەپەرستانە دا .

بەلام بو ئەوەی کومەلی جووتیاران کومەلیکی تیکوشەرو خەباتکەر بیت ، کومەلیك بیت کە جووتیاران بهینیتە جوش و خروشو خەباتیان سەرپەرشتی بکات پیوستە بەم شیوەیەی خوارەوە بیت :

**١ – کومەلی جووتیاران لە پیشەوە لە جووتیارە هەژارەکان پیك بیت وە لیژنەی سەرکردەیی کومەلەکە لە جووتیارە هەژارە تیکوشەرەکان بیت .**

**٢ – جووتیاری مام ناوەنجی لە دەوری خوی بهالینیت وە بیان کات بە ئەندام لە کومەلەکە دا وە تی یان بگەیەنیت کە دەسکەوتیان لە گەل جووتیارە هەژارەکانە .**

**٣ – جووتیاری دەولەمەند بکەنە لایەنگر . جووتیاری دەولەمەندی سەر بە دەرەبەگ یان چلیس و بەتەماع دابرن لە خویان و نفوزیان لە ناو جووتیاران دا نەهیلن .**

**٤ – بە تەواوی نفوزو دەسەلاتی دەرەبەگو کویخا دەولەمەندو سەرەك هوزەکان لە کومەلی جووتیاران دوور خەنەوە .**

**٥ – جووتیارە هەژارەکان چەکدار کرین تاکو بتوانن پاریزگاری خویان بکەن وە دەسەلاتی خویان بسەپینن وە وە پاریزگاری کومەلەکەیان بکەن .**

**٦ – کومەلی تیکوشەری جووتیاران پیویستە خەباتی جووتیاران بە شیوەیەکی شورشگیرانە بەری بەریوە بو دابەش کردنی زەوی و زارو لە رەگو ریشە هەلکەندنی رەژیمی دەرەبەگایەتی دا .**

**٧ – کومەلی جووتیارەکان هەلسیت بە جوگە هەلکەندن و پاك کردنەوەو ناو دابەش کردن و سەرپەرشتی چاندنی زەوی و زار – لە هەموو فەسلەکانی زەراعەت دا .**

**٨ – کومەلی جووتیارەکان ئەبی گیانی هەرەوەزو پیکەوە ئیش کردن و هاریکاری و تەبایی و برایەتی لە ناو جووتیاران دا پەروەردە بکات .**

**٩ – کومەلی جووتیارەکان ئەبی خوی و جووتیارەکان بهینیتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بە بی – جمعیەی تەعاونی : کومەلی هاریکاری – و کیلگەی گشتی و کیلگەی هاریکاری چاك کردنی حالی جووتیارو بەکار هینانی تراکتورو کومپاین و مەکینەی ئاو راکیشان و بیری ئیرتیوازی زور زەحمەتە . چونکە هەر هەموویان پیکەوە بە هەرەوەزو هاریکاری نیوان هەموان ئەتوانن پەرە بە زەراعەتەکەیان بدەن و بەرهەمیان زورکەن .**

بەلام لە هەموی گرنگتر لە دامەزراندنی کومەلی جووتیاران دا ئەبی جووتیارە هەژارەکان بربرەی پشتی کومەلەکەو سەرکردەیی کومەلەکە بن . وە ئەبی جووتیاری مام ناوەنجی لە دەوری خویان بهالینن وە دوستایەتی جووتیاری دەولەمەندی ناحەز بە دەرەبەگ بکەن . وە ئەبی ئەم کومەلە تیکوشەرە جووتیاران رابەری بکات لە هەلسانە هەنگاوی شورشگیرانە – بە دابەش کردنی زەوی و زارو جی بە جی کردنی ئیسلاحیکی زراعی شورشگیرانە . بی ئەم جورە کومەلە بو جووتیاران ، بی کومەلی تیکوشەر بە سەرکردایەتی جووتیارە هەژارەکان ، بی برد چەك کردنی جووتیارە هەژارەکان ، ئیسلاحی زەراعی لە کوردستان دا سەر ناکەویت ، وە شورش ناتوانیت ئامانجەکانی خوی بهینیتە دی لە کوری کشتوکال دا .

ئەم کومەلانەش – هەر چەندە تیکوشەر بن سەر ناکەون بی هاوکاری و یەکیتی خەبات لە گەل کریکاران و رەنجدەرانی ترو خوینەوارە شورشگیرەکان بە رابەری پارتی پیشرەو .

★ ★ ★

# بوچی دژی جیابونەوەین؟

## پاشماوەی ووتاری ژمارەی پیشوو ...

وە لە کاتی بیر کردنەوە لە جیابوونەوەی کوردستان لە عیراق یا هەول دان بوی بی شك جگە لە راستی یەکانی پیشەکی ئەم باسەمان گەلی عەرەب و گەلانی دوستیشیان ئەبنە دوژمنیکی تری سەر سەختی گەلەکەمان .. بەوانە ئەو کوردستانە لە هەموو لایەکەوە بە دوژمنان دەورە ئەدری بی ئەوەی هیچ جورە دەرگایەکی تری پەیوەندی کردن هەبی بەوانەی کەدوست ئەمیننەوە .

جگە لەو راستیە .. با سەرنجیکی توانای کورد لە هەموو روویەکەوە بدەین بزانین تا چە رادەیەك توانای ئەو دروشمە و هەنگاوی هەیە ..

جاری لە رووی ئابووری یەوە نەوت شوینی یەکەم ئەگریتەوە لە ئابوری کوردستان کە گەر کوردستانیش لەو حالەتەی کە ئەرویان کرد گەر جیابوەوە و دوژمنانی دەورەیان گرت ئایا ئەو نەوتە ئەتوانری بنیردریتە ناو بازارەکانەوە ، بی گومان نەء کەوابوو ئەوسامانە لە ژیر ئەرزا بە مردوویی وە یا بی بەرهەم ئەمینیتەوە .. وە هەر بەو پییە سامانەکانی تری کوردستان لە رووی بازرگانی و پیشەسازی و لە چوار چیوەیەکی داخراودا ئەبی .. بویە توانای ژیان و بەردەوام بوون نابی .. ئەمە جگە لە توانای بە شەری و کەوادری بەریوەبەرو هونەر و ... هتد .

کەوابوو نەك هەلگرتنی ئەو دروشمە بەلکو بیرکردنەوەش لە جیابوونەوە تەنیا بە زەرەر بو کورد خوی ئەگەریتەوە و بیر کەرەوەکانی ئەو ریگەیەش بیانەوی یا نەیانەوی ( لە ساویلکە و عاتفەکان ) بەو جوری بیر کردنەوەیەیان .. زەرەر بە کوردایەتی ئەگەیەنن .

هەر لەبەر ئەوانەشە کە ئیمە دژی جیا بوونەوەین ..

جوولانەوە کەشمان بی بەریە لە جیا بوونەوە خوازەکان وە لە شوینی ئەوە لایەنەکەی تری مافی چارە نووس بە دەست خومان بی ئەو مافە یانەبی بماندریتی یا نەماندریتی ئیمە جوری مانەوەی بە ئارەزوو لە گەل گەلی عەرەب دا هەلمان بژاردووە و هەلی ئەبژیرین وە هەر لەبەر ئەو راستییەشە گەر بەزوریش ئەو جیا بوونەوەیە بسەپینری بە سەرماندا بەرامبەری ئەوەستین چونکە شورشگیرانی کورد زور چاك لەو راستییانە گەیشتوون و ریگەی خەباتی پیشکەوتوانەی خوشیان چاك دیاری کردووە کە خەباتی یەکگرتووی هەردوو گەلی کوردو عەرەبە بو گەیشتن بە دوا روژیکی بەختیار بو هەردووگەل و جەماهیریان ئەویش بە دامەزراندنی رژیمی سوشیالیزم عیلمیانە چونکە لە ژیر سایەی ئەو رژیمە جگە لەوەی کە چەوسانەوەی چینایەتی ناهیلری گەلی کوردیش بەو مافە رەوایەی کە لە پیناوی دا خەبات ئەکات کە وە دەست هینانی مافی چارە نووسی خویەتی بە دەست خوی بی کەلەو کاتەشدا بی گومان بە شیوەی یەکیتی بە ئارەزووی خوی هەلئەبژیری کە لە ئوتونومی بو کوردستان لە چوار چیوەی کوماری شرشگیری عیراق و لەو رژیمە سوشیالیزمەدا ئەحەویتەوە و کە بە هەموو مافە نەتەوایەتی یە کانیشی شاد ئەبی چونکە لە گەل نەهیشتنی چەوسانەوەی چینایەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیش نامینی بە زور سەپاندنی بیرو هەلویست و پەیوندییەکی زورەملی لە کایەدا نامینی وە بو وەستان بەرامبەر بە هەموو تەیارو جولانەوەیەکی جیابوونەوە خوازانە پیویستە لە سەر هەموو ئەو کەسانەی کە ئەیانەوی یەکیتی عیراقی راستەقینە بچەسپی ئەلیین پیویستە هەموو مافەکانی گەلی کورد بسەلمینری و یەکیتی یەکی بە ئارەزوو کە یەکسانی لە هەموو روویەکەوە تیدا بی پیك بهینری .

* * *

# پشمەرگەیەکی دانا دوژمن ئەشکینی ..

لە گوفاری «بناء الصین» ەوە وەرگیراوە



بەیانی زوو بوو ، هیشتا پیشمەرگەی دانا مام تی لە خەو راست نەبوو بووەوە کە دەنگی نالەی نارنجوکو گرمەگرمی فروکەی لە دوورەوە ئەهاتە گوی . بە بەرخویەوە ووتی :

دوژمن لە کاتی تەکتیکی داگیر کردنی دیی تان فوو بینەساتە لە دەشتی سابموی ، زور بە باشی لیی درا ، رەنگە ئیمروش بیەویت وای بە سەر بینیتو مەرگی خوی بهینیتە لیرە .

مام تی شیوەیەکی نایابی ریك خست بو لە ناو بردنی دوژمن ، وە پاش ئەوەی لە خو ئامادەکردن بووەوە ، سو جاوەری گردنیان خوی لە شوینیکی نزیك دا شاردەوە .

پاش نیو سەعات فروکەکانی دوژمن هاتنو دەستیان کرد بە خول خواردنو بوردومان کردن .. سەربازەکانی دوژمن بە سایەی فروکەکانەوە وەك درندەپەرینەوە لە روبارەکە .

پاش گرد بوونەوەیان لە روخی رووبارەکە وەك زەردەواله خویان کرد بە مالی مام تی داو کەوتنە شکاندنو ڕژاندنو مال تالان کردن .

یەکیك لە سەربازەکانی دوژمن سنوقیکی دوزیەوە ، سەربازەکانی تری بانگ کرد .

هەموو هەر وەکوو سامانیکیان دوزیبیتەوە لیی کوبوونەوە . سنووقەکە زور بە باشی داخرابوو ، لەبەر ئەوە پتر بە پەروش بوون بو کردنەوەی ودابەش کردنی ئەم دەستکەوتە . هەندیك ویستییان بە قەمە بیکەنەوە هەندیکی تریان ویستی قفلەکەی بشکینی . کاتی کە سەری سنووقەکەیان هەلدایەوە سي نارنجوك بە رووییانا تەقیەوەو وەك هەورە بروسکە نالەی کرد .

هەندیکیان لیی کوژراو ریخولەیان لە وورگیانەوە هاتبووە دەری شەشی سەربازیش بیدەستو قاچ مانەوەو ئەوانی تریش توقانو رایان کرد .

پاشان کە قەراخ رووبارەکە سەربازی دوژمنی لی نەما ، مام تی بە خوشییەوە گەرایەوە بو مالەکەی ، بزەی زەردەخەنەیی سەرکەوتن لە لیوی ئەباریو گەشەی بردنەوەی شەر لە ناوچەوانی دا ئەخوینرایەوە .

# رەخنەی ئەدەبی ئیمرومان ئەبی

## چون بی ..؟

گەر بیت‌و بە ووردی سەرنجێکی ئەدەبی کوردی بدەین ، ئەبینین کەنەك هەر ئەدەبێکی دواکەوتووە بگرە چەند قوناغێکی دوور لە ریزی ئەدەبە پیشکەوتووەکانی جیهانەوە بەجی ماوە ..

هوی هەرە گەورەی ئەم دوا کەوتنەش ئەگەرێتەوە بو باری سیاسی کوردستان بە دەست ئیمپریالیزم‌و دام‌و دەزگا کونە پەرستەکانی‌یەوە ، واتە ئەو داگیرکەرو چەوسێنەرانەی کە جلەوی حوکمرانی‌یان گرتوتە دەستەوە لە کوردستانا هەمیشە هەولی ئەوەیان داوە کە گەلی کورد بە کوێری‌و نەخوێندەواری‌و ئەدەبەکەیان بە کرچ وکالی بمێنیتەوە وە هەرگیز نابی لەو سنوورە تەقلیدی دەرچیت کە بوی کیشراوە ... واتە ئەدەبێکی کونی بابەت کلاسیك‌و دوور لە دەردو ئازاری گەلەوە سەپینراوە بە سەر میللەتی کوردا وەك هەر ئەدەب فری بەسەر گەلەوە نەبی ... بەلام روشنبیرانی کورد لەسەر هەموو مەیتەتی کویرەوەری‌یەکەوە جارەهای جار هەولی پساندنی ئەو کوت‌و زنجیرانەیان داوە کە کراوەتە گەردنی‌ئەدەبەکەمان‌و هەنگاوی پیروزی ئەوتویان ناوە کە جیی دلخوشی ئارەزووی ئەوتون کە ئیمرو ئیمە هیوای ئەوەمان هەیی کە ئەدەبەکەمان توانای ئەوەی هەیە کراسی کونی لەبەرکراوی بدرین‌و بەرگیکی هاوچەرخانەی تازەی لەبەرکە ین‌و شان بەشانی ئەدەبە پیشکەوتووەکانی جیهان بەرەو پیشەوە تەکانی پی‌بدەین... بو ئەم هەنگاوە پیروزەش پی‌ویستی‌مان بە ئەدەبێکی مروڤایەتی‌یە کە بگونجی لەگەل ئارەزووو داوای گەلەکەمانا ، نەك ئەدەبێکی کونی پەك کەوتەی بی‌کەلك کە روژانی رەش سەپاندبووی بەسەرمانا لەوە زیاتر نەئەبوو بنووسری‌و بووتری ....

زاناو شارەزا تازەکانی ئەدەب ری‌رەوی ئەدەبیان جیاکردوتەوە بەدوو جور ، جوری یەکەمیان ئەدەبێکی نوی‌ی شورشگرانەیە کە لەناخی دەروونی چینی رەنجدەران‌و چەوساوەوە هەلقولاوە ، لەسەرچاوەیەکی روونەوە دەرئەچی بوهاندانی جەماوەری خەلکی بو شکاندنی تەوقی کویلەیەتی‌و چەوسانەوە و ماف پی شیل کردن ، بو هینانەدی ژیانێکی پر لە بەختیاری‌و ئاسوودەیی .. ئەدەبیك هەول بدات بو بەختەوەری کریکارو جووتیارو کاسبکارو روشن‌بیری دوست بە گەل.. واتە ئەدەبیك بیت کە گەل لە جوانی خوی تیا ببینی‌و سەیری خوی تیادا بکات .

جوری دووەمیشیان ئەو ئەدەبە دواکەوتووەیە کە بەکسەر داردەستی چینە چەوسێنەرەکانەو پاریزگاری لەدام‌و دەزگاکانیان ئەکات‌و فری بەسەر جەماوەری راستەقینەی گەلەوە نی‌یە .. ئەدەبێکی پرو پووچ‌و بی‌کارەو نالەبارە ، هەرچی نووزە بیت تیادا بەدی ناکری ، بویە ئەم جورە ئەدبەش رووەو نەمانیکی

هەتا هەتا ملی گرتووەو هەتا ئیستا ها سالیکی تر بەرەو چالیکی سەختی نەمان ئەکشیو نوقومی زەلکاوی مەینەت ئەبی باش زانینی ریرەوی ئەدەب ئەبی ئاوریك لە ئەدەبی کونی خومان بدەنیەوە بو بژارکردنی لەو مرورو گژو گیاو هەرەزەی کە تیکەلی بووە تا بە بیری شورشگیرانەو براوی پتەوی مروڤایەتیو نەتەوایەتی یەکی راستەقینە بژاریکی باش بکەین هەر وەك ئەبی تەرازوویەکی داد پەروەرانەی باشمان بە دەستەوە بی بو کیشانو پیوانی هەموو ئەدەبیکی لەمەو دوامان . واتە ئەبی باوو نرخ بدەین بەرەخنەی ئەدەبی کە ئەدەبی کوردی تا ئیستا لیی بیبەش بووە ...

بو رەخنەی ئەدەبیش دوو جور پیوان هەیە کە یەکەمیان پیوانەی سیاسیو ئەوی تریشیان هونەری یە :

بە پیی پیوانەی یەکەمیان ئەبی هەموو بابەتەکانی ئەدەب هاندەریکی توندوتیژ بن بو هاندانی جەماوەری کوردستان لە پیناوی یەکیتیو برایەتیو ئامانجی پیروزی گەلدا ، ئەبی ئەو بابەتانە دژی زورداریو چەوساندنەوەو دوو بەرەکیو دوژمنایەتی بن ... پیویستە ئەدەبیك بیت هەرلی پیشکەوتنو ئازادیو بەختیاری چینە مافخوراوەکانی گەل بدات ..

گەر ئەدەبیك ئەم مەرجانەی تیابی ئەوا بە پیی پیوانەی سیاسی ئەدەبیکی پەسەندو بە کەلکە پیویستە پیی بووتری ئەدەبیکی چاك . هەرچی کردەوەیەکی ئەدەبیش لەو سنوورە بەدەر بی ئەوا نەك هەر پیی ئەووتری خراپو بی کەلك بەلکو ئەبی بە دستیکی پولاینەوە لیی بدریو لە رەگو ریشەدا هەلکەندری تا ماکی نابەسەندنی لە میشکی پاکی خەلکی ساویلکەدا تەشەنە نەکاتو رەگ دا نەکوتی .

پیوانەی دووەمیش کە پیوانەی هونەری یە هیچ جیاوازی یەکی ئەوتوی لەگەل پیوانە سیاسی یەکەیدا نی یە بەلکو هەر دووکیان لەزور جارا لەیەك جیاناکرینەوە .

واتە ئەبی کە ئەو ئەدەبە پیشکەوتووە لە قالبیکی هونەری کارامەدا هونرابیتەوە قالبیکی پوختی بی فرەفیلو رووکەش ، کە بەئاسانی گەل لیی بگاتو تامی لیوەرگری ، بە زمانیکی پاراوی ئاسان رازابیتەوە ، نەك زمانیکی قورسی ووشە قەلەو کە هەرچی تامو تیژ بی تیادا نی یە ، ئەبی بابەتەکانی ئەدەب بە زمانیك بدوی کە زمانی زوربەی گەلبی ... ئەبی لە هەستیکی ناسکی ئارەزوومەندەوە هەلقولابی کە پربی لە بزوتنەوەو جوولانەوەو چالاکی ، جوشو خروش بدا بە دلی گوی گرو خوینەوار ... بەرگی ستیو تەمەلیو شلو شاوی فری بداتو بەرگکی تازەی هاوچەرخانە بپوشی کە راستو رەوان ئارەزووی چینە بنەرەتیەکانی گەل بەجی بینی .

بە پیی ئەم پیوانەو تەرازووە لەمەو دوا لاپەرەکانی رزگاری ئەخەینە سەرپشت بو بژار کردنی ئەدەبەکەمان بە پیوانەیەکی شورشگیرانەی پر لە دادپەروەری کە بە موو لا نەکاتو بە توسقال لاسەنگ نەبی ... دەرگا کراوەیە بو هەموو خاوەن پینووسیك کە بە راستی ئەیەوی خزمەتی راستەقینەی ئەدبەکەمان بکات خزمەتیك کە دوور بی لە رقو کینەو دوژمنایەتی ... دوور بی لە تولەسەندنو هەق کردنەوە ... رەخنەی ئەدەبیمان ئەبی بو بەرزکردنەوەو پیش خستنی ئەدەبەکەمان بی ....

* * *

# مافەکانی مروڤ

له سالی ١٩٤٦ دا لیژنەیەك له سەر مافی مروڤ هاتە کایەوه ، وه له سالی ١٩٤٧ دا ئەم لیژنەیه دەستی کرد به ئیش کردن . دوو سال دوای دامەزراندنی ئەم لیژنەیه له شاری پاریس به بەرواری ١٠–١٢–١٩٤٨ دەستگای گشتی نەتەوه یەکگرتووەکان لائیحەی مافی مروڤی پەسەند کرد که له ( ٥٨ ) دەنگ ( ٤٨ ) دەنگی وەرگرت ، دوو وولات ئامادە نەبوونو ( ٨ ) وولاتیش دەنگیان نەدا . بەم پێیە بو یەکەم جار لائیحەیەکی عالەمی له سەر مافی مروڤ دانرا بی ئەوەی که هیچ وولاتیك له دژی دەنگ بدات .

لائیحەی مافی مروڤ له ( ٣٠ ) بەند پێك هاتووه که ئەمە شتیکی ئاسان نەبوو به نیسبەت وولاتانی گیتییەوه که هەموو ریك بکەونو دەنگیان بدەن به دان پیانانی مافی مروڤ دا ، دان پیانانی مافو ئازادی هەموو مروڤیك .

روژی ١٠–٨ به روژی مافی مروڤ ناسراوەو له زور شوین یادی ئەم روژه ئەکریتەوه .

سی بەندی لائیحەکه بەم شیوەیەی خوارەوه بەش کراوه که بەشی زوری باسی ئەم دوو رووه ئەکەن :

١ – مافی شەخسی ، مەدەنی ، له گەل مافی سیاسی

٢ – ئابوری ، کومەلایەتی ، رەوشن بیری .

ناوەروکی گشتی بەندەکان :

بەندی یەکەم ئەلی کەوا هەموو کەسیك به سەربەستی له دایك ئەبیتو هەموو یەکسانن له ریزو مافەکانیان دا ، وه هەموو ئەقلو ویژدانیان پی بەخشراوه بویه

وەرگیرانی – رزگاری – له ئینگلیزی یەوه

پیویسته که هەموو کرداریان بەرامبەر یەك له سەر گیانی برایەتی بیت . بەندی دووەم دان پەوه دا ئه نیت که هەموو کەسیك مافی سەربەستی هەیه به بی جیاوازی له رەگ ( عرق ) و رەگەز (جنس)و زمانو ئاینو بیرورای سیاسیو پارەداری . هەروەها ئەم بەنده روونی ئەکاتەو که هیچ جیاوازی یەك له نیوانی خەلکی وولاتانی سەربەخوو وولاتانی ژیر دەسته نی یه . به کورتی ئەلیت که هیچ جیاوازی یەك نی یه له میانەی خەلکی هەر وولاتیكو هەر شوینیك دا .

مافی شەخسی ومەدەنی له گەل مافی سیاسی :

له بەندی سی یەمەوه تا بەندی بیستو یەکەم مافی شەخسیو مەدەنیو سیاسی دانی پیانراوه هەر وەك زور له پیش ئەمەدا هەندیك وولات دانی بەم مافه دا ناوەو باسای تایبەتی یان بو داناون .

له بەندی سی یەمی دا ئەلیت که هەموو کەسیك مافی ئەوەی هەیه بژیو سەربەست بیت زامنی ژیانی بکریت که ئەم بەنده مافیکی زور سەرەتایی مروڤه .

ئەم بەنده بەستراوه به بەندی چوارەمو پینجەمەوه که ئەلیت نابیت کەس به کویله (عبد ) دابنریت وه نابیت کەس ئازارو ئەشکەنجه بدریتو کرداری ناپرەوای له گەل بکریت چونکه ئاشکرایه که کویلایەتی به هەر چەشنی بیت به پیچەوانەی سەربەستی مروڤه ، هەروەها کرداری نارەواش له گەل مروڤ دا واتای شکاندنی ریزی مروڤو مافی ژیانی یەتی ئیمرو مافی مروڤ به پی ی دەستوورو قانون پاریزراوه بویه بەندی شەشەمو حەوتەمو هەشتەمی لائیحەی مافی مروڤ دانی بەوه دا ناوه که هەموو کەسیك ناسراوه بەرامبەر قانون وه هەموو

کەسیك یەکسانه بەرامبەری هەر وەك هەمووچوون یەك پاریزراون له لایەن قانوونەوه، وه بەندی هەشتەم دان بەوەش دا ئەنیت که هەموو کەسیك مافی چاك بوونی هەیه بویه لائیحەی مافی مروڤ تاوان باریش وەك بی تاوان ئەپاریزیت وەکوو بەندی نویەم روونی کردوتەوه که ئەلیت کەس نابیت بی هو بگیریت یان دەردەست بکریت ، وه یا دوور بخریتەوه ، وه هەموو کەسیك مافی مەحکەمه کردنیکی عادلانەی گەلی هەیه وەك له بەندی دەیەم دا دەری خستووه . وه بەندی یانزیەمیش ئەوه ئەلیت که نابیت کەس به تاوانبار دابنریت تا وەکوو تاوانەکەی نەسەلمیزیت .

له پراستی دا ئەمانەی سەرەوه سەرەتای هەموو قانونیکی تاوانن که مافی

# چینە کومەلایەتی یەکان

ئامادە کردن و نووسینی : شەهید روشدی شریف
وەرگیرانی لە عەرەبی‌یەوە : رزگاری

هەموو کەسیك بە تەواوی ئەپاریزریت .

هەر چەندە مروڤ گیانداریکی کومەلایەکی‌یە بەلام لە گەل ئەمەش دا زور شت هەیە کە پیویستی بە نهینی مروڤەوە هەیە جا لە بەر ئەوە بەندی دوانزە مافی ئەوە ئەدا بە مروڤ کە نهینی خوی بپاریزریت وەك لە نامە نووسین دا لە یەکیکەوە بو یەکیکی تر هەروەها نهینی ناو مالی و مافی پاراستنی ریزی مال .

بەندی سیانزوەیەم مافی ئەوەی داوە بە مروڤ کە نیشتەجی ئەبیت یا گەڕ بروات لە ناو سنووری وولاتەکەی خوی دا . ئەم بەندە لەوە پتری ماف داوە بە مروڤ کە ئەگەر ویستی ، وولاتەکەی بەجی بهیلی ، وە یا بگەریتەوە بو وولاتەکەی .

زور جار لەمیژوودا لەم کاتەش دا ژیانی مروڤ ، لە لایەن کاربەدەستان و دیکتاتوری‌یە ـ تەکانەوە ، تال کراوە بویە بەندی چواردەیەم ئەلیت کە هەموو کەسیك مافی ئەوەی هەیە کە داوای ئەوە بکات ببیت بە پەنابەر بو ئەوەی ژیانیکی خوشتر لە وولاتیکی تر رابویریت .

ماویتی

چین ، بریتی‌یە لەکومەلی گەورە گەورەی مەردوم ، کە هیچیان لەوی تریان ناچی لەبارەی جیگای ئەو کومەلەوە یاسای بەرهەم هینانی کومەلایەتی‌یەوە ، کە میژووی دیاری کردووە بەپی‌ی پەیوەندی‌یان هویەکانی بەرهەمهینانە یان نا ؟ .. ، و ئەو پەیوەندی‌یە لە زور کاتا بەپی‌ی یاسا ( قانون ) ریکو پیك خراوە ، هەروەهاشی دەوری ئەو کومەلە مەردومانە لە ریکخستنی کومەلی‌ی ئیش‌و کاردا یەکیکی ترە لەو پیوانانە، واتە زانینی شیوەو بر ( مقدار ) ی ئەو سامانە کومەلایەتی‌یانەی کە لەو کومەلە مەردومانە دەستیان ئەکەویت ... دابەش کردنی کومەلی‌ی ئیش‌و کارو دەرکەوتنی بەخاوەن بوونی تایبەتی هویەکانی بەرهەم هینان ، بووە هوی دەرکەوتنی چینە کومەلایەتی‌یەکان .

هەموو رژیمیکی کومەلایەتی کراوە بەچەند چینیکەوە کە دروست بوونی چینایەتی تایبەتی خوی هەیەو لەرژیمیکی کومەلایەتی تری جوی ئەکاتەوە بەپی‌ی چینە سەرەکی‌یەکان تیایدا ، چینە سەرەکی‌یەکانی سەرمایەداری‌ی بازرگانی‌دا ، کومەلیکی بەندەگی ( مجتمع ئینجا وورده وورده ئەبیته عبودی ) ، بریتی‌یە لەچینی کویلەو چینی خاوەن کویلە ، لە کومەلیکی دەرەبەگی‌دا جووتیارو رەنجدەر لەلایەکو دەرەبەگیش لەلایەکی ترەوە جووتە چینی سەرەکین ، بەلام لەکومەلی سەرمایەداری‌دا ، بورجوازی‌یەکان‌و کریکارەکان پیك هینەری بچینەی چینایەتی ئەو کومەلەن ، و لەگەل گوران ( تطور ) ی سەرمایەداریتی‌دا بەشیکی زوری جووتیارەکان ئەبنە کریکارو دەرەبەگەکانیش بە بورجوازی . ئەمەش ئەوە ناگەیەنی کە کومەل لەو رژیمە کومەلایەتی‌یانەدا تەنها لەو دوو چینە پیك دیت بەلکو پاشماوەی چینە لەناوچووەکان‌و ناوك ( نواة ) ی چینە نوی کانیشی تیایە کە لە قوناغی داهاتوودا دەرئەکەون ، بو وینە لە کومەلی دەرەبەگی‌دا ، جووتیارو دەرەبەگ دوو چینی سەرەکی پیك ئەهینن ، بەلام لەگەل ئەو دوو چینەش‌دا پاشماوەی قوناغی رابوردوو هەرماوە ـ پاشماوەی بەندەیەتی‌و خاوەن بەندی‌یە ـ و لەگەل گورانی دەرەبەگیتی‌دا ناوکو سەرەتای چینی بورجوازی دیاری ئەدا لەپیشا لە شیوەی چینیکی جیاوازو دیاری خاوەن دەسەلاتیکی ئابوری گەورەو لەوەدواش دەست ئەکیشی بەسەر دەسەلاتی سیاسی‌داو رژیمی دەرەبەگایەتی لەناو ئەبات بەجوریك کە لەگەل بەرژەوەندی تایبەتی خوی‌دا بگونجی ...

وەلەری ناکوکی بەرژەوەندی ( المصالح المتضادة ) ئەو چینانەوە خەباتی چینایەتی پەیدا ئەبی ، کە هیزی بزوینەری ئەو کومەلانەیە کە ناکوکی چینایەتی‌یان تیایەو چینی کریکار لەناو هەموو چینەکانی تردا دەوریکی گرنگو میژوویی هەیە بو تەفرو تونا کردنی رژیمی سەرمایەداری‌و هەموو جورەکانی چەوساندنەوەو پیکهینانی کومەلیکی سوشیالیستی . کەواتە چینی کریکار بە هاوپەیمانی لەگەل جووتیارو روشنبیرە شورشگیرەکان خەبات ئەکات بو لەناو بردنی چینە بورجوازی‌و دەرەبەگەکان‌و تەفرو تونا کردنی رژیمی سەرمایەداری‌و دامەزراندنی کومەلیکی سوشیالیستی لەشوینەواری‌دا ...

* * *




# هەڵسەنگاندنێکی باری ئێستای دەوڵەتان

**( نیسان ١٩٤٦ ) ماو تسی تونگ**

وەرگێڕان و لێدوانی – ف –

یەکێك لە هەرە گرنگترین ئەنجامەکانی جەنگی ئیمپریالیستی دووەم هاتنە کایەوەی کۆمەڵێك دەوڵەتی دیموکراسی میللی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا کە ئەمە بە سەرکەوتنێکی زۆر مەزنی بیری پێشکەوتووانەی نوێ ئەژمێردرێ لەم سەدەیەدا . وە تێکشکاندنێکی تەواوی هێزە کۆنەپەرستەکانی گیتی بوو کە لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە پشتگیری ئەکران .

هەر لەم کاتەدا کە بەرەیەکی سوشیالیستی پۆلایین لە ئەوروپادا هاتە کایەوە شۆڕشە مەزنەکەی گەلی چینیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتنی بەدەست ئەهێنا و زۆربەی زۆری خاکی چینی گرتبووەوە ، وە بەرەو سەرکەوتنێکی یەکجارەکی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراسی نوێ ئەچوون لە ڕۆژهەڵاتا . لەبەر ئەم هۆیە لەلایەك ، وە تیاچوونی هێزی داگیرکەرەکانی ژاپۆن لە چیندا لە ئەنجامی هەرەس هێنانی دەوڵەتەکانی ( محور ) ، وە ماوە چۆڵ بوون بۆ ئیمپریالیزمی ئەمریکا – پاش لاواز بوونی بەریتانیا و فەرەنسا لە ئەنجامی شەڕی گیتی دووەم – کە دەوری سەرکردەیی وڵاتە سەرمایەدارەکان وەرگرێت لەلایەکی تر ، پاڵی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە نا کە دەست بکێشێتە کاروباری چینەوە . بۆ ئەمەش دەستی کرد بە یارمەتیدانێکی بێ ئەندازەی جان کای چێك و کۆنەپەرستەکانی کۆمینتانگ .

هەر لەو کاتەدا کە هێزەکانی جان کای چێك بە یارمەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا هێرشی یەك لە سەر یەکیان ئەکردە سەر ناوچە بنکەییەکانی لەشکری شۆڕشگێری چین ، ئیمپریالیزمەکان کەوتبوونە هێرشێکی پروپاگەندە بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت و بیری پێشکەوتووی سوشیالیست و گەلان و خستنەوەی بەیت و باوەڕەی هەڵگیرساندنی جەنگێکی نوێیەم لە گیتیدا بە نیازی کارکردنە سەر مەعنەویاتی هێزە شۆڕشگێرەکانی گەلان وە بە تایبەتی هێزی شۆڕشگێری گەلی چین . وە لە ڕاستیشدا ئەم پروپاگەندەیە بۆ جەنگ هەڵگیرساندن تا ڕادەیەك کاری کردە سەر هەندێك لە شۆڕشگێرەکانی چین وە تووشی شێوە بیرکردنەوەیەکی تەسکی کردن دەربارەی سروشتی ڕاستەقینەی ئیمپریالیزم و هەڵسەنگاندنی ڕادەی هێزی گەلان وە هێزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان . ئەمە جگە لەوەی کە جۆرێك شێواوی خستبووەوە تەنانەت لە بیری هەندێ لە کادیرە پێشکەوتووەکانی شۆڕشی چیندا دەربارەی مەسەلەی لابەلاکردنی گیروگرفتەکانی گیتی و هەڵوێستی نێوان هەردوو کامپەکەی گیتی ، کامپی سوشیالیستی و کامپی سەرمایەداری .

سەبارەت بەمە ماوتسی تونگ سەرکردەی شۆڕشی چین وتارێکی بەو ناونیشانەی سەرەوە نووسی ، وە لە سەرەتادا تەنیا ئەندامە سەرکردایەتییەکانی شۆڕش ئەمەیان دی پاشان لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیستی چیندا لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٧ خرایە پێش چاو و پاش دیراسە کردنی کرایە بەشێك لە بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨دا بڵاوکرایەوە ...

وەنەبێت ئەو چەند تێبینییە کە سەرۆك ماوتسی تونگ لەو سەردەمەدا نووسیویەتی هەروا شتێکی ڕۆژانەو کاتی بوو بێت و سوودەکەی بەند بێت لە سەر باری ئەو کاتەی دەوڵەتان بەس ، بەڵکو ئەو شێوە شیکردنەوەو سەرنجانەی ماو کە لەبەر تیشکی تیوری سوشیالیزمی عیلمی داویتی بۆ باری ئەو کاتەی دەوڵەتان تا ئێستاش وانەکانی نەك هەر کاری ماوەو لەگەڵ واقیعی ئیمڕۆدا ئەگونجێ بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەو ڕایانەی کە لەو سەرچاوەیەوە هەڵی هێنجاوەو بەو شێوە ڕێکو پێکە دای ڕشتووە زیاتر ڕاستی و گونجانیان سەلماوەو ئەسەلمێ . بە تایبەت خەباتکەرانی بزووتنەوەی ڕزگاری ئەتەوایەتی کوردیشەوە خوێندنێکی چاکی ئەم تێبینییانە شێوەی بیرکردنەوەیان فراوان ئەکات و سروشتی شەڕخوازانەی ئیمپریالیزمیان لە گەڵ و ڕێگای خەباتی ڕاستەقینەیان ئەخاتە بەردەم کە خەباتێکی تەواوی بەتینە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی داردەستی .

ماو لە هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی هێزە کۆنەپەرستەکانی گیتی ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە ئەم هێزانە – هێزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی داردەستی هەمیشە خەریکن جەنگ ئامادە ئەکەن بەو پێیەی سروشتی هەرە ئاشکرای ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ، وە سوود و بەرژەوەندییان هەمیشە لە هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕدایە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرو ڕاستی پێشمان ئەڵێت کە هێزە دیموکراسی خوازەکانی گەلانی گیتی کار ، کە بەڵاگرتو بەرەو پێشەوە مل ئەنێن ئەتوانن بە سەر ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانا زاڵ بین کە بەمەش مەترسی جەنگ نامێنێ . ئەم ڕاستییەش نەما بۆ کاری دەوڵەتان نییە بەڵکو لە سنووری ناوچەییش دا ، کاتێ کە شەڕی ناوخۆیی ( ئەهلی ) لە وڵاتێکدا ڕوو ئەدات ، وە لەو کاتانەی کە ئاگری جینایەتی ئەگاتە ئەوپەڕی ، ئیجگار توند و تیژ ، بەرەی کۆنەپەرستی لەو ئاگرەیدا ، بە پێی سروشتی جینایەتی وە بە پشتی ئیمپریالیزم هەوڵی داخستنی

... بەلام بووەتە راستیەکی میژوویی کە لەم بارەشدا هیزە دیموکراتو پیشکەوتووەکان ئەتوانن بە یەکگرتنو بەردەوام بوون لەو رویشتنەیاندا بەریگای شورشگیرانەدا زال ببن بە سەر هیزە کونەپەرستیەکاناو ئەو شەرەتەفرو توونا بکەن .

هەروەها ماو لەم بەلگەنامانەدا باسی جونیەتی لابەلاکردنی گیروگرفتەکانی نیوان دەولەتان ئەکات، وە ئەم رایەی کە تا ئیستا پەشیکە لە سیاسەتی دەرەوەی کوماری چینی میللی بریتیە لە بروا کردن بەوەی کە پیویستە پەیوەندی هەبیت لە نیوانی هەموو دەولەتەکانی گیتیدا بە جیاوازی رژیمی کومەلایەتی و ئابووری سیاسیانەوە .

وەلەم بابەتەوە ئەدوی جونیەتی ئەو پەیوەندیە ئەدویت وە باسی جوری لابەلاکردنی کیشەکانی دەولەتان ئەکات ، وە رای وایە کە هەموو کیشەکانی گیتی ناتوانریت لابەلابکریت سەبارەت بە بوونی جیاوازی رژیمی ئابووری و کومەلایەتی سیاسی دەولەتەکانی گیتی . وە چارسەرکردن لابەلاکردنی یەکلاوەی کیشەکانی گیتی ئەبەستیتەوە بەهەرەس هینانی رژیمی سەرمایەداری ئەمانی .جونکی جینە کونەپەرستەکانی ئەو وولاتە سەرمایەداریانەوە ، لە هەمان کاتیشدا ئەو لابەلاکردنەی کە باسی ئەکات لابەلاکردنی هەندیک لەوکیشانەیە ئەك هەمووی کە گەلیك جار کیشەی گەورە گەورەشی بەرئەکەوی .

وە بو دووپات کردنەوە لەسەرئەوەی کە پەیوەندی پیویستە ئەبجریت لەنیوانی وولاتە سوشیالیزمەکانو وولاتە سەرمایەداریەکانا سنووری بولەو پەیوەندیە کیشاوە کە بریتیە لە پەیوەندی بازرگانی کە بە باشی زانیوە لەو کاتەدا هەبیت لەنیوان یەکیتی سوفیەت وە ئەمریکاولینگلیزو فەرەنسا . وە بو چاکتر روون کردنەوەی ئەم لابەکردنەو دیاری کردنی جوار چیوەکەی و هەلویستی گەلانی خەباتکەری گیتی لیی ، ماولەو راستیە دووبارە ئەکاتەوە کە ئەم یەککەوتنو لابەلاکردنە لە نیوانی یەکیتی سوفیەتو سەرمایەداریەکانا دروست نابیت بەبی خەباتیکی بیدوجانی توندوتیژ لەلایەن هەموو هیزە دیموکراسیەکانی گیتیەوە جونکە بی ئەم خەباتە ئیمپریالیزم مل نادات وە بە بی پالەپەستویەکی شورشگیرانەو بەربەرەکانیەکی تەواوی ئیمپریالیزمو کونەپەرستان ئەم لابەلاکردنە دروست نابیتو ئیمپریالیزمو کونەپەرستان لەسەرکیشی کردن ناکەون .

بەلام لەگەل ئەوەدا لەو لابەلاکردنانەی کە ئەکریت لە نیوانەی وولاتە سەرمایەداریەکانو یەکیتی سوفیەتدا نابیت وا لە گەلانی وولاتە سەرمایەداری یا ژیردەستەونیمچەژیردەستەکان بکات کە لە خەباتی خویان واز بهینن ، یا بە ناکوکیە چینایەتیەکانی ناو وولاتەکەیان لابەلاکردنیك لەم شیوانەی کە لە نیوان دەولەتاندا ئەکریت ، بکەن .

جونکە ئەو لابەلاکردنەی کە لە مەسەلەی پەیوەندەی دەولەتانی سوشیالیزمو سەرمایەداریدا ئەکریت ئیمپریالیزم سەبارەت بە توندوتیژی خەباتی گەلان بیتی قابل ئەبیت تەنازولەئنجام، باشترو راستی رژیمەکەیان!

لە کوتایی ووتارەکەدا سەروك ماوسروشتی خەباتی جینانەترمان بە کاکلەییو پوختی ئەخاتە بەردەم گەرشتیە لە هەولدانو کوششی هیزە کونەپەرستیەکان بو لەناو بردنوهارینی هیزە پیشکەوتووەخوازەکان وە لە بەرامبەر ئەوە پیویستی خەبات کردنی هیزە پیشکەوتووەکان کە ئەبیت هەمان سیاسەت بەکاربهینن بە لەناو بردنو هارینی هیزە کونەپەرستیەکان .

**لیرەدا بو ئیمەی کورد وەبو باری ئیستای کوردستان ئەتوانین لەم ووتارە چەندپەندیك وەرگریت وەلە لای خوارەوە بەکورتی وە بەچەندخالیك ئەی نووسین**

**( ١ ) ـ ناسینی سروشتی شەرخوازانەی ئیمپریالیزمو هیزە کونەپەرستیەکانی داردەستی لە هەموو لایەکی گیتیدا .**

**( ٢ ) لیك دانەوەی باری ئیستای کوردستانو ئەرکەکانی خەباتی ئیمرومان لەبەر روشنایی ئەمەی سەرەوەو تیگەیشتنیکی باشلە سروشتی شەرخوازانەی کونەپەرستەکانی کوردو عەرەبو ئیمپریالیزمی ئاغایان .**

**( ٣ ) ـ لابەلاکردنی هەرگیروگرفتیك یا کیشەیەك لە گیتیدا بەگشتیو لە هەموولاتدا بەتایبەتی بە بنەبری شتیکی مەحالە تا چەوسانەوە لەئارادا بیتو لەگیتیەدا کومەلیکی فرەچین دا بژینو کونەپەرستان خاوەنی دەسەلات بن . وەئەو لابەلاکردنو چارسەرکردنانە تەنیا بو هەندیك گیروگرفتو کیشە ئەبیتو بەس .**

**( ٤ ) ـ هەر ریك کەوتنیكو لابەلاکردنیك کە لە نیوانی یەکیك لەو دەولەتانەی کەچارەنووسی کوردی پیوە بەستراوەتەوە ، لە گەل هەر وولاتیکی سوشیالیستیدا رووی دا نابیت کار بکاتە سەرخەباتمانو ببیتە مایەی لابەلاکردنی مەسەلەکەمان بە دوراندنی مافە نەتەوایەتیەکانمان ، بەلکو ئەبیت خەباتی خومان پەرە پی بدەین دژی دوژمنانی ئەو مافانەمان کە کونەپەرستانی کوردو نەتەوەی دەسەلاتدارە کە کوسپی یەکەمی ریی گەیشتنمانن بە ئامانجەکانمان .**

**( ٥ ) ـ هیزی پیشکەوتووخوازو شورشگیری کورد کە پیشرەوەکەی خەلکی کوردستان رابەری ئەکات پیویستە ستراتیژی هیزە کونەپەرستیە چەکدارەکەی سەر بە ئیمپریالیزم لە کوردستاندا بزانیت کە بریتیە لە لەناوبردنو هارینی ئەم وە ستراتیژی تیکوشانی بەرامبەر ئەو ستراتیژە ناهەموارەی بزوتنەوە چەکداریە داردەستەکەی ئیمپریالیزم بریتی بی لە هەمان سیاسەت کە لەناوبردنوهارینیانە کە تەنیا بەمە ریخوش ئەبیت لەبەردەم کاروانی شورشگیرانەی گەلەکەمان بە سەرکردایەتی پارتیە پیشرەوەکەی بەرەو بەدی هینانی مافە نەتەوایەتیو دیموکراسیەکانمان .**

ئەمەش (نص) ی ووتارەکەی ( ماوتسی تونگ ) ە :ـ

« ١ ـ هیزە کونەپەرستیەکانی گیتی خەریکن بەرآستی بو سییەم جەنگی گیتی ئامادە ئەکەن . وە مەترسی جەنگ هەروالەئاودایە ، بەلام هیزی دیموکراسی خوازی گەلان زالترە بە سەر هیزە کونەپەرستیەکاناو بەرەوپیشەوە مل ئەنیت پیویستە لەسەر هیزە دیموکراسیەکان ـ وەلە توانایان دایە ـ کە بەسەر مەترسی جەنگدا سەربکەون .

لەبەر ئەمە مەسەلەی پەیوەندی نیوان وولاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنسا لەلایەك وەیەکیتی سوڤیەت لەلایەکی تر مەسەلەی ئەوە نی یە کەچی روو ئەدات ، لابەلاکردن( التسویة) ئەبیت یا لیکبوون؛ بەلکو ئەوەیە کە ئایا ئەم لابەلاکردنە بەزوویی ئەبیت یا بەدرەنگی لابەلاکردن( التسویة ) واتای گەیشتنە ریككەوتنیکە بەریگەی ووتوویژو ئاشتی یانە . وە بە ( زوویی یا درەنگی ) واتاله چەند سالیكدا یا لە دەسالدا یا زیاتر وەیاله‌کاتیکدا ئەبیت کە لەوەش تی پەر ئەکات .

٢ ـ ئەو جورەلابەلاکردنەی کە لە سەرەوە باسمان کرد مانای لابەلاکردنی هەموو کیشەکانی دەولەتان نی یە چونکە ئەم جورە لابەلاکردنە هەرگیزاو هەرگیز نابیت تا ووڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاو فەرەنسا لەلایەن کونەپەرستانەوە حوکم بکرین . ئەم جورە لابەلاکردنە مانای برانەوەی هەندی لەو کیشانەیە کە هەندیك کیشەی گرنگیش ئەگریتەوە . بەلام ئەم جورە لابەلاکردنانەلەپاشە روژیکی نزیکدا زور نابیت . لەگەل ئەوەشدا توانای پەرە پیدانی بازرگانی نیوان وولاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاو فەرەنسا لەگەل یەکیتی سوڤیەتدا هەیە .

٣ ـ ئەم جورە لابەلاکردنەله میانەی وولاتە یەکگرتووەکان و بریتانیاوفەرەنسا لەلایەك وەیەکیتی سوڤیەت لەلایەکی تر لە ئەنجامی خەباتیکی بی‌ووچانی توندوتیژی هیزەدیموکراسی‌یەکانی گیتی ئەبیت لەدژی هیزە کونەپەرستی یەکانی وولاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیاو فەرەنسا . وە ئەم جورە ریککەوتنە نابیت وا لە گەلانی وولاتە سەرمایەداری یەکان بکات کە لەناو وولاتەکەیاندا بەهەمان کار هەلسن . لەبەر ئەوە ئەم گەلانە دریژە بەخەباتی جیاوازی خویان ئەدەن هەر یەکە بەپیی باری جیاوازی خوی .

ئەو بروایەی کە هیزەکونەپەرستی یەکان هەیانە بەرامبەر هیزە دیموکراسی یەمیللی یەکان بریتی یە لە لەناو بردنیکی تەواوی ئەو هیزەدیموکراسی یانەی کە پیی لەناو ئەبریت ، وە خو ئامادەکردنە بو لەناو بردنی ئەوانەی کە ئیستا توانای لەناو بردنیانی نی یە . هیزە دیموکراسی یە میللی یەکانیش پیویستە ئالەم بارەدا هەمان بروا بەکار بهینن بەرامبەر هیزەکونەپەرستی یەکان .»

# اعـــلان

## مشاريع الخطة الاقتصادية الخمسية

## المنهاج الاستثمارى لسنة ٦٨ ـ ٦٩

## لمديرية البستنة العامة

الحاقا باعلاننا ١٠٢٩ في ٢٧-٣-١٩٦٩

بناء على ماجاء بقرار مجلس ادارة اللواء ٥١٨ في ١٤-٤-٩٦٩ تقرر تاجيل المناقصة السرية لتعهد انشاء دائرة وكراج في مشائل بكرجوفى سرجنار الى الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ٥-٥-١٩٦٩ .

على الراغبين تقديم عطاءاتهم الى مجلس ادارة اللواء فى الموعد المعين وفق الشروط المعان عنها في حينه .

العقيد

كريم قرەنى

متصرف لواء السليمانية

# اعـــلان

التسلسل

٥٦

المحلة

سرشقام

سيجرى تسجيل المحذات تسلسل ٥٦ الواقع فى محلة يرشقام مجددا باسم رئاسة ديوان الاوقاف من الاوقاف المضبوط الخيرى باعتباره وقفا صحيحا فعلى من يدعى خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثين يوما من تاريخ اول نشره مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو لواء السليمانية

# اعلان

التسلسل

١١٧٣

المحلة

كويزة

سيجرى تسجيل فضلة الطريق ذات تسلسل ١١٧٣ الواقعة فى محلة كويزة مجددا باسم وزارة المالية للجمهورية العراقية باعتبارها ملكا صرفا فعلى من يدعى خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثين يوما من تاريخ اول نشرة مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو لواء السليمانية

# گوشەی پیلە بازی

رزگاری لەم گوشەدا ، بە زوری ئەو بیروڕایانە بلاو ئەکاتەوە کە لە رەوشەن بیرانی گەلەکەمانەوە بوی دیت وە رنگە هەموو ئەولیژوانانەی بە لاوە پەسەند نەبی ، جا رزگاری لەکاتیکا کە بو خوشکردنی پیلە بازی لە ناو خوینەوارانا بەپیویستی ئەزانی دەرگای باس کردنی گیروگرفتەکانی گەلەکەمان بخاتە سەر پشت ، لە هەمان کات دا بە پیویستی ئەزانی ئەوەش رابگەیەنی کە پەیرەوی کردنی پروگرامی سوشیالیستی زانستی لە بیرکردنەوەو لیکدانەوەو چارەکردنی ئەو کیشانەی دینە کایەوە یەکیکە لەو مەرجانەی ئەبی لەو نووسینانەدا بی کە لیرە دا بلاو ئەکرینەوە .

## رەئی یەك لە بارەی بی کاری رەوشەن بیران

**وریا**

روژ نی یە لە روژنامەکان دا سکالاو دادو فەریادی دەیان رەوشەن بیری بی کار لە دەرچوانی قوتابخانە پیشەیی یەکانو مەعهەدو زانستگاکان بەرچاوی خوینەواران نەکەویت کە تیای دا گلەیی لە دەس بی ئیشی ئەکەنو داوای فرمان ئەکەن . . .

روژ نی یە سەدان لەم رەوشەن بیرە بی کارانە سەر لە دەزگاو دائیرەکان نەدەنو هەوالی شوینی چولو ئیشو کار نەپرسنو دەستەو داوینی ئەمو ئەو نەبن کە بەلکو هەولیکیان بو بدا بو دامەزراندنیان . . .

بو چارە کردنی ئەم گیروگرفتە ئالوزە هەندی لەوانەی کە خویان دەردی هەژاریو نەبوونیو بی کارییان نەچیشتووە ئەیانەوی بە دوو قسەی سادە هەروا ئەو خەلکە رایی بکەن قایلیان بکەن بەوەی دەس بەرداری گەرانو داواکاریو سکالا بن ! جا هەندی لەمانە ئەفەرموون : دەولەت ئەم رەوشەن بیرانەی پی گەیاندووەو دەرفەتی خویندنو فیربوون پی گەیشتنی بو فەراهەم کردوون ، ئیتر مەسئول نی یە لەوەی کارو فرمانیان بو بدوزیتەوەو بیان خاتە سەر ئیش با هەر یەکەیان ئیشیك بو خوی پەیدا بکات ، با هەندیکیان دووکان دابنین ، هەندیکی تریان خویان بە فیر بوونی پیشەو ئیشوکاری دەستی یەوە خەریك بکەن ، ئەوانی کەیان روو بکەنە لادیکانو کشتو کال بکەن ! . . . بەم جورە لە ئەنجامی لیکدانەوەیەکی چەرتو نادروست دا چارەیەکی نالەبارو بی کەلك ئەدەن بەدەستەوە .

جا لیرەدا سەیر ئەوەیە لە ولاتیکی دواکەوتووی بەجی ماوی وەکوو ولاتی ئیمەدا کە بە دەیان تەنگەو چەلەمەی قوولی ئابووریو کومەلایەتیو سیاسی تیایە ، وە پیویستی بە رەنجو تەقەللاو ئیش کردنی هەزاران گەنجی تازە پیگەیشتووی دەستی شارەزا هەیە کە بەشداری بکەن لە گورینی روخساری کومەل دا چون ئەبی پیویستی مان بەم رەوشەن بیرانە نەبی ؟ گریمان ئەمە ئەگەر لە ولاتیکی پیشکەوتووی ئەورووپا دا وا بی ، بە بی گومان لە ولاتیکی دواکەوتووی بە جی ماوی وەکوو ئیمە دا هەرگیز وا نی یە . . . .

تا ئیستا بە هەزارها خەلکی لادیو شار هیشتا رەشو سپی لە یەك جیاناکەنەوە ، وە بە هەزاران گوند هیشتا نە قوتابخانەی تیایەو نە ماموستا لە بەر ئەوە چون ئەگونجی کە پیویستی مان بە قوتابخانەی پەروەردە کردنی ماموستایان نەبی تا ئیتر دابخرین ، وە یاخود بە سەدان رەوشەن بیری دەرچووی قوتابخانەکانی پەروەردە کردنی ماموستایان بی ئیشو کار بوورینەوەو پییان بلیین کە زیادن لە پیویست ! هەر وەکوو هەموو گوندیك قوتابخانەیەکی تیا کرابیتەوەو کەسی نەخویندەوار لە کومەلەکەمان دا نەمابی !

تا ئیستا بە سەدان ناوچە

دەستی ئاوەدانی نەگەیشتوتر ، نە ریگاوبانی تیایە ، نە پرد ؛ نە کارگاو کارخانە ، نە پروژەی ئاودان و ئاوەدانی ؛ نە کشت و کالیکی تازە ، نە خزمەتی پزیشکی و ئاراستە کردنی تەندروستی ، وە نە پزیشکی ئاژال و .. هتد . جا ئاخو چون پیویستیمان بە ئەندازیارو شارەزای کشت و کال و پزیشکی نییە !

بی گومان کومەلەکەمان کومەلیکی دواکەوتوی بەجیماوە ، نەخوشیی نەخوینەواری و نەزانی هەموو کەسیك هەستی پیئەکا ... لە کاتیکا کە ولاتەکەمان خاوەنی سامان و پیت و بەرەکەتیکی ئەوەندە زورە بە ئاسانی توانای ژیاندن و مسوگەر کردنی کارو فرمانی هەیە بو هەموو دانیشتووەکانی ، کومەلەکەی ئیمە نەك هەر توانای هەلمژین و بەگەرخستنی هەموو ئەو رەوشەنبیرە بیکارانەی هەیە و بەس بەلکو گورینی روخساری ئابوری و کومەلایەتی ئیستای ولاتەکەمان پیویستی بە چەند چەندانی تر هەیە لەم رەوشەن بیرانە ، بەلام ئەوەی کە مایەی دروست بوونی ئەم تەنگ و چەلەمەیە رژیمی ئابوری و کومەلایەتی و سیاسی کومەلە ، بیکاری نەك هەر بو رەوشەنبیران بگرە بو هەموو کەسیك شتیکی زور ئاسایی و سروشتییە تا کومەل لە پشیوی و ئاژاوە دا بی ، تا هویەکانی بەرهەم هینیان نەکەوتە دەست چینە چەوساوەکان ، تا حوکمی گەل نەیەتە سەرکار ، وە ئاوەکوو ولات بە ریگەی سوشیالیستی دا نەبریت .

هەر تەنیا رژیمی سوشیالیستی ئەتوانیت نان و ئیش بو هەموو کەسیك فەراهەم بینی ، وە دەرفەت دەس هەموو کەس بخات کە فرمانی هەبی و وزەو توانای خوی بە ئازادی تیا بخاتە گەرر .

پلان دانانی ئابووری ، بەربەست کردنی ئاژاوەی ریکخستنی ئابووری کومەل ، گورینی باری گوزەرانی کومەلانی خەلك ، شورشی کشت و کال ، شورشی پیشەسازی ، شورشی رەوشەنبیری بە پیی تیوری سوشیالیزمی زانستی .... هەر ئەمانەن کە بیکاری لە رەگو ریشەوە دەرئەهینی و هەموو سەرچاوەی سروشتی ولات و تواناو وزەی کومەل ئەخاتە گەرر .

نەبوونی پلانیکی زانستی ، ئەبیتە هوی پشیوی ریکخستنی فیر بوون و پەروەردەکردن چونکە بی هەلسەنگاندن و کیشانە کردنی تواناو پیویستییەکانی کومەل لە توانادا نییە بزانریت کە کومەل لە ماوەی چەند سالیکی دیاری کراو دا پیویستی بە چەند ماموستاو دکتورو ئەندازیاری و شارەزاری کشت و کال ئابووری .... هەیە ، لەوانەیە لە کەرتیکیانا پیویستی بە ژمارەیەك زور هەبی و کەم پیگەیەنری وە لە کەرتیکی تردا پیویستی بە ژمارەیەکی کەمتر هەبی و زیاد لەو پیویستییە پەروەردە بکریت . وە بە بی پلان دانانیکی زانستی لە توانا دا نییە کە هەموو توانایەکی کومەل بخریتە گەرر بو بەرەو پیش بردنی کومەل و سرینەوەی شوینەواری دواکەوتن تا کومەل پیویستی بەو رەوشەنبیرانە هەبیت و توانای هەلمژینی بیکارەکانی هەبی ...

جا لە بەر ئەوە مانەوەو تەشەنەکردنی بیکاری رەوشەنبیران شتیکی ئاسایییەو هیچ جیگەی سەرسورمان نییە لە ولاتیکا کە پەیرەوی رژیمی سوشیالیستی تیا نەکری و پلان دانانی ئابوری بە گویرەی سوشیالیزمی زانستی تیا دانەریژریت !

---

**بشرى**

**فندق آلان**

نود ان نبشر المواطنين الكرام باننا فتحنا الفندق الجديد الواقع فى شارع كوران باسم فندق « آلان » مقابل مصرف الرافدين القديم وان الفندق مجهز باحدث الاثاث للمنام ومجهز بحمامات كهربائية ويوجد فيه غرف خصوصية وجناح خاص للعائلات وتجدون فيه خدمة وعناية ممتازة وزيارة واحدة لفندق ( آلان ) يثبت لكم كل الثقة والاعتماد .

بادارة عبدالرحمن رحيم

# با خومان بناسین

**کریکاری خوشەویست ... لەمەودوا ناوبەناو لەسەر لاپەرەکانی ئەم گوفارە بەیەك‌ئەگەینەوە بو ئەوەی زیاتر لە خومان بگەین تاکو بزانین ئیمە چین و چە دەوریکمان هەیەو چیمان پی سپیراوە لەراستی ئەو کومەلەی تیایا ئەژین .. بو دروست کردنی کومەلیکی بەختیاری دوور لە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی بەرەو ژیانیکی پر لەیەکسانی و داد پەروەری لەژیر سایەی رژیمیکی پیشکەوتوو شورشگیرانەدا .**

جا بو ئەوەی زیاتر هەست بەفەرمانەکانی سەشانی خومان بکەین و ببینە رادەی ئەو مەسئولیەتە گەورەیەی کەوتوتە ئەستومان وەك چینیك لەکومەلا ... جاری پیشەکی ئەبی خومان بناسین و لەسەر روشنایی ئەو خوناسینە دەست نیشانی ئەو فەرمانانە بکەین کە پیمان سپیراوە و لە گیروگرفتەکانی بکولینەوە وردی راست و رەوان دیاری بکەین بو چارەسەرکردنیان .

جا بو ئەم مەبەستە پیویستە لەسەرمان لەم راستیانەی خوارەوە زور باش بگەین : ئیمەی کریکار هەرچەندە بەژمارە لەچینە شورشگیرەکانی تری کومەل کەمترین وەك چینی جوتیاران بەلام بایەخ و نرخیکی تایبەتیمان هەیە لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کومەلدا ، پیش وەیان پاش وەرگرتنی دەسەلاتی سیاسی .

چونکە بە حوکمی ئیش کردنمان ئاستی سیاسیمان بەرزترە لە چینی جووتیاران وە بەزوری تیکەلاویمان لەگەل کومەلانی خەلقا ئەتوانین بە زوویی لە گیروگرفتەکانیان بگەین و ئامادەی شورشگیری خومان دەربرین بو چارەسەرکردنیان .

وە لە ئەنجامی گردبوونەوەمانا لە کارگەو شارەکاناو بەرزی ئاستی ئابوری و زانیاریمان و تیکەلاویمان لەگەل تاقم و ریکخراوە شورشگیرەکاناو پەیوەندیمان لە گەل جیهانی دەرەوەداو لەمانەش هەموو گرنگتر ناکوکیمان لەگەل بورجوازیەت و سەرمایەداریدا کە دوو دوژمنی گەورەی خوینمژمانن ئەمانە هەموو هوی سەرەکی و بنچینەیین کە دەوری پیشرەوایەتیمان بەنی لە بزوتنەوەی شورشگیریدا ...

وەئەبی بایەخی دەوری کریکار هەر لەم سەردەمەدابی و بەس ، بەلکو لەداهاتوودا ئەو دەورە گەلیك زیاتر و بالاتر ئەبی ئەمەش لەکاتیکدا کە دەسەلاتی سیاسی لەرژیمی دیموکراتی نوی‌وە ئەگوری بو رژیمی سوشیالیستی ..

جا لیرەدا بو ئەوەی ئەم مەبەستەمان زیاتر لا روون بی پیویست بە لیکولینەوەیەکی کورت ئەکات .. زاناکانی سوشیالیست ئەلین : ـ

( چینی کریکار بە یارمەتی جوتیاران ئەبی خەبات بکەن بو هینانەدی رژیمیکی دیموکراتی نوی ، بو تیکشکاندنی بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار و زال بوون بەسەر دارای چینی بورجوازیدا ... واتە بومان دەرئەکەوی کە مەسئولیەتی چینی کریکار پیشرەوایەتیە شان بەشانی جوتیاران لیرەدا دەوری چینی کریکار بە ئاشکرا دەرئەکەوی لە بارەی ئابوری و سیاسیەوە) ... بەلام دەوری کریکار لیرەدا کوتایی پی نایە بەلکو وەکو زانای ناوبراو ئەلی : ـ

( ئەبی گەشەبدا بەو رژیمە دیموکراتیە بو ئەوەی زیاتر بیخەملینی و دەسەلاتی چینی کریکار بچەسپینی بو گواستنەوە بەرەو رژیمیکی سوشیالیستی بەیارمەتی چینی چەوساوەکانی هاودەمی چینی کریکار بو تیکشکاندنی بەرژەوەندی چینی بورجوازی و زال بوون بەسەر دارای جوتیارانا . )

جا لەم پلەیەدا ئابوری نیشتمانی پیویستە بەتەواوی پیش بخری و گەشەی پی بدری و لە کشتوکالیەوە بگوازریتەوە بو پیشەسازی .... وەکەرتی پیشەسازی ئەبی بەگرنگترین کەرتی سەرەکی ئابوری نیشتمانی ئەمەش زیاتر دەوری چینی کریکار ئەچەسپینی لەرووی ئابوری و سیاسی و کومەلایەتیەوە ، وە شتیکی ئاساییە کە ئەهمیەتی هەرچینیك بەستراوە بە زیادبوونی ئەهمیەتی ئەوکەرتەی کە تیادا ئیش ئەکات .

بو ئەوەی دەوری کریکار سوودبەخش و بەکەلك بی پیویستە هەموو دەسەلات، توانایەك بخریتەکار کە ئەو دەورە لەکات و شوینی خویا بەکار بهینری ، خو ئەگەر بیت و ئەو دەورە وەکو پیویست بەکار نەهینرا ئەوا زیانیکی گەورە ئەگەیەنری بە بەرژەوەندی کومەلانی چەوساوەی خەلك کە لەشیوەی شورشا خوی ئەنوینی ئەمەش راستیەکە کەپیویستە بە باشی تی‌ی بگەین بو ئەوەی بەئاسانی دەرگای چارەسەر کردنی هەموو ئەو گیروگرفتانەی کە توشی شورش ئەبن بخریتە سەرپشت .

چینی کریکار لەتوانایدا هەیە کە بە چالاکی رولی گەورەی پیشخستنی شورش بەرەو پیشەوە بەری . ئەمەش لە

کاتێکدا گەر زور بەباشی لەوراستیانە گەیشتبی کەلەسەرەوە باسمان کرد ،بەلام بەپێچەوانەی ئەوەوە ئەبێتە هوی ئەوەی کەیاشەکشەیەك بەو شورشە بکاو هەل بو دوژمنانی ئامادەبکا کە بە ئاسانی ئەفروتونای بکەن و دەسکەوتەکانی لەدەست کومەلانی خەلقی بدەن .جا بو ئەوەی بزانین کرێکاران چون ئەبی بەراستی بەدەوری خویان هەستن بو گواستنەوەی شورش لە پلەی دیموکراتی نوی یەوە بوپلەی سوشیالیستی، پیویستە کورتەیەکی ئەو ئامانجە ئابوری و کومەلایەتیانە دەست نیشان بکەین کە پەیوەندیەکی تەواویان هەیە بەو دەورەوە کیشەی سەرەکی کەتوشی وولات و هیزە شورشگیرەکان ئەبن لە پلەی گواستنەوەداگەشەکردنی باری ئابوریە بە شیوەیەکی گورج و گولانە لەسەر بناغەو بنچینەیەکی زانستی . . .

١ – زیاد کردنی بەرهەمی نیشتمانی بە شیوەیەکی بەردەوام .

٢ – پوختەی ئەپیویستیانەی کە بەکار ئەهینری کەمتر بی لەوبەرهەمەی کە بەدەست ئەهیزی . بو ئەوەی بتوانری ئەو بەرهەمە سوودی لی وەرگیری لەکاتی چاندنەوەیا لەلایەن کومەلانی خەلقەوە بو گەشەکردنی باری ئابوری . . . کە ئەمەش سادەترین ریگایە کە ئەتوانین بە هویەوە گەشە بە باری ئابوریمان بدەین .

وە کریکارانیش وەکو چینیك چەوساوەو خاوەن بەرژەوەند لەدروست کردنی کومەلیکی سوشیالیستی ، باریکی ئابوری پیشکەوتوانەی گورج و کول بەدی ئەهینی و دەرچی ماکی هەژاری و نەزانین و نەخوشی هەیە لەکومەلا نایهیلی وریشەی چەوساندنەوە لەبن ویخا هەل ئەکەنی لەشوینەواریان کومەلیکی بەختیاری پیشکەوتوو ئازاد دینیتەکایەوە . . .

جا لەبەر ئەمانە هەمووی ئەبینین کە قەزیەی کریکاران، قەزیەی بەدی هینانی ئەوچەشنە کومەلە بەختیاریە کە یەکسانی وداد پەروەری بو ئەهینریتە کایەوەو چەوساندنەوەی تیا قەلاچو ئەکری . . . بویە پیویستە چینی کریکار شایەنی ئەومەسئولیەتە گەورەیە بی کە دەوریکی سەرەکی و پیشرەوایەتی تیدا ئەبینی . . . جا ئەگەر ئەو دەورەی وەکو پی سپیراوە بەکاری هینا ئەوا بەباشی گەشەکردنی ئابوری بەرەو پیشەوە ئەبا لەگەل پتەوکردنی بنکەی باسای سوشیالیستی و موگەرکردنی دوارۆژیکی پر لە بەختیاری . . خو ئەگەر نەء ، ئەوا گیروگرفتیکی زور توشی باسای سوشیالیستی ئەکاتەوەو هەل دەستی دوژمنانی ئەخات بو روخاندنی . . .

« سەردەشت »

# پێشنیاز !

ئەوەندە گەردەلوول بەسەر کوردستاندا هەلی کردووە ، گەلی لەو شوینەوارە میژووییانەی بوویەتی ویران بووە ، گەلی لەو نامەخانانەی تیابووە سووتاوەو لەناوچووە، گەلی لەو سەرچاوەو وەسیقانەی کەلکیکی هەبی بو لێکولینەوەی ئەدەبو سەقافەت و میژووی کورد فەوتاوە . . .

جا ئەگەر یەکی بیەوی شتیك لەسەر کوردستان و نەتەوەی کورد بنووسی، ئەوەی کە لە کوردستان و لەناو کوردا دەستی نەکەویت ئەو سەرچاوەو بەلگانەیە کە پەیوەندی بەکورد خویەوەیەتی، هیچ یەکی لە نامەخانەکانی کوردستان چ حکومەتی بی یا ئەهلی ئەوەندە کتیبو نوسراوو بەلگەی تیانییە بەشی نووسینەوەی لەکولینەوەیەکی کورت بکات ، ئەوەی کە ملومانە بە زوری لەکون و کەلەبەری نامەخانەکانی وولاتانی بیگانەدایە بەتایبەتی هی وولاتەکانی ئەوروپا . . .

جا ئیمە پیشنیاز ئەکەین کە حکومەت ئەم ئەرکە لە پیناوی سوودی دووەم نەتەوەی عیراقدا بگریتە ئەستو کە نامەخانەیەکی کوردی فراوان دابمەزرینن ریگەی جیبەجی کردنی یەکی لەم هەنگاوانەی خوارەوە :

١ – یا بەشی کوردی زانستگای زمان لە بەغدا رابسپیرن و میزانیەیەکی تایبەتی و دەستگایەکی ئیداری تایبەتی بو دابنین ، کە هەلسیت بە کوکردنەوەو رەسم گرتنەوەی هەموو ئەو کتیبو دانراوانەی بەزمانی کوردی و زمانەکانی تری دنیا لەبارەی کوردەوە نووسراونەتەوە . . .

٢ – وە یا خود بەریوەبەرایەتی خویندنی کوردی رابسپیری بەم ئەرکە هەلسیت .

٣– وە یان کتیبخانەی گشتی سلیمانی بکەن بە دەزگایەکی سەربەخو کە جگە لە بینینی کاری ئیستەی ئەم ئەرکە گرنگەش بخاتە ئەستوی خوی و پیی هەلسیت .

---


مژدە

میوانخانەی ئالان

ئاگادارتان ئەکەین پاش هەولدانیکی زور توانیمان ئوتیلیکی ریك وجوان لەشارە جوانەکەمان بکەینەوە کە ببیتە هوی حەسانەوە بوتان وە هەروەها ئوتیلەکەمان بەجوانترین نوین و کەلوپەلی پیویستی رازاوەتەوە وژووری تایبەتی تیا هەیە بوخیزان و جیگای خو شتن بە ئاوی گەرم وسارد کە بەکارەبا دانراوە وە هاتنتان جاریك بوتان روون ئەکاتەوەو ئامانجمان راستی و خزمەتی هاووولاتیانە .

خاوەنی ئوتیلی ئالان

عبدالرحمن رحیم

بی گومان ئەبی کورد وەکو هەموو گەلانی تری دنیا ستراتیژی نزیك و دووری تایبەتی خوی هەیە خەباتی بو ئەکات و قوربانی لە پیناوی بەجی هینا نیا ئەدا .

وە هەر بەم پی‌یەش نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەکانی تر بریتی یە لە چەند چینیك و هەر چینە مەبەستیکی تایبەتی ئامانجیکی تایبەتی خوی هەیە .

ئەم چینانە لەبەر بەرەکانی یەکتری‌دان ، هەر چینە ئەیەوی دەستەلاتی خوی بە سەر چینیکی تردا بەریت تەنانەت هەندیکیان بەربەرەکانی لەناویان دا ئەوەندە توندە کە ئەیانەوی یەکتر لە رەگ وریشە هەلکەنن .

چینی دەرەبەگ ئەوەتی دروست بووە ، بە دریژایی ژیانی دژی جوتیارو رەنجدەری کوردستان وە هەروەها چینی جوتیاروە رەنجدەریش هەمیشە لە بەربەرەکانی سەختی چینی دەرەبەگدا بوون .

چینی جوتیار ئەیەوی خاوەنی زەوی وزاری خوی بیت و بەرهەمی رەنج و ماندوو بوونی بو خوی بیت .

بەم پی‌یەش سەرمایەدارەکانی بچووك ونارەنجی بە هیچ جوری دەستکەوتیان لەگەل چینی دەرەبەگی دەستەلات دارا نەگونجاوە ، ئەمە لەلایەك وە لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بەوەی کەنابەوی لەرادەیەك زیاتر کەدەستەلاتی خوی تیا بەهیز بکا گەل پیش کەوی بەرەو پیشکەوتنیکی ئەوتو کە رژیمی سەرمایەداری نەمینی

وە تیشتراکی‌یەت لە ولاتا سەربگریت وگەشەبکات .

سەبارەت بەوە لەئەنجامی ئەم تناقضاتانەی ناوخودا گەلیك تەیارو ئەفکاری جیا جیا لەناو کومەلدا پەیدا ئەبی وە هەر تەیارە ئەیەوی خوی سەرکەویت و دەستەلات بگریتەدەست وبەرامبەرەکەی بی هیز وکز بکات

جا لیرەدا هەر دلسوزیك کە بیەویت پشتگیری گەل بکات وە هەولبدا بو ئەوەی گەلەکەی سەرکەویت وبگات بەئاوات وئامانجەکانی پیویستە لەحوکم دانیا بەسەر ئەو تیارو اتجاهانەدا بە هەلە نەچیت ودبو ئەوەش پی‌ویستە لی کولینەوەیەکی وورد وقولی موضوعی مەوقیفی ئەو هیزو تیارانە بکات ، جگە لەوە ئەبی سەرنجیکی ووردیش بداتە چونیەتی جولانەوەو چالاکی سیاسی لەرووی ناوەوەو پەیوەندی‌یان بەدەرەوە .

وە هەروەها پی‌ویستە پیوانی مەسەلەکە لەسەر ئەم بنچینەیە بی کە کام تیار تەمسیلی زوربەی زوری کومەلانی خەلکی ئەکات وە پاریزگاری لە دەستکەوتی چینەکانی کریکارو جوتیار و رەنجدەران و خوێندەوارانی شورش گیر ئەکا .

لە هەمووی زیاتر پیوانەکە ئەبی لە سەر ئەو مەرج و اساسە بی کە ئایا ئەم تیار و اتجاهانە کامیان اعتمادی هەرە گەورەیان لە سەر کومەلانی خەلکی رەنجدەرە وە کامیان اعتمادیان لەسەر استعمار و کونەپەرستانە . . .

چونکە گەلی کورد وەکوو هەموو گەلانی‌تری دنیا بە تاقی کردنەوەیەکی دورو دریژی خەباتی شورشگیری خوی بە تەواوی بوی ساغ

# بوچی ئەبی بچین بەگژ جولانەو

بوتەوە کە استعمارو کونەپەرستان نەك هیچ کاتی دوستی نەبونو پشتگیری‌یان نەکردوە بگرە بە دریژایی میژو دژی بوونو هەمیشە ری‌ی رزگاری‌و پیشکەوتنیان لی‌گرتوە وویستوویانە بە دیلی‌و دواکەوتوویی بمیننەوە ، بویە گەلی کورد استعمارو کونەپەرستانی هەمیشە بەیەکەم دوژمنی خوی زانیوە سەبارەت بەوە پیوانی مەسەلەکە وتاقی کردنەوەی هەموو دەستەو تاقمو تیارو پارتی‌یەك ئەبی بەو شیوەیە بیت ، ئەوانەی راستەوخو خویان بەستوتەوە بە کلکی استعمارو کونەپەرستانەوە ئەبی گەلی کورد وهەموو دلسوزیك لەسەر خطیکی مستقیم دژیان بوەستی وبە دوژمنی گەلی کوردیان بزانیت . . . وە بە پیجەوانەی ئەوە هەر تیارو پارتی‌یەك دژی استعمار وکونەپەرستان بن وهیزو توانایان تەنیا کومەلانی رەنجدەر بیت ، پیویستی ئەوە پشتگیری بکریت‌و بەهەموو توانایەکەوە لایەنگیری بکریت .

ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە مادام استعمار هوی مانەوەو دستەلاتی لە داگیرکردنو چەوسانەوەی گەلانی دنیا وەربگرن پی‌ویستە هەموو گەلانی دنیا خەباتی خویان گری‌دەن دژی استعمار وە سەرکەوتنی هەر گەلیك لەگەلانی تری دنیا بە سەر

ئیمپریالیزما راستەوخو بە سەرکەوتنی گەلەکەی خویانی بزانن .

وەك لە هەموو لایەك رونە ئیستا لەناوگەلی کوردا دوو تیاری دیتراو هەیە :

تیاری یەکەم — تیاری پیشکەوتوانەی شورشگیرە ، کە لەسەر بیرو باوەریکی پیشکەوتوانەی عیلمی داریژراوە وهیزو توانای چینە رەنجدەرەکانی کومەلانی چەوساوەی کوردن،وە لەسەر خطیکی مستقیم دژی ئیمپریالیزم‌و کونەپەرستی‌یە ، وە بە هەموو توانایەوە ئەیەوی خەباتی نەتەوەکەی گری‌بدات لەگەل خەباتی پیشکەوتووانەی نەتەوەی عەرەب وە هەموو نەتەوەکانی‌تری دنیا ودژی دوژمنایەتی دروست کردنە لەگەلیان . کەبی گومان ئەم تیارە پارتی دیموکراتی کوردستان رابەری‌و پیشرەوایەتی ئەکات بە پی‌ی ئەو پروگرامە سیاسی‌یە پیشکەوتوانەیەی کە دای‌رشتوە بوخوی ولەسەری ئەروات .

بەلام تیاری دووەم کەتیاریکی کونەپەرستانەی سەر بەاستعمار و کونەپەرستی‌و سویندخورەکانی سنتویە ، وە هەموو هیزو توانای لە چینی دەرەبەگ‌و بیاوانی گومان لی‌کراوو خاوەن مەبەستی تایبەتی ومصالحی تایبەتی‌یە ، وە ژیان‌و سەرکەوتنی خوی گری‌داوە

## لداره‌كه‌ی مه‌لا بارزانی دا

به ده‌سته‌لات‌و ده‌ست رویشتنی ئیمپریالیزم‌و كونه‌په‌رسته‌كانه‌وه مه‌لا بارزانی وداموده‌زگاكه‌ی تمثیلی ئه‌كه‌ن .

وه هه‌ر به‌م پی‌یه به‌پی‌ی پلانی ئیمپریالیزم‌و په‌یوستی‌یه‌كانی، مه‌لا ئه‌یه‌وی نه‌ته‌وه‌ی كورد جیابكاته‌وه له خه‌باتی سه‌رجه نه‌ته‌وه ئازادی خواو داگیر كراوه‌كانی تری‌دنیا ، به تایبه‌تی ئه‌یه‌وی كورد بكات به دوژمنی عه‌ره‌بی برای .

سه‌باره‌ت به‌م راستی‌یانه پیوسته هه‌موو چینه ره‌نجده‌ره پیشكه‌وتوه‌كانی گه‌لی كورد ، چینی كریكارو جوتیارو خوینده‌واره شورشگیره‌كان ، دژی ئه‌م تیاره كونه‌په‌رسته سه‌ر بنه ئیمپریالیزمه‌ی مه‌لا بارزانی سه‌ركردایه‌تی ئه‌كات بوه‌ستن‌و خه‌باتی خویان پتر یه‌كخه‌ن وبنه‌هیزی‌كه‌ن دژی مه‌لامسته‌فاو جولانه‌وه چه‌كداری‌یه‌كه‌ی بو بی‌هیزكردن وتیكشكانی .. به‌پیچه‌وانه‌ی ئه‌وه هه‌موو نزیك‌بونه‌وه‌و پشتگیری‌یه‌كی بزانری یا نه‌زانری راسته‌وخو خزمه‌تكردنی ئیمپریالیزم وكونه‌په‌رستی‌یه ودژی جولانه‌وه‌ی رزگاری پیشكه‌وتوانه‌ی گه‌لی كورده .

ئه‌مه‌جگه له‌وه‌ی مانه‌وه‌ی ئه‌م جولانه‌وه چه‌كداریه كونه‌په‌رستانه‌یه‌ی مه‌لا جولانه‌وه‌ی پیشكه‌وتوی شورشگیری گه‌لی كورد سووك وله‌كه‌دار ئه‌كات له‌به‌رده‌می گه‌لانی ئازادی خوازی دنیادا . چونكه مه‌لا مسته‌فاو تاقمه‌كه‌ی جگه له‌وه‌ی خویان كردوه به كوته‌ك‌وداره‌ده‌ست وده‌ست‌كه‌لای ئیمپریالیزم وكونه‌په‌رستان دژی جولانه‌وه‌ی رزگاری پیشكه‌وتوانه‌ی گه‌لانی دوست‌و دراوسی‌ی گه‌لی كورد به‌تایبه‌تی و گه‌لانی تری دنیا به‌گشتی .

مه‌لا مسته‌فا بارزانی وچه‌ته‌كانی به‌ناوی كوردایه‌تی‌یه‌وه به‌چه‌ك‌و پاره‌ی ئیمپریالیزم وكونه‌په‌رستان په‌لاماری هه‌موو جولانه‌وه‌یه‌كی شورشگیری گه‌لی كورد ئه‌وه‌ستن و ئه‌وه‌تا چه‌كداره‌كانی ئه‌نیریت بو لیدانی براكورده شورشگیره‌كانی ئه‌ودیو وسه‌ركرده‌كانیان یه‌كه یه‌كه ئه‌گریت وئه‌یان‌داته ده‌ست بیگانه وه‌ك ( سلیمانی معینی‌ـ فائق ) ئه‌مه له‌لایه‌ك وه‌له‌لایه‌كی كه‌شه‌وه مه‌لاو چه‌ته‌كانی به پیلانی ئیمپریالیزم وداگیركه‌ران ئه‌یانه‌وی به‌ئاشوب وئاژاوه نانه‌وه له‌كوردستانی عیراقدا و لیدانی سوپای عیراق ولاوازكردنی بو ئه‌وه‌ی بتوانن له هه‌لیكدا دام و ده‌زگای شورشی چوارده‌ی ته‌ممور تیك‌بشكینن وه بیگیرنه‌وه ده‌وری پاشایه‌تی كونه‌په‌رست . وه به شیكی زور له‌م سوپایه مشغول بكات‌و بی هیلیته‌وه له كوردوستاندا بو ئه‌وه‌ی حكومه‌تی عیراق نه‌توانی ئه‌م سوپایه له كوردستاندا بكیشیته‌وه وبینیریت بو ده‌ره‌وه‌ی عیراق كه له‌سه‌ر سنوور له‌گه‌ل سوپاكانی تری عه‌ره‌بی به‌په‌یوستی نیشتمانی ونه‌ته‌وایه‌تی وئینسانی خوی هه‌لسی له دژی سه‌هیونیه‌ت وپیلانه‌كانی ئیمپریالیزم كه ئه‌یانه‌وی فه‌له‌ستین بكه‌ن به بنكه‌یه‌كی شه‌رو هه‌ره‌شه‌ی خویان دژی جولانه‌وه‌ی رزگاری پیشكه‌وتوانه‌ی گه‌له‌كانی عه‌ره‌ب به‌تایبه‌تی‌و جولانه‌وه‌ی رزگاری نیشتمانی وپیشكه‌وتوی ناوچه‌كانی روژهه‌لاتی ناوه‌راست ... دیسانه‌وه روژ به‌روژ گه‌لی كورد به‌تیكرای وكومه‌لانی خه‌لكی ره‌نجده‌ری كورد به‌تایبه‌تی توشی ئازار وناخوشی وكویره‌وه‌ری ئه‌كات .. وه‌ئه‌یه‌وی به‌هه‌موو توانایه‌وه ده‌ره‌به‌گه‌كان وده‌ره‌به‌گایه‌تی نه‌ك هه‌ر زیندوو بكاته‌وه بگره ئه‌وه‌نده‌ش به‌هیزیان له‌بكات كه خه‌باتی كومه‌لانی ره‌نجده‌ری كوردوستان له دواروژدا دژیان زور به‌زه‌حمه‌ت تر بكات .

ئیستاكه ده‌ره‌به‌گه‌كان له سایه‌ی سیبه‌ری مه‌لامسته‌فادا به‌ئاره‌زوی خویان جوتیار وره‌نجده‌راتی كوردوستان ئه‌چه‌وسیننه‌وه فولكیان لی داگیرئه‌كه‌ن وه بیگارو جه‌ریمه‌یان ئه‌كه‌ن .

جگه له چه‌ته چه‌كداره‌كانی مه‌لا كه‌به‌ناوی ( حیزب !.! ) وبه ناوی ( شورش !! ) وه هه‌ر جاره به‌جوری ئازاری جوتیاره‌كان ئه‌ده‌ن. جوتیارانی كوردوستان ئه‌وه‌ی ئه‌یان دیوه وابه‌چاوی خویان له‌سایه‌ی مه‌لادا بینیان .

گوشتانه‌و هیلكانه‌و مریشكانه‌و پارانه‌و (حاجیانه) ومه‌رانه‌و پوشانه هینراوه‌ته كایه‌وه جگه له ( سورانه ) . هه‌روه‌ها جگه له‌و پارانه‌ی كه به‌ناوی ( ئابونه بو حزب !!) لی‌یان ئه‌سینن . ئه‌مه له‌لایه‌ك وله‌لایه‌كی تریشه‌وه به زور چه‌ك به‌كوره جوتیاره‌كان هه‌لئه‌گرن وئه‌یانده‌نه ده‌م گولله‌وه ئه‌وه‌ی ئه‌مه قبول ئه‌كات ئه‌وا یان پاره‌یه‌كی زوریان لی‌ئه‌سینن یان مالیان تالان ئه‌كه‌ن ئه‌مه جگه‌له‌وه‌ی‌كه مه‌لاو چه‌ته‌كانی راسته‌وخو خویان كردوته دوژمنی بیرو باوه‌ری پیشكه‌وتوانه . به‌هه‌موو توانایانه‌وه به‌ربه‌ره‌كانی پیشره‌وی كومه‌لانی ره‌نجده‌ری كوردوستان ( پارتی ) مصان ئه‌كه‌ن . له هه‌ر شوینیك ئه‌ندامیكی پارتی‌یان كادیریكی یان پیشمه‌رگه‌یه‌كی كه‌وته به‌رده‌ستیان یان هه‌ر به‌شوبهه بزانن سه‌ربه پارتی‌یانن گوره‌ ئه‌یگرن وه به‌بی لیكولینه‌وه ومحاكمه كردن ئه‌یان كوژن .

سه‌ره‌رای ئه‌م كرده‌وه ناشیرین وتاوانبارانه‌ی مه‌لاو چه‌ته‌كانی هه‌ندی جار له چه‌ند ساویلكه‌یه‌ك كه ره‌نگه دلسوزیشیان تیدا بیت پرسیار ئه‌كریت ئایا له توانادا نیه به‌ئاموژگاری ونزیك بوونه‌وه له مه‌لا ئه‌م ری‌یه لابدرین وبخرینه‌وه سه‌ر ریگای راست !!! .

( م )

# ئینتەرپول چییە ..؟

**ئینتەرپول نە کومەلیکی پولیسی نهینی جیهانییە ، لە بابەتی شارلك هولمز وجیمس بوندو سوپەرپولیس ، وە نە ریکخراویکی جاسوسی جیهانییە هەروەکوو لەفلیما پیشانی ئەدەن ، وە نە ریکخراویکی زانستیو نە دەزگایەکی جیهانی پولیسی ولاتەسەرمایەدارو سوشیالیستەکانە .**

**ئینتەرپول ئورگانیکی پولیسییە ئەگەری بو دوزینەوەو نەهیشتنی تاوانبارانی جیهانی ، بەشیوەیەکی عیلمی ، وە بو لیکولینەوەی پەرە سەندنی ریگەی نویی تاوانباریەتی لە هەموو جیهاندا .**

سالی ١٩٢٣ بو خزمەتی گشتی پیکهات ، بەپیی مافی گشتی پیاوخراپو تاوانباران ئەدوزیتەوە ، ریگە بەدەرهینانی فیلم نەدراوە لەبابەت ئینتەرپولەوە ، تەنانەت نابی ناوی ئینتەرپول لەفیلم بهینریت نەبادا ئیشوکاری ئەو ٧٠ پیاوە تیك بدات کەچالاکییەکانیان لەگەل هەموو پولیسی جیهاندا یەك ئەخا بوگرتنی مەترسیدارترین تاوانبارانی جیهان .

ئینتەرپول کومیتەکەی پیکهاتوە : لەسەروك ، کەهەر چوارسال جاریك ئەگوری - سەروکی ئیستای « فرانسی» بەلجیکییە - ، وە ٣ یارمەتیدەری سەروك ، وە ٣ ئەندام ، سالی دووجار کولەبنەوە ، کوبونەوەی گشتی ئیشی تەواوی دائەنی .

سکرتیر لەلایەن کومیتەوە بوماوەی ٥ سال هەل ئەبژیردری ، وەئەم ئەتوانی پیویستی بەچەندکەس هەبی دایان بنی یا هەلیان بژیری ، بوئەوەی هەریەکەیان بەئیشیك هەلسیت ، سکرتیری ئیستا ( فرانسواژنیپوتی ) یە .

- نیشتەجیی کومیتە لە پاریسە - لەفرەنسا - سانتکلود ، دوور لەم شوینە هیچی تری خوی نییە ، وە دەستەلاتی گرتنی کەسی تییە ، پولیسەکانی کە لایانە بوین نییە هیچ جورە چەکیك هەلبگرن . وە هەموو پیویستییەکی پولیسی کە ئینتەرپول بەکاری ئەهینی هی ریکخراوە پولیسییەکانی جیهانە . بو نموونە تاوانباران « مارتین بورمان ویوسف مەنگل » کە ئینتەرپول دوزیونیەوە ، زوو دووربوون لەولاتی خویان .

کین راستی ئەوتاوانبارە جیهانییانە ؟

بو نموونە ، ئەگەر هاتوو تاوانیك لە بەرازیل روویدا وە تاوانبارەکە خوی لەیەکی لەولاتە دراوسیکانی وەکوو ئورگوای یا ئەرجەنتین شاردەوە ، لەم کاتەدا بە تاوانبارێکی جیهانی ئەژمیردری ، ئەوسا ئەبی ئینتەرپول هەول بدا لەگەلیانا بو دوزینەوەو گرتنیان .

هەروەها ئەگەر هاتوو پارەی ساختەیان دروستکرد ، دروست کەری ئەم پارەیە بی ئەوەی شوینەکەی خوی بەجی بیلی ورابکا بو ولاتیکی کە بە تاوانباریکی جیهانی دائەنریت ، کوشتنو دزیو دەسبرینو بردنی مخدراتو حالاتی جنسیوە هەروەها گەلی چەشنی خراپەکردن بەرامبەر مافی گشتی لەسنووری ئینتەرپول دایە .

لەهەر چوارگوشەی دنیادا ٣٨ ئیستگەی رادیویان هەیە ، لەگەل ١٠٠ ئیستگەی تەلەگرام ، تەنیا سالی ١٩٦٦ بەشفرە ١٠٤٨٨٠ تەلەگرامیان ناردووە .

وە شفرەکانیان هەموو سالیك ئەگورن .

**شوینی بەدووا چوون**

پیش ماوەیەك لەشاری - هامبورگ - لە ئەلەمانیای روژئاوا - تاوان باریکیان گرت کە چەندەها سال لەوەوبەر گوناهیکی کردبوو ، وایان ئەزانی کە لەبیر چوتەوە ، بەلام لەئارشیفی ( اضبارە ) ئینتەرپولدا دریژەی رووداوەکەیان ساخکردبووەوە ، کەبریتی بوو لەوەی کابرایەکی فرەنسی چووبوە سەر مالیك لەهولەندە ، وە هەرچی ئالتوونو ئەلماسو شتی بەنرخی تریان هەبوو بردبووی کەبایی چەند ملیونیك ئەبوو .

بەلام لەهولەندە نەمابووەوە تاکو بیدوزنەوە ، پولیسی نهینی هولەندی شوینی

دزی‌به‌که‌یان به‌باشی پشکنی وه جیگا په‌نجه‌یه‌کی ملیره‌که‌یان دوزی‌یه‌وه پاش گرتنی ناردیان بو ئینته‌رپول له پاریس ، به‌هوی ته‌نیا ئه‌و جیگا په‌نجه‌یه‌وه که لی‌ی به‌جی‌مابوو دزه‌که‌یان دوزی‌یه‌وه‌و گرتیان .

ورده‌و زانایی ئیشوکاری کاربه‌ده‌ستانی ئینته‌رپول به‌راده‌یه‌که هیچیان له‌ده‌ست ده‌رناچی وه‌ئه‌یان گه‌ینته ئامانج بوله‌ناوبردنی خراپه له‌جیهانا .

## زانایی پیاوخراپان

خراپه‌کردن تایبت له‌هه‌موو جوریك په‌ره‌ئه‌سینی وتاوانباران زورئه‌بن

پیشکه‌وتن‌و شارستانیتی گه‌لان ، وای له‌تاوانباران کردوه که‌شاره‌زایی په‌یدابکه‌ن‌و که‌لك له‌تاقی‌کردنه‌وه‌کانیان وه‌ربگرن . له‌به‌رئه‌وه ئینته‌رپولیش ئه‌بی ته‌قه‌للابداو تی‌بکوشی بوئه‌وه‌ی که‌تازه‌ترین ریگا به‌کاربینی بو دوزینه‌وه‌و ری‌گرتن له خراپه‌کانیان .

زور له‌م چه‌ته تاوانبارانه ده‌ستومیشکیان به‌یه‌که‌وه ئه‌خه‌نه‌کار ، وه به‌وردی له‌هه‌موو قوژبنیکی پیلانه‌کانیان ئه‌کولنه‌وه ، زور له‌مانه چه‌ند زمانیکی بیگانه به‌چاکی ئه‌زانن ، وه له‌ریگه‌ی تازه زانستی نوی‌دا ئیش‌ئه‌که‌ن ، جانه‌گه‌ر به‌باشی ورد ببینه‌وه ئه‌بینین تاچراده‌یه‌ك زاناو پیشکه‌وتوون له تاوان‌کردنا به تایبه‌تی ئه‌وه‌ی که له بانکه‌کانی فره‌نساو ئیتالیا ، وه له‌بازاری چه‌کی قاچاخ وبردنی مخدرات‌دا رووی‌دا .

له‌م دوایی‌انه‌دا په‌یوه‌ندی نیوان چه‌ته‌کانی ئامریکاو ئه‌ورووپا تیك‌چوو به هوی دوزینه‌وه‌یانه‌وه له‌لایه‌ن ئینته‌رپوله‌وه .

گه‌لی‌جار چه‌ته‌کان په‌نائه‌به‌نه به‌ر به‌کارهینانی ئافره‌تی خراپ له‌ری‌ی جی به‌جی‌کردنی مه‌رامه‌کانیانا ، له‌نیوانی دورگه‌کانی ئیتالیاو ئه‌فریقیاو روژهه‌لاتی ناوه‌راستدا . وه‌ناوه‌راستی ئه‌ورووپا له‌به‌کارهینانی کلیشه‌و وینه‌ی ده‌ستی‌دا ده‌ستیکی بالایان هه‌یه .

ئینته‌رپول سالی ١٩٦٦ ریکخراویکی چه‌ته‌یی تاوانباری دوزی‌یه‌وه له‌ئیتالیا ، که‌پیك هاتبوو له ٦٥ ئه‌ندام وه له ١١ نه‌ته‌وه‌بوون ، تاکه‌ریکخراو بوو که‌ئیشیان ئه‌کرد له‌پاسپورتی ساخته وتکتی‌فروکه وچه‌کی‌قاچاخ‌دا ، بوئه‌مه که‌لکیان له‌په‌ره‌سه‌ندنی گه‌شت وشوینی هاوینه‌هه‌واره‌کان کردبوو ، ته‌نیا به‌ریوه‌به‌رانی هاوینه‌هه‌وارو ئوتیله‌کانی ئینگلته‌ره ٨٠٠٠٠ پاوه‌نی‌ئیسترلینیان له‌سالیکا زه‌ره‌ر لی‌که‌وت .

به‌لام چه‌ته‌کانی مافیای ئیتالی‌و ئه‌وریکخراوانه‌ی دژی ئینته‌رپول بوون توانی‌یان له‌م ٦٥ که‌سه ٣٨ که‌سیان له‌ده‌ست ئینته‌رپول‌و پولیسی ئیتالی ده‌ربازبکه‌ن وئه‌وانی تریان پولیسی ئیتالی گرتنی . زور له‌مانه بوئه‌وه‌ی نه‌ناسرین له‌بازاری پیشه‌سازی‌دا ئیشیان ئه‌کرد که‌په‌یوه‌ندی نه‌بوو به‌تاوانه‌کانیانه‌وه .

باشترین یارمه‌تی‌ده‌ری ئینته‌رپول ئارشیفخانه‌یه که که‌لکی لی وه‌رئه‌گرن ، ته‌نیا به‌هوی ماده‌ی ئارشیفخانه‌وه له‌چه‌ند لای جیهاندا توانی‌یان ٩٨٠که‌س له‌دروستکه‌رانی پاره‌ی‌ساخته و٧٨٠تاوانبار که به‌بازرگانی مخدراته‌وه خه‌ریك بوون ، بگرن .

راسته که ئه‌مانه له‌لایه‌ن ئه‌ندامانی ئینته‌رپوله‌وه ئه‌گیراون ، به‌لام له‌دوزینه‌وه‌یاندا ده‌وریکی بالایان هه‌بووه .

له‌پاریس مه‌تحه‌فی ئینته‌رپول مانگی ٦٠٠٠ نسخه که‌ته‌لوگ ده‌رئه‌کا که ئه‌توانی وینه‌ی ئه‌صلی وساخته به تایبه‌تی پاره‌ی کاغه‌زده‌ربکات

ئینته‌رپول معقدترین پاره‌ی ساخته‌ی لاهه‌یه له‌هه‌موو جیهاندا ، که‌پی‌ی ئه‌لین - ناپلیون‌وه ١٠٠٠ فره‌نکه به ره‌سامیکی پوله‌نده‌ی ( بویه‌تسکی ) دروستی کردبوو له‌پاریس گرتیان ، وه هه‌روه‌ها ١٠٠٠ پیزی ئیسپانی که دروستکه‌ره‌که‌ی تائیستاش نه‌گیراوه . به‌زوری ئه‌وپاره ساختانه‌ی دروست‌ئه‌کرین دولاری ئه‌مریکی‌یه .

## ئینته‌رپول ، له‌گه‌ل زوربوونی تاتوانباران زیاتربایه‌خ په‌یدائه‌کا

تاوانباریتی جیهانی له‌کاتیکا په‌یدا بوو که‌سنوور له‌نیوان ولاتانا دروست بوو . تاوانبار لیره گوناهیك ئه‌کا له‌لایه‌کی‌تریشه‌وه چاوه‌روانی تاوانیکی که‌ین ، به‌لام به‌یارمه‌تی ئینته‌رپول رزگاربوونی نی‌یه ، وه‌سزای تاوانه‌که‌ی خوی هه‌ر وه‌رئه‌گری ئه‌گه‌رچی چه‌ندین سالیشی به‌سه‌را تی په‌ری .

**له گوقاری زاپیسنیکی چیکی‌یه وه‌رگیراوه**

# کوردەکانی ئەودیو قەفقاس

chalakmuhamad@gmail.com

( ئەمەش بەستیکی تـرە لەنووسراویکی دریژ کـە ت ـ ئاریستوفا بە زمانی رووسـی نووسیوتی ، رزگاری وەری گیراوەتە سەر کوردی )

لە کوتایی سەدەی ( ١٩ ) سەرەتای سەدەی ( ٢٠ ) دا وولاتە ئەوروپاییەکـــان بایەخیکی زوریان ئەدا بـــە کوردستان . ئەمەش لەبەرئەوە کوکردنەوەی قازانجیکی گەورە . وە ئەوەی کـە زورتریش سەرنجی راکیشا بوون ئەوە بوو کە ئەیان ویسـت ریگای ئاسنی بەغدا و برلیـن رابکیشنی کە بە کوردوستانداتی ئەپەری .

لەم سەردەمە میژویی یەداگیرو گرفتی کوردەکان بـوو بوە باسیکی سیاسي گرنگ لەناو وولاتە ئەوروپای یە کاندا بەتایبەتی رووسیا ، ئەلمانیا ،انکلترا و وفەرنسا دا . لـە هەموو ئەم وولاتانە رووسیازیاتر بایەخي ئەدا بـــە کوردوستان چونکە سنووری هەردوو لایان هاوبەشـــە . بەریتانیای گەورەش بایەخی ئەدا بە کوردوستان کە تـا سیاسەت و نفوذی خـــوی بلاو بکاتەوە لە عیـــراق و ئیران دا وە تەقەللایەکی بـی وچانی ئەدا کە نفوذی رووس و ئەلمان لاواز بکـــات لـــە روزهەلاتی ناوەراستدا ، هەر لەبەر ئەوەش بوو کـــە بەریتانیا بە هەموو جوریـــك ئیی ویست سـەروکـــە کوردەکان رابکیشي بـــە لای خویدا وە لە دەوری خـــوی کویان بکاتەوە .

ئەلمانیاش بایەخی زوری دابە کوردەکان هەر وەك باسمان کرد لە سەرەوە ، وە خـوی گەیاندبـوە عیـــراق و روز هەلاتی ئەنازول و ئیـــران و سەرووی سوریا .

هەروەها فەرەنسـاشـــی بایەخیکی کەمی ئەئەدا بـەم ناوچەیە کە بە تایبەتی داوای سوریا و موصلی ئەکرد . لە ئەنجامی بلاو بوونەوەی نفوذی بیگانە کانەوە لە وولاتەکانی روزهەلاتي ناوەراستا گەلـی کورد کەوتە ژیر باریکی زور گرانی سەروك تیرەکانی خوی و کار بەدەستە کانی ئیـــران و عیـــراق و تـورکیـــا وئیمپریالیستە کانەوە کـــە نفوذیان لە بلاو بوونـــەوە دابـوو .

ئەم هویانەش کاریکی وای کرد کە راپەرینیك بە نیـازی سەربەخویی نەتەوایەتی کوردەست پی بکات کە لـــەم رراپەرینە دا چەنــــدەستەیەکی تازەی گەلی کورد وەکو دەستەی خویندەواران و لاوان و ئەو کوردانەی کـە لە وولاتەکانی بیگانـەدا بوون هاوبەشي تیا بکەن و پشـت گیری بکەن .

شورشي دیموکراتـــی بورجوازی رووس کە لە سالی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٧ هەلگیرسـا کاریکي گەورەی کردە سـەر بوژاندنەوەی میللەتانـــی روزهەلاتی ناوەراست بـــە تایبەتی میللەتی کورد .

لینین لـــە پـــەراوی « سەرمایەداری جیهـــانی و رراپەرینی رووســەکاندا » ئـەلـی : ( بـــە تـەواوی میللەتانی ئاسیا هوشیـــاربوونەوە ، سەدان ملیـــون خەلکی دوا کەوتووی سەدەی ناوراست چاویان کرایەوە بو ژیانی تازە وخەبات کردن لـەرری دیموکراسي دا ) .

رراپەرینەکانی میللەتـــی ئیران ( شورشی ئیـــران ١٩٠٥ ـ ١٩١١ ) و تورکیـــا ( شورشی ١٩٠٨ ـ ١٩٠٩ ) کاری کردە سەر کوردەکانـی ئەم ناوچانەش تاکو لە کانونی یەکەمـــی ســـالی ١٩٠٥م کوردەکان و ئەرمەنیەکانـــی دەرسیم هەروەها کوردەکانی بایەزید و بتلیس هەستان .

لە سالی ١٩٠٦م لـــە تورکیا راپەرینی کوردەکانی وولایەتی ئەرزروم و بتلیس دەنگـی دایـــەوە لـەگەل راپەررینی سیرت و سانجاق . لە کانـــونی دووەمی ١٩٠٦ کوردەکانی سیرت لە تیـرەی پەنجار بە سەروکایەتـــی ( بەشار چاتە ) راپەرین ، ئەم راپەررینە کاری کردە سـەر وولایەتی دیاربکر یش . لەگەل بە شارا کـورد و عەرەب و چەند میللەتیکی تریشــــ هاوبەشیان کـــرد . بـەلام عیزەت پاشا تاقمیکی زوری نارده سـەر ( بەشـار ) و راپەررینەکەی دامرکاندەوە . بەوەشەوە نەوەسـتا زور دیهات و گوندی کـــوردی ویران کرد و زەبر و زەنگیکـی زوری بەکار هینـــا لەگـەل کوردەکاندا .

نارەزای یـــە وولایەتـــی دەرسیم و بتلیس و ناوچەی ( گورقەرەجداغ ) یشـــي گرتەوە لە سەرەتای شورشي تورکەوە چەند پیکادانیکـــی چەکدار رووی دا لە میانەی

کوردەکان و لەشکری حکومەتی تورکیا دا .
ناو بە ناو شەرو ئەوەستا گفتوگو دەستی پی ئەکرد لە نیوان کاربەدەستانی تورك و سەروکە کوردەکاندا هەروەکو لە ناوچەی دەرسیم دا رووی دا .
زنجیرەی خەباتی کوردەکان دژی دەرەبەگ و ئیمپریالیستەکان ناوچەکانی کوردوستانی ئیرانیشی گرتەوە .

لەسەردەمی شورشی بورجوازی ئیراندا ( ١٩٠٥ – ١٩١١ ) م لەچەند شاریکی ئیران وەکو ( ساو جبولاق ، مهاباد ، سەقز ، سە ( سنندج ئەنجومەنی شورشی کورد پیك هات ( تورگانی ناوچەی خو بەریوە بردن ) ئەم ئەنجومەنانە پروگرامیکیان دانابو ئیش کردن و ریك خستنی کاروبار لەگەل چەند ریکخراویکی تری ریزی راپەرینی کورد لە کوردستانی ئیران وە سەرنجی کوردەکانی کوردوستانیان راکیشا . یەکی لە ئەنجومەنەکان لە ژیر سەرکردایەتی قاضي فتاح دا بوو . لەسالی ( ١٩٠٧ ) لە گومی وورمی ( رضائیه ) وەهەروەها راپەرینی کوردەکان لە ژیر سەرکردایەتی جعفر ئاغا دەستی پی کرد بو پیك هینانی حوکمیکی ئوتونومی بوکورد لە چوارچیوەی ئیراندا :

لە زور شوینی تری ئیراندا کوردەکانی سەلماس و خوی و ماکو راپەرین . لە سەرەتای سەدەی ( ٢٠ ) دا چەند بارەگایەك دروست بوبو ( کولتورە ) زانیاری میللی کوردی لە سالی ( ١٩٠٨ ) م دا ئەمیر بەدرخان یانەی کوردی دامەزراند وە روژنامەیەکی بە زمانی تورکی دەر ئەکرد کە ناوی روژنامەی ( پیش کەوتن و هاوبەشی کوردی ) بوو . ناو بانگیکی زور گەورەی پەیدا کرد بوو لە ناو گەلدا وە لە زور باسی گرنگ و کەم و کوردی کومەلایەتی و راپەرینی رزگاری کورد ئەکولایەوە .
هەروەها لە قاهیرە ولەپاشا لە جنیف چەند پەراویك و روژنامەیەکی کوردی دەرچو کەتیایا بانگی کوردەکانی ئەکرد کە خەبات بکەن دژی حکومەتەکانی تورکیا و ئیران .

لە سالی ١٩١٠ م خوێندەوارەکانی کورد کومەلیکیان دامەزراند لە ژیرناوی ( هیوای کوردوستان ) دا کە گوڤاری ( روژی کورد ) یان دەر ئەکرد ، ئەم گوڤارە لە بارەی ئەلفبایی کوردی وچونیەتی نوسینی کوردی و یەکخستنی کوردەوە ئەدوا .
لە سالی ١٩١٣ لە خوی ( لە کوردوستانی ئیران ) کومەلی ( زانیاری ) کوردی دامەزرا . ئەم کومەلە بیریکی پیش کەوتوانەی هەبوو ، نەك هەر لە رووی وێژە و زانیاری کوردەوە ، بەلکو لە رووی سیاسی شەوە . ئەم کومەلە هەولی داوە کە پەیوەندی پەیدا بکات لەگەل گەلی رووسیا . دامەزرینەری ئەم کومەلە عبدالرزاق بگ بوو کە لە بیرخەرەوەیەکدا ( مذکرة ) نوسیویەتی ( بەهوی ئەوەوە کە تورك و فارس دەستیان کیشاوە بەسەر ناوچەکانی کوردەواریدا هەتائیستا کوردەکان زور دوورن لە زانیاری و شارستانیەتیوەپیویست ناکات لەوە زیاتر بوەستین چاوەروان بین تورکەکان هەمیشە بی بەزەییانە ویستویانە بە کویری و ژیر دەستی بمیننەوە بویە هەتا ئیستاهەر ماوینەوە بە بدائی و رەش و رووتی و دواکەوتوویی بەلام نزیك بوونەوەمان لە رووسیا ئەو کوتە ئەشکینی کە ئیمەی دوور خستوتەوە نە وولاتان وە لە شارستانیەتی و پیشکەوتن وە ماوەمان ئەدا کە شارستانیەتیمان بکاتی لە ناوچەی سەرەوە ) .

لە سەرەتای شەرری جیهانی یەکەم دا کومەلی بەریوەبردین ( زانیاری ) وازیان هینا لەبەر دەست پی کردنی شەر .

بەلام هەر لە سەرەتای شەرری جیهانی یەکەمدا دەستەی بەریوەبەرانی ( استقلالی کوردوستان ) بە فەرمانیکی گەورە هەلئەستان وە داوای یەکگرتنی هەموو کوردیان ئەکرد ، هەروەهایانە کوردیەکان دەوریکی سیاسی بالایان هەبوو لە ناوکوردەواریدا وە ناوبانگیان زوربەی شارەکانی گرتبووەوەکو روژهەلاتی ئەنازول وە بەغدا وە دیاربکر و بتلیس وەموشی وە موصل و چەندان شاری تر . ناوبانگیکی ئەوتویان پەیدا کرد لە ناو دانیشتوان کە هەتا ئەهات ژمارەی ئەندامانیان لە پەرەسەندنا بوو هەروەکو لە بتلیس لە کوتای سالی ١٩٠٨ دا نزیکەی ( ٧٠٠ ) حەوت صەد ئەندامیان هەبوو ; بەلام لە ماوەی دوو مانگدا ژمارەی ئەندامانیان گەیشتە ( ٨٠,٠٠٠ ) هەشتا هەزارکەس . یانەی بتلیس لە زور لە وولایەتەکانی امپراتوریەتی عوسمانی جی نشینیان هەبوو وە بریاریان دابوو کە بو هەر ( ١٠ ) دە ئەندام لی پرسراویکیان هەبی بو فیرکردنیان و پەروەردە کردنیان بە هوی ئەم لی پرسراوانەوە گەلی کورد کەلکیکی زوری وەرگرت لە رووی ریك خستنی وە پەروەردە کردنی خەباتی سیاسیەوە . بەلام ئەم یانەیە زور نەمایەوە چونکە کاربەدەستانی تورك هەمیشە ناکوك بوون لەگەل بەریوەبەرانی ئەم یانەیەدا .

شورشی تورك لە سالی ( ١٩٠٨ ) دا هیچ ماف و سەربەستیەکی تیا نەبوو بو کوردەکان بەلکو بە پیچەوانەوە بوە هوی ئەوەی کە کار بەدەستانی تورك رەگەزایەتی بەکار بهینن بەرامبەر بە کورد . ئەمەش بوە هوی ئەوەی کە کوردەکانیش بکاتە دژی تورك .

لە ئەنجامی ئەم رەگەزایەتیەداتیرە کوردەکان راپەرین بە سەروەکایەتی ئیبراهیم پاشا. تورکەکانیش ئەو کوردانەیان راکیشا بە لای خویاندا کەنەیان ئەویست پال پشتی ئیبراهیم پاشا بکەن لەنجامی ئەوەدا ئیبراهیم پاشا کوژرا . لە پاش ماوەیەك کوردەکانی دەرسیم و میراقیش هەستان لەم کاتەداهیزەکانی تورك کەوتنە لە ناوبردنی دانیشتوان وە زوربەتوند وتیژی خەلکی بی دەستەلاتیان ئەچەوساندەوەو لەناو ئەبرد . زور دیهات و گوندیان سووتاند . ئەمانەوناکوکی ناو تیرەکانی کوردیش بوە هوی ئەوەی کەئەمراپەرینەکان سەروکیکی هەروەها زوربەی راپەرینەکانی کورد کەکراوە لە ئیران وتورکیادا هیچ پروگرامیکی ریك وپیکی سیاسیان نەبووە . زور جارراپەرینەکان سەوکیکی ئینتهازی یا کونەپەرستسەرکردایەتی کردوە هەر لەبەر ئەوەش بوو کەراپەرینی کوردەکانی تورکیا وئیران هەمیشە یەك تەبیعەتی هەبووە ، وە زور جار دەولەتە ئیمپریالیستەکان توانیویانە کە سەروکە کوردەکان لە خشتە بەرن بەمال وسامان . هەروەها لە لایەن حکومەتانی ئیران وتورکیاوە زور جار ئەو سەروکانە لە خشتە براون ئەمەش بوەتە هوی لیدان و بی‌هیز کردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد .

لە سالانی شەری جیهانی یەکەمدا کوردوستان دابەش کرا بەسەر چەند وولاتیکی روژهەلاتی ناوەراستدا وەکو ( عیراق ، تورکیا ، ئیران ،سوریا ) زور جار ریك کەوتوە گەسنووری ئەم وولاتانە بەناوچەی تیرەیەك لە تیرە کوردەکاندا رویشتوە وەکردونی بە دوو بەشەوە .

ئەو تیرانەی کە ئەکەونەسەر سنووری ئیران ـ تورکیا ، تیرەی جەلالی و میلان وشوكاك و زیرزایە .

ئەو تیرانەی کە ئەکەونەسەر سنووری عیراق ـ ئیران تیرەی جاف و پیران وهەندیکی ترن . وە تیرەی ( زیلی ) لە عیراق و تورکیا وسوریا دا ئەژین تیرەی ( هەکاری ) بە زستان لەعیراق ئەژین و هاوین بە ناوچەکانی تورکیادا دروئەکەنە ئیران .

وە یەزیدیەکانیش لەهەردوو دیوی سنووری عیراق و سوریا ئەژین .

لە کاتی شەری جیهانی یەکەمدا لە ناوچەی کوردوستاندا لە شکری رووس و تورك و ئینگلیز پیکدا هاتن هەموو لایەك لەم شەرکەرانە ئەیان ویست کوردەکان رابکیشن بەلای خویاندا بو شەرکردن .

لە کوتایی شەری جیهانی یەکەمدا ئابووری کوردوستان زور دواکەوت لەگەل ئەوەشدابرسیتی و رەش و رووتی زیادی کرد لە نیسانی سالی( ١٩١٧ ) دا کوردەکانی موصل لە ژیر سەرکردایەتی( شیخ عبدالله ) ی کورەزای ( شیخ عبیدالله ) دا هەستان. هەروەها کوردەکانی ناوچەی سلیمانیش لە ژیر فەرماندەی( شیخ محمودی بەرزنجیدا ) کەوتنە بزوتنەوە لە هەمان کاتدا کوردەکانی عمادیە و هەندی شوینی تر بزوتنەوەیان تی کەوت .

مەرکەزی بزوتنەوەی سەربەخویی لە هاوینی ( ١٩١٧ ) داکەوتە خوارووی روژ هەلاتی ئەنازولەوە . راپەرینیکی گەورە لەناوچەی ماردین و دیاربکر دەستی پی کرد کە هەندی لەعەرەبەکانی دەور و پشتی کوردەکانیش بەشداریان تیاکرد لە پاش شەری جیهانی حکومەتە ئیمپریالیستەکان زور تر چاویان بریەیە کوردوستان . لە ئەنجامی کەوتنی ئیمپراتوریەتی عوسمانی و بە پیتی کوردوستان و زوری نەوت لە وولایەتی موصل . ئینگلیز موصلی خستە ژیر دەستی خویەوە لە پاشا موصل خرایە سەر عیراق وە عیراقیش کەوتە ژیر ئینتیدابی بەریتانیاوە .

مەسەلەی موصل چەند سالیك مایەوە بوە جیگای باس و گفتوگو . کردن لە کونگرەو کوبونەوە کاندا وەکو ریکەوتنەکەی (سایکس ـ پیکو) لە سالی (١٩١٧) وە ریکەوتنی ( مدرەس ) لە سالی ( ١٩١٨ )وە کونگرەی ( سان ریمو ) لە سالی ( ١٩٢٠ ) وە بریارەکانی( لوزان ) لە سالی ( ١٩٢٣ ) وە چەند کوبوونە وەیەکی تریش .

( ماوەتی )


## اعلان

لدى مصلحة سمنت سرجنار اثاث منزلية متنوعة ( قابلة للاستعمال ) وستباع بالمزاد العلنى في الساعة العاشرة من يوم الاربعاء المصادف ٧-٥-٩٦٩ وفى الساحة الكائنة امام دور الموظفين فعلى الراغبين بالشراء الحضور فى التاريخ والمكان المعينين اعلاه وتدفع القيمة نقدا والدلالية مع اجور الاعلان على المشترى وعليه نقل المواد فورا وعلى حسابه الخاص .

نوری رشيد
المدير العام لمصلحة
سمنت سرجنار

# خوزگه !

★ خوزگه هەموو ئەو نەخۆشانەی لە بیمارخانەکانی دەولەتدا ئەکەون ، لەسەر قەرەویلەی پاک و تەمیزو لەو قاوشی خاوینیدا ئەیان نواندو خواردەمەنی پاک و باشیان ئەدانێ و دکتورو کاربەدەستانی خەستەخانەکان بەتەنگیانەوە ئەهاتن و داوو دەرمانی باشیان ئەدانێ بەرووی خۆش و رەفتاری شیرین لەگەلیان ئەجوولانەوە ...

★ خوزگه . ئەگەیشتینە سەردەمێک کە هەموو کەسێک ئاستی گوزەرانی وا بووایە پەنای نەبردایەتە بەر سوال کردن و دەرۆزە ، وە ئەوسانە منالی وا کە لە تەمەنی گول خونچەدان وە نە پیری کەنەفتەو پەککەوتوو وە نە ئافرەتی بێدەرەتانمان نەدی بەسەر رێنەوە ، بو چەند فلسێک دەست لەمو لەمو پان بکەنەوە ...

★ خوزگه هەندێ لەو ماموستایانەی کە تا ئیستاش وا ئەزانن خوێندنگای مەلاو قوتابخانە حوجرەو ، قوتابی شاگردەکانی سەردەمی عوسمانین ، بە پێی ئەو شوێنی زانستی نوێی پەروەردەکردنی منال ، رەفتاریان لە گەل قوتابیانی قوتابخانەکاندا ئەکرد ، وە بو چارەکردن و ئاموژگاری کردنی قوتابی و راهینانیان پەنایان نەبرادیەتە بەرلێدان و هەرەشەو سزادان و فەلاقە کردن .

★ خوزگه ئەو شەقامانەی کە نەمامیان تیا ئەروێنری ، ئەو لایەی کە ئەی روێنی بەتەنگ پەروەردە کردن و بی گەیاندنیشیەوە بهاتایە لەرووی پاراستن و ئاودانیەوە ، وەلەم رووەوە ئەو دووکان و مالانەی کە لەبەریا ئەروێنری بکرایە بە لێپرسراوی پاراستن و ئاودانی نەمامەکە .

★ خوزگه گردەکانی سلیمانی کە کاتی خوی داری ئەرخەوان و گوێژو بەرووداپۆشرابوویەوەو ئەو سەردەمەی سووتەمەنی لەسلیمانی برابوو نەوت چوو بووە قاتی خەلکی لەبەر بی سووتەمەنی و لەسەرمان داو لەبەر هەژاری هەموویان بری ، یا دائیرەی غابات وە یا خود شارەوانی جارێکی کە داری ئەرخەوان و گوێژو بەروو هەندی داری تریان تیا بچاندنەوە ...

❋ ❋ ❋

## اعــــــلان

لــدى مصلحة ســـمنت سرجنار اثاث منزلية متنوعــة ( مستهلكة ) وستباع بالمزاد العلني في الساعة العاشرة من يــوم الســبت المصادف ٣-٥-٩٦٩ فعلى الراغبــين بالشراء الحضور في التــاريخ المعين وذلك في ساحة المعمل في سرجنار – تدفع القيمة نقداوالدلالية مع اجور الاعلان على المشترى وعليه نقل المواد فوراوعلى حسابه الخاص .

نــوري رشــيد
المدير العام ورئيس
مجلس الادارة

## اعــــلان

تدعو مصلحة ســـمنت سرجنار المتعهدين المنتسبين الى غرفة التجارة للاشــتراك بالمناقصة السرية لنقل اكياس السمنت الخالية من معمــل شركة السمنت العراقية في بغداد الى معمل سرجنار في السليمانية وذلك حســب الشروط التي يمكن الحصول عليها من مديرية حسابات المصلحة لقاء مبلغ ثلاثة دنانير غير قابل للرد – تقبل العطاءات قبل نهاية الدوام الرسمي ليوم السبت المصادف ١-٥-٩٦٩ مرفقة بتأمينات اولية قدرهــا ( -/٥٠٠ ) دينــــار فقط خمسمائة دينار نقدا او كفالة مصرفية او صك مصدق من المصرف وسترفض العروض الغير مستوفية للشروط وان اجور الاعلان على من ترســو عليه المناقصة .

نوري رشــيد
المدير العام ورئيس مجلس
الادارة لمصلحة سمنت
سرجنار – سليمانيــة

## السيد بكر قادر عبدالله العداد في بلديــة السليمانية محلــة ملكندي قرب جامع حاج حان فــــي الســليمانيــة

## م : – اخطار

بناء على تغيبك من وظيفتك منذ صباح يوم ٤-٣-٩٦٩ كما جاء بكتاب رئاسة بلدية السليمانية المرقم ٢٠٤٧ في ١٠-٣-١٩٦٩ .

لذا نخطرك بوجوب التحاقك بالوظيفة خلال مدة ثلاثون يوما اعتبارا من تاريخ نشر هــذا الاخطار في الصحف المحليــة والا فسوف تعتبر مستقيلا من الخدمة وفقا لاحكام الفقرة ( ٢ ) من المــادة الســابعة والثلاثون من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لســنة ٩٦٠ المعدل .

العقيــد
كريم قرەني
متصرف لواء الســليمانية

# خەباتی نەتەوەی کورد



« هەزاران هەزار شەهید لە ڕێگەی دەستکەوتنی گەلا قارەمانانە گیانی خۆیان بەختکرد . با ئاڵای ئەوانە بەرز بکەینەوە و بەری یەکا کە بەخوێنی ئەوان سوور بووە بەرەوپێش بڕوین » . ــ ماوتسی تونگ .

ئیسماعیلی شەریفزادە کە یەکێ بوو لە کوردە ڕەوشەنبیرە شۆڕشگێڕەکانی ئێران و یەکێ بوو لە کادرە هەڵکەوتووەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ... پاش ئەوەی مەلا بەرزانی تەنگی بەوو بە هەڤاڵەکانی هەڵچنی، ویستی ڕێگەی چالاکی سیاسییان لێ بگرێ و لە دەرفەتێکا سەوداو مامەڵە و بازرگانی بە گیانیانەوە بکات لەگەڵ دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران دا ، خۆی و هەندێ لە هەڤاڵەکانی گەڕانەوە بۆ ئێران و دەستیان دایە خەباتی چەکدار . شەریفزادە لە شەڕێکا شەهید بوو ، بەم بۆنەیەوە « ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی تودەی ئێران لە دەرەوەی وڵات » بەیاننامەیەکی لە ئەوروپا بە زمانی فارسی بڵاوکردەوە وا بەشێ لەبەیانەکەمان بە کوردی پێشکەش ئەکەین :

× ● ×

ڕۆژی ١٢ ی ئوردی بهیشتی ١٣٤٧ ئیسماعیلی شەریف زادە فەرماندەی دەستەی پارتیزانەکانی هەرێمی بانە لەگەڵ سێ پارتیزانی ترا ، میرزا محەممەد ئەستی مەنگوڕ ، عەلی عەبدوڵڵا ، وە حەسەینی ڕەحمانی مەنیجەلانی لە ناوچەی « دارەنە » ی بانە شەهید بوون .

ئیسماعیلی شەریف زادە ساڵی ١٣٢٢ لە مهاباد لە دایك بووە و هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە چووەتە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە ، بە جۆرێکی وا کە لەسەردەمی خوێندنیا لە زانستگای فنی دانشگای تەهران هەمیشە لەژێر چاوەدێری و تەنگ پێ هەڵچنینی پۆلیسا بوو تا لە دواییدا جارێك گیراو پۆلیس زۆری بۆ هێنا ناچاری کرد واز لە دانشگا بهێنێ . لە سەرەتاوا ڕووی کردە کوردستانی عیراق و چووە ڕیزی شۆڕشەوە . مەسەلەی شۆڕشی ئێران بە لای ئەوەوە لە پلەی یەکەمدا بوو وە هەروەکوو کادرێکی هەڵکەوتووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لە هاتوچۆی ئیشتمانەکەی خۆیدا بوو وە خەریکی چالاکی و هوشیار کردنەوەی جوتیارانی کورد بوو .

شەریفزادە لە باڵی چەپی حیزبی دیموکرات بوو کە لەبیشتی سەرچاوەکەی لە بیروباوەڕی مارکسیستی ـ لینینیستییەوە هەڵ ئەگرت . بڕوای بەخەباتی چەکدار بۆ دژی ڕژێمی دیکتاتۆری شاه . لەو باوەڕەدا بوو کە شۆڕش ئەبێ لە گوندەوە دەست پێبکا و جوتیاران هێزی بجبنەیی شۆڕشن . هەروەکو لەو بڕوایەدا بوو کە تەنیا بە یەکگرتنی سەرجەم گەلانی ئێران بەرابەری چینی کرێکار شۆڕشی دیموکراتی ئیشتمانی سەرکەوتن بەدەس ئەهێنێ و لەم چوارچێوەیشایە کە مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد مسۆگەر ئەبێ . سەبارەت بە وەفاداری بوو بەم ئامانجە کە ساڵی ١٣٤٦ هاتەوە ئێران و لەگەڵ هەڤاڵەکانی ترا دەستی دایە کارکردن لەناو جوتیاراندا و دەستی کرد بە خەباتی چەکدار . چالاکی ئەو لە ناوچەی بانەدا بووە هۆی ترس و توقینی مڵك دارەخانەکان و ڕژێمی شاه ، بە جۆرێکی وا کە هەردەم بەدوای هەلێکا ئەگەڕان بۆ لە ناوبردنی ئەم لاوە ، تا لەدواییدا لە دوازدەهەمی ئوردیبەهیشتا بە یارمەتی خیانەت کارێك کە بە پێی نەخشەیەکی داڕێژراو چوو بووە دەستەکەی ئەوانەوە لەکاتی نوستندا خافڵ گیریان ئەکەن وە بە هێزێکی پتر لە سەد کەسەوە پەلاماری دەستەیەکی پێنج نەفەرییان دا . ئەم خەباتکارە بە جەرگانە پتر لە پێنج سەعات بەرگری ئەکەن و لەو کاتێکا کە دوا فیشەکیان تەواو ئەبێت یەك لە دوای یەك شەهید ئەبن ، تەنیا یەکێکیان بە برینداری دەرباز ئەبێ .

شەهید بوونی ئیسماعیلی شەریف زادە و هەڤاڵەکانی زیانێکی گەورەیە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد و هەموو گەلانی تری ئێران .

× ● ×

ئێمە سەرخۆشی شەهیدبوونی ئیسماعیلی شەریفزادە و هەڤاڵەکانی لە ناخی دڵەوە لە گەلی قارەمانی کورد و هەموو خەباتکارانی ئێران ئەکەین و ئەبێ تادوا هەناسە لە پێناوی سەرەونگون کردنی ڕژێمی شاه و لە ناوبردنی دەرەبەگایەتی و ڕیشەکەن کردنی ئیمپریالیزم و ڕیسوا کردنی ڕویزیۆنیزم دا بجەنگین .

★ ★ ★

# خەباتی کریکاران

## بە ریبازی رزگاری دا


لەوەتەی کوردایەتی ، لە رووی ئامانجەکانیەوە ، گەشەی داوە بە بارە سیاسی یەکەی‌و ناوەروکیکی ئابوری‌و کومەلایەتیشی تیکەلاو بەخوی کبردووە ، وە رووی پیشکەوتووانەی پەردەی رەشی دواکەوتنی دریوە ، روژ لەدوای روژ پتر ریزەکانی فراوان ئەبیت‌و کومەلانی خەلکی کوردستان بەپەروشەوە دینە ژیر ئالاکەیەوەو لەپیناوی ئامانجەکانی‌دا ، کە ئامانج‌و ئاواتی ئەوانەو لەناخی دەروون‌و بەرژەوەندی ژیانی ئەوانەوە هەلقولاوە خەبات ئەکەن‌و قارەمانانە بی خوویستن‌و چاوترسان دریژە بەو خەباتەیان ئەدەن . ئەم هاتنە ریزو خوریکخستنە گەیشتوتە رادەیەکی ئەوتو کە بە تەواوی کوردایەتی ، لە رووی بنکەی جەماهیری‌یەوە، کردووەتە : بزوتنەوەی راستەقینەی هەموو چین‌و کەرتە شورشگیرە چەوساوەکانی گەلی کورد ، وە لە سەرو‌و هەموویانەوە چینی کریکاران‌و جووتیاران وەهەر بەم پی‌یەش خەباتی ئیمروی کوردایەتی کە ئاکە پیشرەوەکەی گەلی ـ کورد رابەری ئەکات ، خەباتیکی سەختی شورشگیرانەیە کە بو بەرژەوەندی ئەم چینە چەوساوانەی کوردستان ئەکریت‌و بە نیازی گوراندنیکی پیشکەوتووانەی باری ژیانی ئەم چینانە ئاراستە ئەکریت .

دیارە ئاراستە کردنیش ری‌و شوینی تایبەتی خوی هەیە کە بلاو کراوەو روژنامەو گوڤار یەکیکە لە هەرە گرنگترین هویەکانی ئەم ئاراستە کردنەی خەباتی کومەلانی خەلکی . وە هەر روژنامەو گوڤاریك وەیا هەر هویەکی تری بلاوکردنەوەو ئاراستە کردن لە سنووری هیلی دیارو ئاشکرای کوردایەتی چووە دەری ناتوانیت خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتی‌مان بکات‌و دەوری خوی لە کومەلی کوردەواری‌دا بە شیوەیەکی ئیجابی ببینی . بەوانە روژنامەو گوڤار لە کوردستانا ئەبیت خوی بەستبینەوە بە خزمەت کردنی مەسەلەیەکەوەو ئەرکیکی گرتبیتە ئەستو کە بە نیسبەت ئیمروی نیشتمانی ئیمەوە مەسەلەی کوردو ئەرکی خزمەت کردنی کوردایەتی‌و پیش خستنیتی لە کاروانی بزوتنەوە شورشگیری‌یەکانی گیتی‌دا . کە هەر روژنامە یا گوڤاریك ئەم هیلەی پەسەند کردوو ویستی لەسەری بروا بە تەواوی ئەبیت ئەرکی خزمەت کردنی جەماهیری ئەم هیلە کە جەماهیری کوردایەتی پیشکەوتووە ، وە کەبرتین لە کریکارو جووتیارو بەش... دامرکانەوەو چەوسانەوەو روتاندنەوەی کومەلانی لایەرەکانی ( رزگاری ) بخاتە سەرشانی .

( رزگاری ) کە پاش تی پەر بوونی ماوەیەکی زور خەلکی کوردستان دیتەوە گوری تیکوشان .. پیشکەوتوورین‌و شورشگیرترین هیلی‌کوردایەتی هەلبژاردووەو خوی پیوە بەستوتەوە ، کە لە بنچینەدا خوبەستنەوەیە بەژیانی خەلکی چەوساوەی کوردستان ـ بە تایبەتی کریکاران‌و جووتیاران ـ وە ئەو دەورە میژوویی‌یەی کە پی‌ی سپیردراوە بەرامبەر جەماهیری بزوتنەوە پیشکەوتووەکەمان تاسەر ئەی‌بات بی‌ئەوەی کول‌دان‌و بەزین بزانیت لەو ریگایەدا .

شورشگیرەکانی تری کورد ، تەرخان ئەکریت بو بەرگری کردن لە سوودو بەرژەوەندی چینە چەوساوەکان وەبەکردەوە ئەی سەلینیت کە دەنگی راستەقینەی کوردایەتی پیشکەوتووەو زمانی زولالی چینی کریکارو جووتیاری رەش‌و رووتە لە کوردستانا .

( رزگاری ) لەبەر تیشکی ئەو بیروباوەرە پیشکەوتووانەی کە ری‌ی تیکوشانی راستەقینە بو روونی کردووەتەوە هەردەم بەشیکی لاپەرەکانی تەرخان ئەکات بو کریکارانی کوردستان‌و خستنە رووی خەباتیان سەبارەت بەو بایەخەی چینی کریکاران هەیەتی ، بەوەی کە توخمی هەرە شورشگیرو پیشکەوتووی کومەلە ، هیزی بەرهەم هینەری سەرەکی کومەلی دوا روژە، ئەو چینەیە کە پیشکەوتن‌و گەشە کردنی وولات بە دەستی ئەوان ئەکریت وە کومەلی مروڤایەتی پاشە روژ کومەلی ئەوان‌و لەدروست کردنی دەستی ئەوان ئەبیت ... بویە مەسەلەی کریکاری‌و گرنگی پیدانی لە پیویستی‌یەکانی سەرشانی ئیمروی خەباتی کوردایەتی‌و ئەو هویانەشە کە خزمەتی کوردایەتی پی‌ئەکری ـ کە یەکیك لەوانە ( رزگاری ) یە ، هەروەك هاوبەشی کردن لەخەباتی چینی کریکاراندا وەری خوش کردن بویان کە سەرکردایەتی چینەکانی تری کومەل بکەن بەپیشرەوایەتی کردنی خەباتی شورشگیرانەی کومەلانی خەلکی چەوساوە لەپیناوی ئامانجەکانیاندا ، لە ئەرکەکانی ئەستوی ئەوانەیە کە بەپی‌ی تیوری سوشیالیزمی عیلمی رەفتار ئەکەن‌و بەتەنگ دوا روژی گەلەکەمان‌و بزوتنەوە رزگاری خوازی‌یەکەمانەوە هەن کەبی هیچ گومانیك لە ریزەکانی پیشەوەدا ئەم جیگایە ئەگریت‌و لەسەری ئەروات ، بەتایبەتی کە لە



لەنجامی تاقی کردنـ بەوەی
دوورو دریژی کوردایـەتیدا
دەرکەوت کە چینی بورژوازی
کورد ناتوانیت پیشرەوایەتـی
ئەم بزوتنەوەیە بکات بـــە
تایبەتی لەم دەمەدا کـــە
ئامانجەکانی بزوتنەوەکـــە
مەترسی‌یەکی تەواوی هـەیە
بۆ سەر دەسەلات‌و بەرژەوندی
بورژازی یەکان ، نەك هـەر
ئەمە بەلکو بە تاقی‌کردنەوەی
گەلانی تری ئەم گیتی‌یەشـــ
ئەو راستی‌یە چەسپی کـــە
هیچ بزوتنەوەیەك بـــــ
سەرکردایەتی ئەم چینـــە
ناتوانیت زال بیت بەســـەر
دوژمنەکانیاو بە یەکجاری‌و
لەبنەرەتەوە ئازاردانـــی
نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی
چینایەتی هەلتەکینیت .

ئەم ریبازە پیـــروزەدا ،
ریبازی خزمەت کردنــی
**کومەلانی خەلکی کوردستان**
**بەتایبەتی کـریکـاران‌و**
**جووتیاران، رزگاری ئەکەویتە**
مەیدانی کۆکردنـەوە ، وە
خوی تەرخان ئەکات بـــو
بەدەنگەوە چوونی هەمـوو
هاوارێکیانەوە ، وە لە هەموو
ئەو باس‌و خواسانەی کـــە
پەیوەندی پی‌یانەوە هەبیـت
ئەگولیتەوە ، وە بە ووردی
تەنگ‌و چەلەمەکانی باری
ژیانیان‌و گیروگرفتەکـانی
روژانەیان شی ئەکاتـەوەو
چارەسەرکردنەکانیان دەسـت
نیشان ئەکات . وەپشت بە
کریکاران‌و چینـــە
رەنجدەرەکانی تر گیانیکی تـر
ئەکاتەوە بەبەر لەشی سربووی
کریکارانا وەئەبیتە زەنگـی
هوشیار کردنەوەیان لەخەوی
خوشی دوور لەمەیدانی خەبات
راوەسـتان ، وە ریگـای
هوشیاری چینایەتی‌و بەرگری

کردن لە مافەکانی خویانیان فیر ئەکات بە جوریکی وا کە هانیان بدات وزانیان بخاتە بەر لە ئاستی چەوساندنەوەدا بی‌دەنگ‌و دەستە پارچە نەوەستن بەلکو سوور بن لەسەر بەدی‌هینانی ئامانجەکانیان‌و مافە رەواکانیان .

هەروەها رزگاری دەنگیان ئەگەیەنیت بە کریکارانی عیراق‌و گیتی وە دەنگ‌و باس‌و جموجول‌و خەباتی ئەوانیشیان پی ئەگەیەنیت . ولەسەر ریبازی یەکیتی هەموو کریکاران ، یەکیتی چەوسانەوە ، دوژمن ، بەرژەوندی چینایەتیان ئەروات وە بە ووشەی شورشگیری ئاگرینی باسەکانی ، تووی هاوکاری تیکوشان‌و گیانی برایەتی‌و دوستایەتی نیوان کریکارانی کوردستان‌و کریکارانی عەرەب‌و هەموو میللەتانی تری تری گیتی ، ئەچینی لە پیناوی جوش‌دانی گری خەباتی هەموو کریکارانی گیتی‌و یەکخستن‌و ئاراستە کردنی دژی ئیمپریالیزم ــ دوا قوناغی رژیمی سەرمایەداری ــ و هینانە کایەوەی ژیانیکی پر لە کامەرانی‌و بەختیاری بە گوردکردنی هەموو جورە چەوسانەوەو نازارذانیک نەتەوایەتی بیت یا چینایەتی .

ئەم هەموو ئەرکە گەورانەش دیارە هەر تەنیا بە خوی ناکری بەلکو بارمەتی دانی لەلایەن کریکاران‌و هەموو ئەو شورشگیرانەی کە ئایدیولوجیەتی چینی کریکار

مەشخەلی ریگای خەباتیانە ، باشتر ئەرک‌و پیویستیەکانی سەرشانی ئاسان ئەکات لە بینینی دەوری خوی‌دا ئەمەش بەوە ئەبیت کە گیروگرفتەکانی کریکاران روو بەرووی بکریتەوەو راگورینەوەو مشتو مریکی علمیانە هەبیت

لەسەر ئەو باسانەی کە ئەنووسریت . وە بو ئەم مەبەستانەی کەوا لی‌ی دواین ، پەیوەندیەکی توندو تول لە نیوانی کریکاران‌و چینە شورشگیرەکانی تر و

«رزگاری»دا مسوگەرترین مایەی سەرکەوتنمانە لە بەر ئەرکە پیروزانەی میژوو بە سەریا دواین . . .

★ ★ ★

## کریکارەکانی سلیمانی خویان

## بو هەلبژاردن ئامادە ئەکەن . . .

لە دەمیکەوە ژیانی نەقابی لە سلیمانی‌دا نەماوە ، هەتا ئەو کاتەی مافە دیموکراتیەکانی گەل پی‌شیل کراو ئەو توزە سەربەستیەی دوای شورشی چواردەی تەمووز پیچرایەوە ئەم مافە رەوایە لە کریکاران شارایەوە . وە ئەگەر لە هەندی شارەکانی تری عیراق‌دا کەم‌و زویەکیش بەناو ژیانی نەقابی مابیت ، لە سلیمانی دا ئەمەش نیە . .

بەلام پاش ئەوەی بەرەو ئەوە ئەچین کە بەرە بەرە ژیانی ئاسایی بگەریتەوە دوخی جارانی ، کریکاران لە سلیمانی خەریکی خو ئامادە کردنن بو ئەو هەلبژاردنەی کە ئەکریت بە نیازی کردنەوەی لقی یەکیتی گشتی نەقابەکانی کریکارانی عیراق لە سلیمانی هیوادارین کە بە گیانیکی دیموکراسیانەوە هەلبژاردنەکە بکریت‌و بەهیزترین بزوتنەوەی نەقابی لە سلیمانی‌دا دروست بیت لە پیناوی کوکردنەوەی کریکاران‌و ئاراستە کردنیان بەرەو یەکخستنی خەباتیان‌و کوششیان بو پتر کردنی بەرهەم هینان‌و چاکتر کردنی گوزەرانی کریکاران‌دا .

*** چیروکی کورت**

# قەت لە یادو دەرناچێ

ئیستاش هەر چەند ئـ.ـەو کاتەم دیتەوە یاد خور خـور فرمیسك بە چاوما دیتـــە خوارەوە .

شەوبکـی توف بـوو ، ساردیەکەی لە سـنوور دەرچوو بوو ، تفت هەلدایـە ئەمەبی ، باران بەلیزمە ئەهاتە خواری . گفەگفی ( بـا ) و بریسك هـوری هـەورە تریشقە لەشی ئەهینابـە موچورکەو لەرزین .

سی روژە ری ئەبی بەربوەبن، هەموو هیلاكو ماندوبـــن بەلەپیتکەمان لی‌بەن لە حەوت لاوە ملمان ئەشکی بەهـەر کولمەرگیەك بو گەیشتینـە دێی ( ك ) لە فەرمانـدەی هیزەکەمانەوە فەرمانیکمان بو هات کەوا بو ماوەی چەنـد سەعاتی ئیمشەو لەم دێیەدا لەحەسینەوە ، بارمـــان لی‌خست ، دێیەکە هەمووی بریتی بوو لـە چـەنـد کەلاوەیەکی رووخاو سووتاو لەئەنجامی ئەو بومبایانـەی بەری‌کەوتبوو ، خەلکی ئـەم دێیە هەر لە دەمیکـــەوە چولیان کردبـــوو ، ئەگەر سەرنجی ژووری خانوەکانیت بدایە لەبەر رەشایی دوکـەل داری بن‌میچەکانت بەرچـاو نەئەکەوت . بەخور ئـــاوی باران خوی ئەکرد بەژوورا لە هەموو لایەکەوە . خو هیـچ هیزیك نیە بەرەنگاری ئـــەو رەشەبایە بەتەوژمەبکات .

بە پی‌ی رەوشتو یاسـای پیشمەرگایەتیـــان هـەر کومەلەمان خەریك بووین بـە ئیشیکەوە . هەندیکمـــان کەوتینـە دارهینـــــان . کومەلیکی ترمان دەستی‌کرد بە نان کردنەوە ، دەستەیەکی ترمان چیشتیان لی‌ئەنا ، ئەوی زور سەرنجی رائەکیشا لاویکی خوین گەرمی چاوو برو رەشی چوار شانەیەکی بەخو بوو . لەنزیك ئاگرەکەوە دانیشتــوو خەریکی ووشك کـردنەوەی جلەکانی بوو . لەپیشا پشتی لیم بوو ، بەم دواییە زانـیم کە ( کەمال ) ە . هەمـــوو دەستمان کرد بەنان خواردنو لی‌بووینەوە . ئینجا بووین بە چەند کومەلیکەوە ، هـەر کومەلەمان لە سـووچیکەوە کەوتە باسـی قارەمانیتیو شبوەی شەری‌لەمرو لەگـەل دوژمنـی داگیرکـــەری خوین‌ریژدا .

( کەمال ) یش کە تـــا ئەو کاتە بی‌دەنگ‌و هیمـن لەگوی ئاگرەکە دانیشـتبوو هەستی راگرتبوو بو ئەم باس‌و هەوالانە . چاوی هەلبری‌و بە دەنگیکی دلیرانەوە ووتی : —

— زور بەسەربان بو کـوی دەرئەچین لە چنگمان ئەبی ئەم خاکەیان بو بکەین بە گورستان ئەبی بەسـەر شـوری‌و روو رەشی لە کـوی‌وە هـاتوون بچنەوە بو شوینی خویـان ، تازە ئەو روژە نەما هەبی مافی ئیمە بخوا . .

ئەوی راستی‌ی بی تا ئـەو وەختە نەمزانیبوو کە ( کەمال ) زامدارە ، تاپەکی لـــــە لەنیشتمەوە چرپانی بە گویماو ووتـی : —

ئەری زانیوتە ( کەمـال ) بریندارە ، بەراستی کـە رای ووت موچورکەیەك بە لەشـما هات داچلەکیم هەر وەکـو ئەلەکتریك گرتبمی ، زور بەمە مات‌و خەمبار بووم ، بویـە خوم نەگرت ، یەکـەر نزیـك بوومەوە لە ( کەمال ) ئەویش هەر وەکو جاری جارانی بـە بزەیەکی گەشەوە بەرەو رووم بووەو ووتی : —

— ئازاد . . هاتی . . ئەمرو زور چاوم بو گیرای دیـسار نەبووی ، منیش ووتم : —

— بی قەزا بی ئەی مـــن نەبووم لە سـەنگەرەکـەی بەردەمتان لەگەل هـاوری ( سالار ) دا . . ئەی نەبوو کە بومباکە لەتەنیشـــت سەنگەرەکەمانـــەوە کەوت هاوارت‌کردو قیژانت‌لەتو وایە ئاخو شتیکمان بەسەر هاتوە .



— بەخوا راستیش ئەکەی .
بەلام فلانی شەری ئەمرو شەرێکی زور ناهەموار بوو ، ئەگەر بلێم خوێشم لە بیر چوو بوەوە بە دووری مەزانە .

— ئیستا پێم بلێ راستە گوللەت بەرکەوتوە .

— کورە هیچ نیە .

— باشتر وایە بچیت بو نەخوشخانە . بو تیمار کردن .

— جا حەیف نیە پیاو بو گوللەی دەستی دوژمن خوی بخاو لەنەخوشخانە لی‌ی بکەوی .

— گیانەکەم راستە بەلام هەر پێویستە بچیت بو نەخوشخانە لەوی هیچ نەبی با گوللەکە لە لەشت دەربێنن .

— چون ؟ ئیستا دوژمن لە زیك بوتەوە من بروم لە نەخوشخانە بخەوم ؟

— برام ئەوە مانای ئەوە نیە کەتو چویتە نەخوشخانە ئیتر شوێنی تو بە خالی ی ئەمێنیتەوە کەمالی هاوری‌و برای تو هەن جیگەت ئەگرنەوە ، هەر چونیك بوو ناچارم کرد لەگەلی شەیتان بیتە خواری‌و تایل بور بچی بو نەخوشخانەکە .

هەر بەو شەوە وولاخیکمان بو ئامادە کردو لەگەل یەکیکا رەوانەی نەخوشخانەمان کرد .

ئەوەندەی پی نەچوو فرمانمان بو هات کە هەموا خومان ئامادەکەین‌و هەر یەکە بچینە ئەو سەنگەرانەی بومان تەرخان کراوە ، چونکە هەوال واگەیشت کە ئیمەو دوژمن ئەیەوی شالاو بینی بو سەرمان ، بە پەلە هەموو خومان کوکردەوە سەنگەرمان گرت لە هێزی داگیرکەر ، شەر دەستی پی‌کرد ، شریخەی هوری تفەنگی ( برنەو ) کە تیکەلاوی گرمەگرمی هەورە تریشقە ئەبوو ، زەمینەکەی ئەهێنایە لەرزەو لەرینەوە .

بریشکی گوللەو ئاگری توپەکانی دوژمن کە تیکەل بە بروسکەو چەخماخە ئەبوون ئەو شەوی شەوە — زەنگەیان ئەکرد بەروژی روناك . شەر تا بەیانی بەردەوام بوو ، کوشتاریکی زورمان لەهێزی دوژمن کرد ، جگەلەوە دەستکەوتیکی باشمان چنگ کەوت سەرەرای ئەوەش داگیرکەران بەروو رەشی‌و هەلاتنەوە ناوچەکەیان جی‌هیشت . ئیمەش بە سرودی ( سەرکەوتن ) ەوە بەرەو بارەگای گشتی کەوتینە ری . .

یەکسەر کە گەیشتینە بارەگا . . من چووم بو ( نەخوشخانە ) بو ئەوەی چاویکم بە ( کەمال ) بکەوی کەچوومە قاوشەکە بینیم وا لەسەر ( چرپا ) یەك راکشاوە هەر کەسی دی‌ی وەکو روژانی جارانی زەردەخەنەکەی خستە سەر رووی‌و ووتی :-

— توخوا جاری مژدەی ئەنجامی شەری ئیمشەوم بەری چیتان کرد .

منیش هەرچی قارەمانیتی‌و ئازایەتیەك کە برادەران پی‌ی هەلسابوون لەو شەرەدا بوم باس‌کرد وە ترسنوکی‌و سەر شوری دوژمنم بو گیرایەوە . ئینجی توند نووسانلەمی بە سنگی خویەوو ناوچەوانیشی ماچ کردم ووتی :

توخەی ئەم جارەش دوژمنمان بەزان، هەناسەیەکی هەلکیشاو خور خور فرمیسك بەچاوە رەشەکانیا هاتە خواری‌و دیسانەوە ووتی :

— ئازاد گیان ، تازە من ئەستیرەم بەئاسمانەوە نەماوە نیم روونە کە هەلناسمەوە . جا دەستم دامینت ، ئەبی چاوت لەمالەوەمان بی ، ئەیەلی بکەونە ئەوە دەست لەم‌و لەو پان کەنەوە . هەر پێویستیەکیان بوو وەکو برایەکی دلسوز یارمەتیان بدە .

— کەمال ، قەت لەم باوەرەدا نەبووم ئەم جورە قسانە لەزاری تووە بیت ، تو هەموو جاری گالتەت بەو برادەرانە ئەکرد کەبو



زامەکانیان ئەکەوتن ، ئیستا ، ئەبینم بەجاری وورەت لـە خوت بەرداوە . ئەم گریانەت لە چی ؟ . کورە بو خاتـری خوا موخابنە . .

ـ ئازاد ، راستە ، مـن لەمردن ئەترساوم‌و ئیستاش لەو باوەرەدایە کە هەر (کەمال) ەکەی جارانم . بـەلام ئەوی



خستومیەتە گریـان‌و ووزە بە هەزار حال لەژیـــــر سەرینەکەیا پارچە کاغەزیکی بچوکی دەرهیناو دایە دەستم ووتی : بومی بخوینەرەوە .

کە خویندمەوە ئـەمـەی لەسەر نوسرابوو : ـ

« بو گیانـی شـیرین‌و هاوری‌ی ژیانم ـ کەمـال ـ

پیشکەش‌بی هەموو کارکـــت باش

لە پاش هەوال پرسین لـە تەندروستیت ، لە یەزدانـی گەورە لەپاریمەوە کە هیـچ ناخوشیەك نەیەتە ریت ئاواتە خوازم هەمیشـە خـیتر هاوریکانت زال بن بەسـەر دوژمنا سەرکەوتوبن بـو



هینانەدی ئـامـانجـــــی مبللەتەکەمان .

**خوشەویستم**

**بە گەیشتنی ئەم نامەیە ئەبی هەرچونیك بیت بو ماوەی دوو سی روژ بیینەوە بـــو سەردان ، بویەش ئەم نامەیەم وا بەکورتی نوسییت . چونکە چاومروانی هاتنەوەتم .**

**ئیتر خوشیت ئاواتـــــی هەرەبەرزمە .**

**خوشەویستت هەتا هەتایە**

**( زیرین )**

ئینجا کەمال نوسراویکـــی تری دامی و ووتی :ــ ئـەمە وەلامی نامەکەی ( زیرین ) ە ، **بزانە ، چونە ، باشە یان نا ؟**

دە توخوا بەدەنگیکی بـەرز ئەمیشیانم بـو بخوینەرەوە ، منیش پی دلیم نەکرد ئەمبشیم بو خویندەوە

«**بو زور خوشەویستم . یاری شیرینم ( زیرین ) گیان هەموو ساتیکت پر لـە خوشـــی و شادمانی بیت پاشــی هەوال پرسینیکی گەرمــــــــی تەندروستیتان ئاواتە خوازی خوشی و بەختیاریتانم .**

**گیانەکەم**

**نامە خنجیلانەکەت گەیشتە دەستم زور پیی شادمـــان و دلخوش بووم .. ئەوا لەسەر داخوازی خوت ( رەنگە زەگەمە سبەینـی ) بـــە یەكجاری لاشەکەم دیتەوە بو لاتـــان . چونکە ئیستا لەسەر جیگـــا کەوتوم بەدەســـت گوللـەی ناپاکی دوژمنەوە ئەتلیمەوە لیم عایەنە کە هەلساتەوەم مەحالە دوور نیە پیش گەیشتنی ئەم نوسراوەم لاشەکەم بگاتـــەوە لاتـــان .**

**ئیتر ئەگەر لە بەهەشتی خوشەویستانا بەیەك شادبین تا ئەو وەختە بـەخـــوای دلدارانت ئەسپیرم .**

**خوشەویستت لەسەرە مەرگا**

**( کەمال )**

بە راستی کە لە خوێندنەوەی ئەم نوسراوانە بوومەوە خوم پی نەگیرا دامە تولەی گریان هیچ لەو بـاوەرەدا نەبـووم کەمردن قورەتی لەوەی هەبی بتوانی توخنی ئەم لاوە ئازاو جەنگاوەرە بکــەوی ، لـەم لیکدانەوەیەدا بووم ئەبینـــم ( کەمـــال ) ــ ئـــەوا زەردە خەنەکەیشی هەر لەسەر رووە ــ کەوتە قـــەی تیکەل پیکەل هەر چەندی کردو کوشا ئەمە زیاتری بو نەووترا : ــ ( ئا ... زا ... د ... هە .. ر ... گا .. لە .. ب ) ، قسەکەی تەواو نەکرد چـاوە رەشـەکانی دا بەیەکاو ئیشـــر بزەکانی سەر لیوی بـــــە یەكجاری ئاوا بو .

لەو کاتەدا مردنی خـــوم ئەخواست نـــەك چاوم ئەم دیمەنە سامناکە بکەوتایە ، بە ئەواوی دنیام لەبەر چـــاو تاریك بوو . کاتی هاتمـــەوە هوش خوم وا ( بەختیار ) ی ئەلی : خیراکە هەلـــە . کـــە چاوم بە ( بەختیار ) کـــەوت راپەریم و ووتم : ها فلانـــی خیرە ، ووتی ئـ لـــــــە فەرماندەی هیزەوە بریار درا کە ئەبی تەرمەکەی (کەمال ) ی جوانەمەرگ بەریتەوە بـــو کەس و کاری چونکە تـــو شارەزای ( دی ) یەکەیانی ، هەر ئیستا خوت و دوو کەسی تر تەرمەکە بخەنە ســــەر وولاخیك هەتا زووە بکەونە ری ، ئەم نامەیەی فەرماندەی هیزیش بدە بە باوکـــی جوانەمەرگ .

کە چاویکم خشان بـــە نوسراوەکەدا ئەمەی تیـــا نوسرابوو :

بو باوکی شەهید (کەمال) ی

**ئەمــر بە داخ و شانازییەوە بەشداری خەمتانین لە کاتیکا کە ( کەمال ) ی کوردستـــان هەلئەسا بەپیویستیەکـــی نیشتمانی و میللی گوللەیەکـــی ناپاکی دوژمنی بەرکەوت لـــە ئەنجاما بووە هـــوی ئەوەی گیانی پاکی پر لە قارەمانیتـــی بسپیری بەخاکی نیشتمانی خوشەویستی وەبوو بـــــە قوربانی لە ری ی گەلەکەیدا . لە یەزدانی گەورە داواکاریـــن کە سەبوریتـــــان باتـــەوە ، ئامادەین بو هەموو خزمەتیك .**

**لەجیاتی فەرماندەی هیز**

**( هیرش )**

منیش بەگریەکەوە ملی ریم گرت و لە پشت تەرمەکـــەی هاوری ( کەمال ) ەوە کەوتمە ری بـــەرەو ( دی ) یەکـــەی جوانەمەرگ ، بـــاری خەم و خەفەتیش ئەوەندەی تر لەشی قورس کردبـــوو خەیـــال و ئەندیشەیش بە جاری میشکی پر کردوم لــــە رق و قین بەرامبەر بەشەر و شـــەر ــ هەلگیرسینەران . ئەوا هــەر لەبەر خویشمەوە ووریـنـــــە ئەکەم و ئەلیم خەلکی دی ی ئـ زوو کەن فریا کەون . وەرنە سەر ریگام ( دیاری ) یم بـــو هیناون لیمی وەرگرن ..

( أ . س )

**سلیمانی**



پیشکەش بێ بە قوتابیان بە بونەی کۆتایی سالی خوێندنەوە

★ سالی ١٩٥٠ یاری چوارەم کراو ئینگلترە بو یەکەم جار بەشدار بوو. ئورەگوای بو جارێکی تر کاسەی ئەم یاری یەی بردەوە .

★ لە سالی ١٩٥٤ دا پێنجەم یاری لە سویسرا کراو ئەلمانیای رۆژئاوا بردیەوە .

★ سالی ١٩٥٨ لە سوید شەشەم پالەوانیتی ئەم یاری یە کراو تیپی بەرازیل سەرکەوت .

★ حەوتەم پالەوانیتی لە شیلی سالی ١٩٦٢ کراو تیپی بەرازیل بو دووەم جار بردیەوە .

★ سالی ١٩٦٦ یاری هەشتەم لە ( لندن ) کراو بەریتانیا بردیەوە ...

★ لە سالی ١٩٠٤ دا بیری پیک هێنانی ئەم پالەوانیتی یە ( بطولە ) و یەکیتی توپی پێی دەولەتان هاتە کایەوە .

★ سالی ١٩٢٦ لە کونگرەی یەکیتی توپی پێی دەولەتان دا لە ڤینا دووبارە ئەو باسە کرایەوە .

★ لە سالی ١٩٢٩ دا لە کاتی بەستنی دەورەی یاری ئولەمپی لە شاری ئەمستردام بریار لەسەر پیک هێنانی درا .

★ سالی ١٩٣٠ یەکەم یاری پالەوانیتی لە ئورەگوای کراو تیپی ئورەگوای سەرکەوت .

★ لە سالی ١٩٣٤ دا دووەم یاری لە ئیتالیا کراو ئیتالیا تیادا سەرکەوت .

★ سێیەم یاری لە سالی ١٩٣٨ لە فەرەنسا کراو ئیتالیا بو جاری دووەم بردیەوە .

# بزوتنەوەی وەرزش لە کوردستان دا

سەرنج دانێکی بزوتنەوەی وەرزش لە عێراقدا بەگشتیو لە کوردستانا بەتایبەتی ، وە بەراوورد کردنی ئەم... تی بزوتنەوەکە لەگەل بزوتنەوەی وەرزشدا لەوولاتەکانی تری گیتی ئەو راستییەمان ئەخاتە بەرچاو کەوولاتەکەمان پتر لەچەند هەنگاوێك لەم کایەیەدا لەدواوەیە .

بی‌گومان دواکەوتنی هەموولاتێك وە لەهەر کایەکدا بێت نیشانەی بوونی تەنگەو چەلەمەو هوی کاریگەری ئەوتویە لەناو ئەو وولاتەدا کە کەم و زور کلو ئەکاتە سەر بەرزی یا نزمی پیشکەوتن یا دواکەوتنی ئەو کایەیەدا .

ئەم راستییە کوتو مت بەسەر عیراقدا ئەچەسپی ، کە تا باری کومەلایەتی ئابووری لەعیراقدا نەشلەقێنیو ئالوزانا بوویت بزوتنەوەی وەرزش وەك هەموو لایەکانی ژیانی کومەلایەتی خەلك لەشوینی خویا تەپەی هاتووەو بگرە بەرەو دواشەوە گەراوەتەوە . بارییەکانی ئەم چەند سالەی رابوردوو وتا ئیستاش لە نیوانی عیراقو وولاتەکانیتر وە دوراندنی عیراق لەزوربەی زوری ئەو بارییانەدا باشترین بەلگەی دەستمانە کە تا ئیستا لەعیراقدا تیپکی وەرزش نی‌یە کە بتوانی بچیتە ریزی تیپە عالەمی‌یەکان وە یا لەعیراقدا هیچ کەسیکی وا گومان نابەین کە لە بارییە عالەمی‌یەکانا پالەوانیتی‌یەکی نواندبێ و کاسی پالەوانیتی لە بارییەکدا وەرگرتبی .

خو ئەگەر سەرنجەکەمان لەسەر کوردستان کوکەینەوە ئەوا جیلوازی‌یەکی تەواو ئەبینین لەنیوان بزوتنەوەی وەرزشدا لە شارەکانی کوردستانا لەگەل ئەم بزوتنەوەیەدا لەشارەکانی تری عیراقدا . دبارە ئەمەش هەر ئەگەریتەوە بو نەبوونی هیمنی‌و ئاسایش لەکوردستانا لەسەریکەوە وە گرنگی نەدانی باری کومەلایەتی کومەلانی خەلکی کوردستان — کە وەرزش بە شیکیتی — لەلایەن ئەو کاربەدەستانەی حوکمی عیراقیان گرتبووە دەست ، وەك بەشیك لە سیاسەتە چەوتەکانیان بەرامبەر گەلی کوردو ئامانجەکانی . هەر چەندە گەلیك جار مەسئولییەتی دواکەوتنی بزوتنەوەی وەرزش لەکوردستانا ئەخریتە سەر ئەم‌و ئەو ، وە یا ئەخریتە سەر هەندی هوی بی‌جی وەك بلران بلرین‌و باش نەبوونی ئاوو — هەواو گەلی شتی تری لەم بابەتە بەلام ئەوەی راستی‌یە ئەوەیە کە ئەو هەموو گیرو گرفتانەی کە وەك کوسپ باس ئەکریت هیچ ریگەیەك لەم بزوتنەوەیە ناگریت وە هەمووی چارەسەری هەیە ، کە زورترینی ئەو چارەسەر کردنانە ئیمرو لەو وولاتانەدا ئەبینریت کە لەم رووەوە پیشکەوتوون کە ئەگەر بەلاسایی کردنەوەش بیت ئەتوانین سوودیان لی وەربگرین .

ئیمرو گرنگی دان بە لاوان لە هەموو وولاتانی گیتی‌دا وە بایەخ دان بە پەروەردەی لەش — کە یەکیکە لە کولەکەکانی پەروەردەیەکی تەواو — لە ئەرکەکانی ئەستوی ئەو دەزگایانەیە کە بو ئەم مەبەستە هینراونەتە کایەوە . بویە ئەرکی سەرشانی ئیمەش ، وە ئەو دەزگایانەش کە لە کوردستاندا بەوەرزشەوە خەریکن ، ئەوەیە کە تولی کوششو هەولدانی لی‌هەلمالین بو گەشەپی‌کردنو ژیانەوەی ئەم گیانە لە ریزی رولەکانی کوردستاندا .

گوڤاری ( رزگاری ) یش کە ئەرکی خەباتیکی مەزنی خستوتە ئەستوی خوی لە هەموو کایەکانی ژیانی ئابوری‌و کومەلایەتی خەلکی کوردستانا بەلین ئەدا کەوەك هویەکی کاریگەر لەم مەیدانەدا دەوری ئیجابی خوی ببینی وە لەسەر لاپەرەکانی ئەو گیروگرفتانەی روو بەرووی وەرزش بوتەوە بخاتە رووو چارەسەرەکانیشی دەست نیشان بکات . وە لەسەر ئەم ریبازەو بەنیازی پیش‌خستنی وەرزشش دەرگا بو هەموو نووسەریکی وەرزشەوانی لەسەر پشتە .

• • •

# ❋ پاشماوەی میژووی یەزیدی‌یەکان ❋

## ( ئایینی کوردەکان لەو سەردەمەدا

پیش ئەمەی دەست بکەین بە میژووی ژیانی ( شیخ حسن کوری ابی المفاخر شیخ عدی‌ی دووەم ) ، یا خود ( شیخ عدی‌ی کوردی ) کە بە دامەزرینەری ( ئایینی یەزیدی ) دا ئەنری ، پیویستە سەرنجیك لە ئایینی کوردەکانی ئەو ناوچەیە بدەین ، کە ( شیخ عدی ) لە ناویاندا ژیابو . وەك لە رەوشتی یەزیدی یە کانی ئیمرووە بومان دەرئەکەوی ، چ لە رووی ئایینەوە ، چ لە رووی کومەلایەتی یەوە ، هەروەها وەك لە ناوەروکی هەردوو نوسراوە ئایینی یەکانی یەزیدی‌یەکانەوە بومان دەرئەکەوی ( جیلوە ) و ( مصحفارەش ) ، ئەبی کوردەکانی ئەو ناوچەیە ، ئەو سەردەمە ، لەپیش ئیسلامەتی‌یاندا لە سەردەمی ( شیخ عدی ) دا لە سەر « ئایینی زەردەشتی » بون (١) بەلام بە جوریکی وا کە تیکەل بوبی بە ( ئایینی مانی ) و ( ئایینی سەرووشت پەرستەکان ) ی هیندو ئیرانی وهیندو ئەوروپایی . بیجگە لەوە شوینەواری گەلیك ئایینی تریشی تیایە ، وەك ( ئایینی بوراهمایی ) و ( ئیسلام ) . ئایینی‌مانی وئایینی سورووشت پەرستی یش ، هیچیان لەگەل ئایینی زەردەشتی داریك ناکەون چونکە لە ئایینی زەردەشتی دا هەر یەك خوا هەیە . بەلام لە دووئایینەکەی تردا لە خوایەك پترهەیە . خوای چاکەهەیە وخوای خراپە . خواکانی هیزە سورووشتی‌یەکان هەن ، وەك : روژ و مانگ و ئەستیرە وباو فەلەك و ئاسمان .

خوای ئاسمان لە ئایینی سورووشت پەرستەکاندا ، لە هەمووخواکان گەورەتر بوە . پی‌یان گوتوە ( دیاوس ) . بە پی‌ی لی کولینەوەکانی ( ماموستا توفیق وهبی ) (٢) ئەم ووشەیە بەرەبەرە گورراوە تابوە بە ( تاووس ) . کە ئەمیشیش لە لای یەزیدی‌یەکانی پی‌ی ئەلین ( تاووسی مەلەك ) ، کە « خوایەکی گەورەیانە » (٣) هەرچی ( زەردەشت ) پیغەمبەر بو ، ئەوانەی ( ئەهریمەن ) ، واتا خوای خراپەکاریان ئەپەرست ، پی‌ی ئەگوتن ( دەئیفە یەسنە ) . ئەوا ئاکەی بە کوردی‌ی ئیمرو ( دیو پەرست ) ئەگریتەوە ، هەرچی هیزە سورووشتی‌یەکانیشی ئەپەرست ، بە لای ( زەردەشت ) ەوە ، هەر بە (دیوپەرست) دائەنران کە ( شیطان پەرست ) ئەگریتەوە .

جا بەپی‌ی لیکولینەوەکانی ماموستا توفیق وهبی دوور نیە کە ووشەی ( دەئیفە یەسنە ) بەرە بەرە گوررابی ، تابوبی بە ( داسنی ) . بە واتایەکی تر ئەم داسنی یانەی کە هەتا ئەم ماوەی دوایی یەیش کوردە واری بە ( یەزیدی ) یەکانیان ئەگوت ، لە پیش ئیسلامەتی یەکە یاندا لەسەرئایینی ( سورووشت پەرستی ) بون . بویەکە کوردەکان لە سەر زمانی ( ئاویستا ) هەر بەناوی ( داسنی ) یە وە ناویان بردون

لە راستی یشدا یەزیدی یەکان بە لای پیاوانی ئایینە ئاسمانی یە کانەوە بە « دیو پەرست » دائەنرین (٤) . بویەکا تا ئەم ماوەی دوایی یەیش هەر پی‌یان ئەگوتن ( داسنی ) . شاخی ( داسن ) یش هەر بەناوی ئەو داسنی‌یانەوە ناونراوە ، کە کەوتونەتە ناوچەی دەسەلاتی ( شیخ‌عدی ) یەوە ، لە ناو ( هەکاری ) دا .

بیجگە لەمە میژوویش ئەوەمان بو دەرئەخات کە ( دیوپەرستی ) ئایینیك بوە ، هەتا دەرکەوتنی ئیسلامیش هەر بوە لە خاکی ئیراندا .

— ماویتی —

---

(١) خلاصة تاریخ الکرد وکوردستان ـ محمد امین زکی .

(٢) تەماشای ژمارەکانی گوڤاری گەلاویژ بکە، سالی ١٩٤٠ ، ووتارەکانی ماموستا توفیق وهبی .

(٣) ئەمە بە پی‌ی ئەمەی نوسەرانی بیگانە وئەو ( جیلوە ) یەی لە بەر دەستاندایە بەلام یەزیدی پەروەرشن بیبیرەکان ( فریشتە تاووس ) هەر بە فریشتەیەکی خوشەویستی خوا دائەنین ، نەك خوا .

(٤) نووسەرانی بیگانە لەمەدا زور بەهەلەدا چون . چونکە لەراستی‌دا یەزیدی یەکان دیو ( شیطان ) ناناسن ولە ئایینەکەیشیاندا نەماوە ا. . . هەرچی ( فریشتە تاووس ) یشە ، بەلای ئەوانەوە ، سەرچاوەی کردەوە ورەووشتی چاکەو داد پەروەریی ، نەك سەر چاوەی خراپی

## اعـــلان

تعلن مصلحة سمنت سرجنار عن وجود مناقصة سرية لتجهيز ( ٦٠٠٠ ) ستة آلاف طن من حجر الجبس من منطقة دربندى بازيان بموجب الشروط الخاصة التى يمكن الحصول عليها من مديرية حسابات المصلحة لقاء مبلغ ـ/٣ دنانير غير قابل الرد فعلى الراغبين ممن تتوفر فيهم الشروط المطلوبة تقديم عطاءاتهم بظروف مختومة معنونة الى مجلس ادارة المصلحة قبل نهاية الدوام الرسمي ليوم السبت الموافق ١٠-٥-١٩٦٩ على ان ترفق العطاءات اولية قدرها ( ـ/٢٥٠ ) دينار نقدا او صك مصدق او كفالة مصرفية بالاضافة الى شهادة الانتماء الى غرفة التجارة وشهادة الاعفاء من ضريبة الدخل .. علما ان المصلحة غير ملزمة بقبول اوطأ الاسعار .

نوري رشيد

المدير العام ورئيس

مجلس الادارة

## اعـــلان

الحاقا باعلاننا المرقم ١١٩٨ فى ١٠-٤-١٩٦٩

لارتفاع الاسعار المقدمة من قبل المقاولين لتعهد تجهيز ارزاق مستشفى السليمانية فى اليوم المعين باعلاننا اعلاه اجلت المناقصة العلنية الى الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ١٢-٥-١٩٦٩ .

على الراغبين الحضور لدى مجلس ادارة اللواء في الموعد المعين مستصحبين معهم التأمينات القانونية البالغة ( ١٠٢٠ ) دينارا .

العقيد

كريم قرەنى

متصرف لواء السليمانية

## اعـــلان

الحاقا باعلاننا ١١٥٣ فى ٦-٤-١٩٦٩

لعدم ظهور راغب لايجار الدكان المرقم ١٦ \ عقارى خلال المدة المعنية باعلاننا اعلاه اجلت المزايدة العلنية الى يوم الاثنين الموافق ٥-٥-٩٦٩ .

على الراغبين الحضور لدى رئاسة بلدية السليمانية خلال مدة اقصاها ٤-٥-١٩٦٩ لقبول ضمائهم مستصحبين معهم التامينات القانونية .

العقيد

كريم قرەنى

متصرف لواء السليمانية

## اعـــلان

تعلن مصلحة سمنت سرجنار عن وجود مناقصة سرية لتجهيز ( ٥٠٠٠ ) طن خمسة الاف طن من حجر خام الحديد من منطقة اسناوة في قضاء بينجوين بموجب الشروط الخاصة التى يمكن الحصول عليها من مديرية حسابات المصلحة لقاء مبلغ ـ/٥ دنانير غير قابل للرد فعلى الراغبين ممن تتوفر فيهم الشروط المطلوبة تقديم عطاءاتهم بظروف مختومة معنونة الى مجلس ادارة المصلحة قبل نهاية الدوام الرسمي ليوم السبت الموافق ١٠-٥-٩٦٩ على ان ترفق العطاءات بتأمينات قدرها (ـ/٢٥٠٠) الفان وخمسمائة دينار نقدا او صك مصدق او كفالة مصرفية بالاضافة الى شهادة الانتماء الى غرفة التجارة وشهادة الاعفاء من ضريبة الدخل - علما ان المصلحة غير ملزمة بقبول اوطأ الاسعار .

نوري رشيد

المدير العام ورئيس

مجلس الادارة

## مناقصة تجهيز ثمانية باصات لمصلحة نقل الركاب في السليمانية

قررنا اجراء المناقصة السرية لتعهد تجهيز مصلحة نقل الركاب في السليمانية بثمانية باصات ذات طابق واحد لنقل الركاب بموجب الشروط والمواصفات الخاصة والتي يمكن الحصول عليها لدى محاسب مديرية مصلحة نقل الركاب في السليمانية بعد دفع ثمن النسخة الواحدة (٨/-) دينارا (ثمانية دنانير) غير قابلة للرد وتقدم العطاءات من قبل الراغبين في الاشتراك في المناقصة المذكورة بغلاف مختوم ومؤشر عليه (مناقصة سرية لتجهيز ثمانية باصات) وذلك قبل الساعة (١١) من صباح يوم الاثنين الموافق ٢٦-٥-١٩٦٩ الى مجلس ادارة اللواء وترفق العطاءات بتامينات اولية قدرها (٤٤٨٠/-) دينارا والتي يمكن تسليمها الى محاسب مديرية مصلحة نقل الركاب في السليمانية على ان يربط الوصل المعطى لقاء ذلك مع العطاء . وتقبل الكفالات المصرفية الصادرة من احد المصارف المعترف بها في بغداد او السليمانية ولا تقبل الصكوك مطلقا وكل عطاء يقدم بعد الوقت المعين وكان خاليا من وصل التامينات او الكفالة المصرفية يهمل .

العقيد

كريم قرني

متصرف لواء السليمانية

ورئيس مجلس اللواء العام

التسلسل

١٢٤٧

المحلة

دزكزين

سيجرى تسجيل فضلة الطريق ذات تسلسل ١٢٤٧ الواقعة في محلة دزكزين مجددا باسم وزارة المالية الجمهورية العراقية باعتبارها ملكا صرفا فعلى من يدعي خلاف ذلك مراجعتنا خلال ثلاثين يوما من تاريخ اول نشره مستصحبا مستنداته .

سعيد شفيق

مدير طابو لواء السليمانية

---

## اعــــلان

توجد مزايدة علنية لبيع فضلة الطريق تسلسل ٤/١٠٤٦ دزكزين البالغة مساحتها ٢٥/٩٠ مترا مربعا وفقا للشروط الخاصة ببيع املاك البلديات .

على الراغبين مراجعة رئاسة بلدية السليمانية خلال مدة اقصاها ٢٧-٤-١٩٦٩ لقبول ضمانهم مستصحبين معهم التامينات القانونية وستحال نهائيا من قبل مجلس ادارة اللواء الساعة ١١ زوالية من يوم الاثنين الموافق ٢٨-٤-١٩٦٩ .

كريم قرني

متصرف لواء السليمانية

العقيد

---

## اعــــلان

تعلن مصلحة صنع السكاير في السليمانية عن وجود مزايدة علنية لبيع (٦٠٠) بكرة مستعملة من السيلوفين فعلى الراغبين في الشراء الحضور الى بناية المصلحة يوم السبت المصادف ٣-٥-٩٦٩ حيث تجرى المزايدة .

رسول مجيد

المدير العام

ورئيس مجلس الادارة

# هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی

* ✱ هەژاری موکریانی نوینەری قوتابخانەی بیروباوەری کونەپەرستییە لە ئەدەبی کوردا .
* ✱ ئەیەوی دوژمنانی راستەقینەی کوردایەتی لەگەل ون بکا و ئاگری بوغزو کینە بەرامبەر بە گەلانی دوستوهاوخەبات خوش بکا .
* ✱ بیروباوەری تاکرەوی نەتەوایەتی و خویەزل زانین بلاو ئەکاتەوە .
* ✱ لەباتی دەرخستنی دەوری قارەمانانەی کومەلانی خەلك ، دەوری سەرکردایەتی عەشایەری و پیشەوای مەزن (!) قەبەو گەورە ئەکا .

**کورتەیەك لە بارەی ژیانی هەژارەوە :**

هەژاری موکریانی لە مەهاباد لە سەرەتای گەنجیتی یەوە ئیکەلاوی چالاکی سیاسی بووە ، بەتایبەتی لە سەرەتای چلەکان دا کە کومەلەی ژ.ك دامەزراو کەوتە بلاوکردنەوەی گوفاری نیشتمان بە کوردی .

هەژار ، لەوکاتەدا هەلگیری بیروباوەریك بوو لە چاو سەردەمی خوی دا بە پیشکەوتووانە دائەنرا ، بو ئیمە بەشداری یەکی باشی کرد لە وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی کومەلانی خەلکی دا . لە گوفاری نیشتمان دا گەلی شیعری لە بابەت کوردایەتی یەوە بلاو کردوتەوە ...

وە هەر بەو جورە کە حکومەتی کوردستانیش دامەزرا لە بە شیعر هەوریکی باشی پیشکەش بە یەکەم کونگرەی بە ناوی : ( ئالەکوکو ) ... لە چاپ درا کە گەلی شیعری لیشتمانی و لە هەوە یەکی باشی تیایە . کە جمهوری مەهاباد رووخاو زوربەی سەرکردە و کاربەدەستەکانی گیران و لە سیدارە دران ، هەژار بو دەرباز کردنی گیانی خوی لە ولات و گەلەکەی هەلات و رای کرد بو عیراق ، پاشان بو سوریا وجاریکی تر گەرایەوە بو عیراق ..

بە دریژایی ئەم ماوەیە هەژار لە شیعرەکانیا تا رادەیەك پیشکەوتووانە بیری کردوتەوە ، هەرچەندە لە دوو توی شیعرەکانیا گەلی جار بیروڕای کونەپەرستانەی تیا بەدی ئەکریت ... هەژار وەکوو کابرایەکی دەربەدەر کە لە مەلبەندی خوی هەلکەنراوە و پەیوەندی یەکی ئەوتوی نەماوە بە کەس و کارو گەل و نیشتمانەکەیەوە ، وە لەو ماوەیەدا پەنایەکی هیمن و بی ئازاری ئەوتوی نەدیوە کە بە خوشی یەوە دالدەی بدا و لە باوەشی بگری ، بەلکو بە هوی ئەدولی سیاسی ئەو سەردەمەی روژهەلاتی ناوەڕاستەوە نە لە عیراقی نوری سەعیدا وە نە لە سوریادا حەسانەوەیەکی وای نەدیوە ، ئەمە جگە لەوەی کە گەلی جار بە چاوی بیگانەیەکی چارە قورس سەیری کراوە وپولیس تەنگی پی هەل چنیوە ... وە هەر لە سەیری هەندی مالە ئاغاو شیخ و بەگزادەدا شوینی حەسانەوەو پشوودانی بو خوی دوزیوەتەوە ، ئەمانە هەموو گری یەکی وکویرو ئالوزکاویان لە میشك و بیرو دەروونی هەژاری موکریانی دا دروست کردوە ، وە هەژاری وا لی کردوە کە لە باتی ئەوەی بیروڕای پیشکەوتووانەی ، یا وردتر بلیین لایەنە پیشکەوتووانەکەی بیری ، هەمیشە لە هەلچوون و گەشانەوەدا پەرەساندابیت ، بە پیچەوانەشەوە روو بکاتە نیشتنەوەو نیشتن بوون و دامرکانەوە .

ئەروئی دەربەدەری و تالی و مەینەتی و هەژاری و رووت و برسیتی لەبالی ئەوەی زیاتر گری ئاگری بیروڕای شورشگیرانەو پیشکەوتووی هەژار خوش بکاو زیاتر جوری بیرکردنەوەو هەل بژاردنی ریگەی دوزینەوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی گەلەکەی لا روشنترو ئاشکراتر بکات ، ئەمانە هەمووی بە جوریکی ( سەلبی ) وخراپ کاریان کردە سەر شەخسیەتی هەژارو جوری بیرکردنەوەی ، سەریان لی تیك داو تووشی بەرچاو لیلی و ری ون کردن و گومرابوون یان کرد تاوای لی هات بەجاری هەل خلیسکایە زەلکاوی کونەپەرستی و بیروڕای چەپەوە .

بەلی گەلی جار هەندی کەس کە هیشتا بە تەواوەتی ریگایان نەدوزیوەتەوەو مەسەلەی خەباتی کومەلانی خەلکی تیکەل بە بیرو هەستیان نەبووەو بە جوریکی عیلمی

باوەڕیان پێ نەهێشتاوە ، لەبەردەم گەردەلوولی ژیانو تاڵیو مەینەتیی ڕێگەی خەباتدا خۆیان پێڕاناگیری وە لە یەکەم تووچدان وە هەڵەتگرتندا ڕێ هەڵە ئەکەنو ئەکەونە هەڵدێرێکی واوە کە لە هەموو شتێکەوە نزیکن جگە لە قازانجو دەستکەوتی گەل .

## شیعرەکانی هەژاری موکریانی :

من خۆم لەبەر ئەوەی نە شاعیرم ، وە نە شارەزایییەکی ئەو تۆیشم هەیە لەشیعرا ، ناتوانم لە شیعرەکانی هەژار بدوێم لە ڕووی تەکنیکی شیعرەوە وە لەڕووی . هەڵسەنگاندنو کێشانەکردنیەوە لە تەرازووی هونەری شیعرا ، بەڵام وەکوو یەکی لە دڵسۆزانی ئەمەو نیشتمانەکەم ، کە خۆم بە یەکی لەوانە ئەزانم کە خاوەنی دەستکەوتی ڕاستەقینەن لە سەرکەوتنی مەسەلەی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکدا ، وە یەکێکن لە سەربازەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بە پێی بیروبۆچوونەوەی خۆم ڕەنگە ئارادەیەك بزانم تەقدیری ئەوە بکەم کە .بێ‌خزمەتی گەلو نیشتمانەکەی نیایە وە چی دوژمنایەتی کردنێتی ! کەچی بەرە بەشۆڕشی کوردایەتی ئەداو چی ئەبێتە کۆسپ لەگەڕەی ڕێگەی پێشکەوتنی ! کە چی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، ئەو جوڵانەوەیەی چارەنووسی ملیۆنەها کوردی چەوساوەی پێوە بەستراوە لە

گرێکارو جوتیارو ڕەوشەن بیران ، بەرەو سەرکەوتنی بەکجارەکی یا بەرەو چاڵی هەڵەنگرتن و تووچدانی ئەبا ! جا ئەمە لە تەی پیاوێکی سادەوە بیگرە کە لە گوزەرێکا یا لە کارگەیەکا یا لە کێڵگەیەکا یا لە قوتابخانەیەکا ئەی کا ، تا ئەگاتە ئەو کەسێتانی سیاسییەکی لە سەرکردە ورابەرەکانی کورد وە تا ئەگاتە ئەو شیعرو نووسین و چیروکانەی ئەدیبانی کورد بەرهەمی ئەهێنن ، وە تا ئەگاتە نەخشو نیگاری پەنجەی هونەرمەندێك و موسیقاو سرودی گۆرانی بێژێك .

بەڵێ ئەگەرچی شارەزاری شیعرو گۆرانیو سرودیش نەبم ، بەڵام ڕەنگە شارەزاری ئەوەبم کە چجورە شیعرێكو کام سرودو گۆرانی بە کەڵکی گەلو نیشتمانەکەم دێ یا زیانی پێ ئەگەیەنی ، چونکە بێ‌گومان لە کۆمەڵێکی فرەچینی وەکوو کۆمەڵی ئێمەدا ، وە لە ناو گەلێکی وەکوو گەلی کوردا کە دووچاری چەندین جۆر کێشە وگیروگرفتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیو سیاسیبووە ، ئەدەب وەکوو هەموو بەرهەمێکی سەقافی تر لەبی لە خزمەتی چینێك یا تاقمێك یا کۆمەڵێك یا تەیارێکی دیاری کراوا بێت ، لە تۆناغی ئێستای خەباتی گەلەکەماندا هیچ شتێکی بێ‌ بەلایەن یا دوور لە سیاسەت لە کایەدا نی ، هەرچییەك هەیە یا خزمەتی گەلو جوڵانەوەکەی ئەکـا و پشکۆی ئاگری خەباتی شۆڕشگرانەی خۆش ئەکا ، یا لەبی خزمەتی بەرەی دوژمنانی گەلو جوڵانەوەکەی بکـا ئیتر سا بەئاشکراو دیاری وە یاخود بە پەنهانیو زیرزارەکی .

## دوو جۆرە بیرکردنەوە بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتی کورد :

گیروگرفتەکانی کورد ، هەمووی لەو سەرچاوە لیخنەوە هەڵقوڵیوە کە بریتییە لە بێبەش کردنی گەلی کورد لە مافەکانی وە لە سەروو هەموویەوە مافی بڕیاردانی سەربەستانەی چارەنووسی خۆی ، ئەتەوەی کورد وەکوو یەکێ لەو نەتەوانەی کە گەلو نیشتمانەکەی دبڵو دابەش کراوە ، تووشی چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو چینایەتی بووە ، جا لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵی کورد چەند چین وتاقمێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی تیایە وە هەریەکە دەستکەوتی ئابووری ویایەی کۆمەڵایەتی جیاوازەو بەو پێیەش جۆربوونی بیرکردنەوەی لەشێوەی دیاری کردنی گیروگرفتەکانی گەلیکیشو شێوازی خەباتو ڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیا جۆرییە ... شتێکی ئاساییە کە جۆری بیرکردنەوەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییەی کورد لە ڕووی دیاری کردنی گیروگرفتەکانی کوردو ڕێگەی چارەسەرکردنی جیاواز بێ لە هی چینێکی کۆمەڵایەتی تر .

دەرەبەگو سەرمایەدارەکانی کوردا ئاغاو بە گزادەو شێخو گوێخـا ، سەرمایەدارو دەوڵەمەند بازرگانو دووکانداری گەورەو قونتەراتچی قد مووچە خۆرە گەورەکان بە جۆرێك ، وە جوتیارو کرێکارو ڕەوشەن بیرانی شۆڕشگێر ، ڕەنجدەرانو چینە زەحمەت کێشەکانی کورد بە جۆرێکی تر .

تاقمی یەکەم ، کە لە تاریکترین ڕۆژەکانی ژیانی گەلی کوردا ، خۆش گوزەرانی خۆیو ئاسوودەییو بەختیاری و ڕابواردنی ئیشوکارەکانی هەر سەرگەرم بووە ، هەڵبەتە ئەبێ لە ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستان ڕا بکا کە زیاتر بـووری چەوساندنەوەی زەحمەتو ڕەنجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی . هەبی ، وە ئەگەر باسی کوردایەتیو خەبات کردن بکا هەر بۆ ئەوەیە کە خۆی زیاتر بە خاوەن حەق ئەزانی لە چەوساندنەوەی کوردو کەڵك وەرگرتن لە سامانی کوردستانو بازارەکەیدا وەکوو لە بورجوازیو دەرەبەگی عەرەبو فارس و تورك .

لە کاتێکا کە تاقمی دووەم ، بە تەنیا لە تەنتوری چەوساندنەوەیەکی فراوانو چەند لایەدا ئەبرژێ ، لە لایەکەوە ئیمپریالیزم کە لووتی ژەنەوتە ووڵاتەکەیو ڕەنجی شانو ماندووبوونی ئەم تالان ئەکا بە هۆی دەست تێکەڵاوکردنی چینی دەرەبەگو بورجوازی خۆماڵی لەگەڵ بێگانەدا ، وە لەلایەکی ترەوە چەوساندنەوەی چینایەتی لە سەردەستی دەرەبەگو بورجوازی هاوزمانەوەی ، سەرباری ئەمانەش هەموو چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە لایەن چینە کاربەدەستە چەوسێنەرەکانی ئەتەوەی کاریەدەستەوە !

## بەم چەشنە لە ڕیزی بزوتنەوەی کوردایەتیدا دوو جۆرە بیرکردنەوە هەیە بۆ چارە سەرکردنی گیروگرفتەکانی کورد ..

بیرکردنەوەی یەکەم ـ

هی چینە کۆمەڵایەتییە چەوسێنەرەوەکانە ، کە خۆیان ئازاردانێکی وایان بە سەرەوە نییە و لە شۆڕشو جوڵانەوەی پێشکەوتووانەی جەماهیرا تەنها هەر هیچیان دەستگیر نابیو بەس بەڵکو ڕەنگە بنچینەی هەندێ دەستکەوتو

قازانجی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بە جاری هەرەس بێنێ ... جا جۆری بیرکردنەوەی ئەمانە پشت نابەستێتە بە کۆمەڵانی خەڵکی، بە کرێکارو جوتیارو خوێندەوارانی ڕەوشەن بیری شۆڕشگێڕ کە خاوەنی ڕاستەقینەی شۆڕشن، وە باوەڕ نەکردنە بە هێزو توانای گەل، بڕوا نەبوونە بە ڕێکخستنی پارتی پێشڕەوو تەنزیمی عەسری، بە پێچەوانەوە پشت بەستن بە مەشایەرو نفوزی سەرۆک عەشیرەت و دەرەبەگ، دۆستایەتی کردنی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، دوژمنایەتی کردنی بیروباوەڕی پێشکەوتووانە و پیشاندانی گەلانی دۆست و هاوپەیمان بە دوژمن و داگیرکەر، پوپاغ کردنی جوڵانەوەی گەل و ناکۆکی نێوان ئەم و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و نۆکەرەکانی بە پۆپەی زۆرانبازی و ناکۆکی نێوان نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی تر، بڵاوکردنەوەی بیروڕای کۆنەپەرستانەی شێتگیری و حز بە زلزانینی نەتەوایەتی و گۆشەگیری و ناگرەوی خەباتی
گۆشەگیری و ناگرەوی خەباتی نەتەوایەتی .

[illegible]

بیر کردنەوەی دووەم ـ

هی چینە کۆمەڵایەتییە چەوساوەکانە، کە خۆیان خاوەنی دەستکەوتی ڕاستەقینەن لە شۆڕشدا وئەمان ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی ـ کۆمەڵایەتی و ئابووری ـ یان بنە سەرەوەیە ... وە لە شۆڕشدا ئەگەر شکان هیچیان لێ نابێ بدۆڕێنن و ئەگەر سەرکەوتن نیشتمانێکی فراوانیان لە بەر دەمایە بێتەوە، جۆری بیرکردنەوەی ئەمانە هەڵبەتە پشت بەستنی تەواوە بە کۆمەڵانی خەڵکی، بە کرێکارو جوتیارو ڕەوشەن بیرانی شۆڕشگێڕ، ڕێگەی گرێدانی خەباتی خۆیانە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلانی جیهانەوە بۆ لە گۆڕنانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ڕێگەی خەبات، دەستەبەرکە لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێدا بە هێنانە سەرکاری دەسەڵاتی حکومەتە نیشتمانییەکان، ڕێگەی پشتبەستن بە تیۆری زانستی و ئامانجی عەسری پارتی پێشڕەوو ماڵینەوەی نفوزی دەرەبەگ و ئاغە

کۆنە پەرستەکانی خۆماڵی .

## ڕۆڵی ئەدەب لەم مەیدانەدا :

جا هونەر بەتێکڕایی وە ئەدەب بە تایبەتی ئەبێ لەم مەیدانەدا پەیامی خۆی بە جێ بێنێ، ئەدەب وشیعر وەکو بەشێک لەو شتانەی کە کۆمەڵانی خەڵکی ئاراستەئەکاو کارئەکاتە سەر هەست و بیروڕایان، لەم کۆمەڵەی ئێمەدا کە بزوتنەوەکەی دوو جۆرە بیر کردنەوەی تیایە، وە جوڵانەوەکە دوو ڕێگەی جیاوازی لەیەک دووری گرتۆتە بەر یا بڵاوکەرەوەی بیروڕای ئاقمی یەکەم ئەبێ وە یاخود هی دووەم بێلایەن یا ئەدەبی ڕووت یا هونەری ڕووت لە گۆڕێ نییە، بەتایبەتی کە شاعیرو ئەدیبەکان هەریەکەیان سەر بە چینێکی کۆمەڵایەتین وە بیفکرو بیر کردنەوەیان مۆری ئەو چینەیان پێوەیەو دەستکەوت و ئازانجی هەڵوێستی چینەکەیان لە شیعرو ئەدەبەکانیاندا ئەنوێنن لە هەموو بەرهەمەکانیاندا .

## هەر بەو جۆرە ئەدەبی کوردی دوو ڕێچکەی گرتووە :

ڕێچکەی یەکەمیان ـ

بیروڕای چینە چەوسێنەرەکان دەرئەبڕێ، ئەبەوی هەڵوێست و دەستکەوت و ئازانجی ئەوان، جۆری بیرکردنەوەیان لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردا، ئوسلوبی لەشکردنیان لە هێنانەدی ئامانجەکانیا ... کە بریتییە لە جێبوردان بە گەلانی تر، پیشاندانی زۆرانبازی نێوان کوردو ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بە زۆرانبازی و دوژمنایەتی کوردو عەرەب و فارس و تورک و بڵاوکردنەوەی بیروڕای شێتگیری نەتەوایەتی و خۆ بە زلزانین، هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی جوڵانەوەکە بە کوێرەڕێی ئاگرەوی نەتەوایەتیدا، ستایشکردنی سەرۆک عەشیرەت و ئەبەگردنی، ژیاندنەوەی نفوزی دەرەبەگ و سەرمایەدارو دەجانغراوە ... ئەمانە لە قاڵبی ئەدەبدا دائەڕێژێ، لە شیعرو نووسین و چیرۆکەکانیان باسی ئەکەن ؟

ڕێچکەی دووەم یان ـ

بیروڕای چینە چەوساوەکان دەرئەبڕێ، هەڵوێست و دەستکەوت و ئازانجی کرێکاران و جوتیاران و ڕەوشەن بیرانی شۆڕشگێڕ، جۆری بیرکردنەوەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردا، ئوسلوبی خەبات کردنیان ئەنوێنێ ... کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی گیانی دۆستایەتی گەلان و دانانی خەباتی خۆی بە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی خەباتی گەلانی سەر زەوی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە پێناوی بەدی هێنانی جیهانێکی دوور لە ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی، گرێ دانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە خەباتی نەتەوەکانی دراوسێی، بە خەباتی نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورکەوە، بڵاوکردنەوەی بیروڕای یەکسانی و چونیەکی، تمجید کردنی گەل وەکو پاڵەوانی ڕاستەقینەو هێزی دروستکەری مێژوو، ماڵینەوەی نفوزی دەرەبەگ و سەرمایەداری نۆکەر ... ئەم بیروڕایانە لە قاڵبی ئەدەبدا دائەڕێژێ، وە بە شیعرو نووسین و چیرۆک دەری ئەبڕێ و ئەی نوێنێ .

هەژاری موکریانی کامیان ڕێچکەیانی گرتووە ؟ هەژاری موکریانی لە کاتێکا کە لە سەرەتای چلەکان و لە پەنجاکانیش سەرەتای ڕێگەی دووەمی گرتبوو، کە ڕێگەی چینە چەوساوەکانە، لە کۆتایی پەنجاکان و بەدرێژایی شەستەکان لە ڕێگەی دووەم هەڵگەڕایەوە ؟ وە وەرچەرخانێکی گەورە لە فیکری هەژارا ڕوویدا بە جاری خۆی هاویشتە باوەشی چینە چەوسێنەرەکانەوە و لەگەڵ کاروانی ئەواندا بە کوڵ و دڵ کەوتە ڕێگای و بیروڕای ئەوانی لە قاڵبی شیعرەکانیا دەرئەبڕی .

✱ کەوتە بڵاو کردنەوەی بوغز و کینە بەرامبەر بە

گەلانی دوست و هاو خەباتی
کورد ، جنبو پیدان و پیبا
هەل خویندنی ناشیرین و تلو
و ناتوزەی ناقولا تونشالتی بەو
گەلانەوە ، بو ئەوەی کەوا لە
کورد بگەبەنی نیشتمانەکەی
عەرەب و فارس و تورك
داگیری کردوە ، لە کاتیکا کە
ئەبوو وەکوو رولەیەی
نەتەوەیەکی زوولی کراو
هەمیشە لە کیفرەکانیا هەولی
بدایە کە ئەو کاردانەوە ( رد
الفعل ) خراپەی
چەوسانەوەی
نەتەوایەتی هەیەتی وەرە
نەگەری بە بلاو کردنەوەی
نەتەوەکانی تر ، چونکە چینە
چەوساوەکانی ئەو نەتەوانەش
دوست و هاوپەیمانی
جولانەوەی کوردایەتین کە
بە شیکە لە بزوتنەوەی گەلانی
جیهان .

خوێنی پیسی لە شی سیسی عەرەبان
کور و فیچقەی بو لە بانیشی دەبان
لە هەلبەستی ... 
— ۱۲۸ ، هەمان سەرچاوە ...

★ چکە لە ... هەژاری موکریانی
گردانی بەرەنج و فیداکاریە و
خوبەخت کردنی گەلا تالی ، دەوری
قارە مانانەی کومەلانی خەلك و لەخو
بوردن و قوربانی دانی سەدان
پیشمەرگەی گوستاوی پیادەی جوتیار
و کریکار و رەوشەن بیری شورش
گیر ... لیرەوە ، دەوری
یادی پیشرەو ... بەسری لە
... تیکەبان لی یە ،
هەموزی ... سەروکی بالا
و پیشەوای گەورە .
کاوەی ... بارزانی
کاوەی پیشرەو بە قوربانی
... سەردارمینان بارزانی یە
ترسیک لە ... نی یە .

وا بووت نیزلە کردین بەجار
دەستم دامینت هەزار جار
هەورازیکمان لە بەرە ماوە
ئەو دیو خوشی و ناوونساوە
پیشمان کەوە لە و ریبازەش
وە سیەرمانخە ئەو هەورازەش
هەمو کورد چاوی لە تویە
هەر توی هەمی سەربەخویە
دەرمان بینە ئەنیە هەژاری
بمانخە سەر ریی رزگاری
لە هەلبەستی ( کاوەی سەردەی ،
کوریستچق ، ۱۹۶۳ ) ل — ۸٦ ، ۸۷ —
هەمان سەرچاوە
لە کوردستان تومان هەبی بەسمان
بو پیشەوە پیشمان کەوە بارزانی
لە دوا ئەوەین بابا و برای کەسمانی
بو پیشەوە پیشمان کەوە بارزانی
لە هەلبەستی ( پیشەوە بارزانی ،
کوریستچق ، ۱۹٦٣ ل — ۸۸ هەمان
سەرچاوە

— ماوێتی —

تاغ جیکەم کەردون ئەوەسە
کوردستان ئەمرو بی کەسە
بەجیری دەستی تورکانیە
داگیرکەری ئیرانیە
یان پابەی مار میلکە خەبوو
تی دەرو هاتوون دەبیەن بە زوو
کول ؤ دەل و ... و چەقبل
دەکەون لە جیی فیل و کیل
... و ... و ...
لانیان کرد لە بورجی ...
شیم شفیم و مشیکە تویون
بە قەلای بەرباد ... بوون
لە جیی ... شەقلاوە
وشتری کەر ... بووە !!
دەل ... تەختیت وەرگەری
تالی لە بە ... هەلکەری
تورکی ... ، تریاکی ایران
خونکاری لە بەر ... ان !!
لە هەلبەستی (من و بولبول
، سوریا ، ۱۹٥٧ ) ل — ۳۰ ،
دیوانی بو کوردستان ،
چاپخانەی ... ، بیروت ،
۱۹٦٦
— ... —

## اعـــلان

توجد مزايدة علنيـــة للايجارات التالية وفق الشروط الخاصة بايجار والتزام املاك البلديات .

على الراغبين مراجعـــة رئاسة بلدية السليمانية خلال مدة اقصاهـا ٢٧—٤—١٩٦٩ لقبول ضمانهم مستصحبين معهم التأمينات القانونيـــة وستحال بعهدة راغبيها لـدى مجلس ادارة اللواء السـاعة ١١ زوالية من يوم الاثنيـن الموافق ٢٨—٤—١٩٦٩ .

العقيـد
كريـم قـرني
متصرف لواء السليمانية

| نوع الملك | الموقع |
| --- | --- |
| ١ فضلة مياه البـدة القديمة | |
| ٢ — فضلة مياه كانيسكان | |
| ٣ — دكان رقم ٦ | خلف البلدية القديمة |
| ٤ — دكان رقم ٨ | من دكاكين البلدية القديمة |
| ٥ — دكان رقم ٣ | عرصة سينما كويزة |
| ٦ — دكان رقم ٤ | شارع مولوي |

# تۆمار

[illegible]

[illegible]

م . تودی [illegible]
روژی کوردستان

ژماره ( ۹ ) روژی چوارشنبه ۱۷ کانونی دوهم ۱۳۴۸

## شفقت ملت نوازانه

له طرف هیئت محترمه‌ی رؤسای کوردستانه‌وه لو مقداره معاشه که‌بو حضرت شوکت مآب ملك کوردستان قرار درا بو و عرض حضور مبارك کرا لبر منافع عمومیه ولبرا اوه که خزینه‌ی ملت امرو سیاسته‌ی معاونت و هفته ده هزار روپیه لـــه طرف حضرت جلالت ملك کوردستانه‌وه بو خزینه‌ی مبارکه‌ی ملت اعاده وتبرع کرایه‌وه . و فرموشیانه همو وختی له املاك وثروتی خصوصی ملوکانه‌ش معاونت لازمه خزینه‌ی ملت اکری .

روژ کوردستان بنام هموم ملته‌وه عرض شکران ام شفقات و توجهانه اکات . هربژی ملك کوردستان بوخوی وشفقت ملت نوازی هر بمینی ملك محفوظ اول .

روژ کوردستان

## ( تشریف )

بیکباشی جناب صالح زکی بك که یکیکه له اذکیاو وطن پروران کورد. اویش له عقره قائمقام ملکی بوه محضا بو خدمت وطن و ملت استعفای کردوه‌و هفته‌یك له مه‌ویش تشریفی هیناوه‌ته سلیمانی بخیر هاتنـــی ده‌کـیـن .

رزگاری

مجلة اسبوعية عامة ـ سليمانية



* رزگاری بلاو کەرەوەی بیروباوەری جەنگاوەرانەی بزوتنەوەی کوردایەتی یە لە پیناوی نەهیشتنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی دا .

* رزگاری گوفاری کریکاران و جوتیاران و رەوشەن بیرانی شورش گیرە .

* رزگاری هەلگری مەشخەلی بیرو باوەری سوشیالیستی یە .

* رزگاری گوفاری تیکوشەرانی ریگەی رزگاری ودیموکراسی وسوشیالیزمە .

لە چاپخانەی ( دار الجاحظ )
ـ بەغدا چاپ کنراوە